ڕەواندنەوەی ئاشوبی

لەفظییەکان

له نووسینی

ابو یحیی

٢٠٢٥ز١٤٤٧هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە ئاسمانەکان و زەوی و تاریکی و ڕووناکی بەدیهێناوە، کەچی پاش ئەوەش، زۆرینەی بەنی ئادەم و جنۆکەکان بێباوەڕبوون و هاوتا و شەریکیان بۆ پەروەردگار دانا.

هەروەها سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە شوکرانەی هیچ کام لە ناز و نیعمەتەکانی بەجێ ناهێنرێت، مەگەر بە نیعمەتێکی تری هەر لە خودی ئەووەوە نەبێت، کە بەهۆیەوە ئەنجامدانی شوکرانە بۆ نیعمەتێکی پێشوو، خۆی دەبێتە نیعمەتێکی نوێ و پێویست دەکات دووبارە شوکرانەی بۆ بکرێتەوە.

هیچ وەسفکار و زمانپاراوێک ناگاتە قووڵایی و حەقیقەتی شکۆمەندییەکەی، ئەو زاتەی کە هەر وەک خۆی وەسفی خۆی کردووە و لە سەرووی هەر وەسفێکەوەیە کە دروستکراوەکانی بۆی دەکەن.

ستایشی دەکەم، ستایشێک کە شایستەی بەخشندەیی زاتی و شکۆ و بەرزیی گەورەییەکەی بێت.

داوای یارمەتی لێ دەکەم، وەک داواکردنی بەندەیەک کە هیچ هێز و توانایەکی نییە مەگەر بە پشتیوانی ئەو نەبێت.
داوای ڕێنمایی دەکەم بەو هیدایەت و ڕێنماییەی کە هەرکەسێک پێی ببەخشرێت هەرگیز گومڕا نابێت.
داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەم بۆ گوناهی پێشینم و پاشینەکانم؛ داواکردنێک وەک هی ئەو کەسەی دان بە بەندایەتی خۆیدا دەنێت و دڵنیایە کە جگە لە ئەو، کەس لە گوناهەکانی خۆش نابێت و لێی ڕزگاری ناکات.
شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک بە هەق شایستەی پەرستن نییە جگە لە "**اللَّه**"ی تاک و تەنها و هیچ هاوبەش و هاوەڵێکی نییە، و شایەتیش دەدەم کە محمد ﷺ بەندە و نێردراوی ئەوە. درود و سڵاوی خودا لەسەر خۆی و خانەوادە پاکەکانی بێت.

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

پاشان: بزانە باشترین فەرموودە؛ فەرموودەی **اللَّه** عزَّ وجلَّ ـە، وە باشترین هیدایەت ڕێگای محمدە صلَّى الله عليه وسلم، و خراپترین کارەکان داهێنراوەکانە، وە هەموو داهێنراوێك گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەك لە ئاگردایە.

وە چاك بزانە الله تعالی هیدایەتت بدات، دین بریتییە لە ئایەت و حەدیثی صەحیحی وەرگیراو و ئاثاری سەلەف رحمهم الله.
وە دین بریتیی نییە لە رأي (بۆچوون)، بەڕاستی بۆچوونی خەڵکی لە دیندا بە خراپ و پوچگەرا دانراوە.

محمدی کوڕی سیرین فەرموویەتی: *پیاو تا لەگەڵ ئەثەر بێت ئەوە لەسەر ڕێگای ڕاستە.*

●**حَدَّثَنَا** جَعْفَرٌ الْقَافْلَائِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا الصَّاغَانِيُّ، قَالَ: حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ بْنُ عِيسَى، قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي عَدِيٍّ، عَنِ ابْنِ عَوْنٍ، عَنِ ابْنِ سِيرِينَ، قَالَ: الرَّجُلُ مَا كَانَ مَعَ الْأَثَرِ فَهُوَ عَلَى الطَّرِيقِ.
-كتَاب الْإِبانَة الكبرى

ئیمامی ابن ابي حاتم دەفەرمووێت: *گوێم لە باوکم و ابو زورعە بوو فەرمانیان دەکرد بە دوور کەوتنەوە لە ئەهلی زەیغ و بیدعە، وە بۆچوونیان زۆر توند بووە لەسەریان، وە نکۆڵییان لە دانانی کتێب دەکرد بە بۆچوونی خەڵکی بێ ئاثار، وە ڕێگرییان دەکرد لە دانیشتن لەگەڵ ئەهلی کەلام و سەیرکردنی کتێبی موتەکەلیمین، وە دەیان فەرموو: ئەهلی کەلام هەرگیز سەرفراز نابێت.*

●**حدثنا** أبو محمد قال: وسمعت أبي وأبا زرعة يأمران بهجران أهل الزيغ والبدع، ويغلظان رأيهما أشد تغليظ، وينكران وضع الكتب بالرأي بغير آثار، وينهيان عن مجالسة أهل الكلام، وعن النظر في كتب المتكلمين، ويقولان: لا يُفلح صاحب كلام أبدًا.
-شرح اصول اعتقاد اللالكائي

ئیمامی ابن بطه رحمه الله له إبانة الصغری حەدیثێکی صەحیح نقڵ دەکات لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ کە فەرموویەتی: لە دوای من فیتنەیەک سەر هەڵدەدات پیاو تیایدا بەیانی دەکاتەوە ئیمان دارە، ئێوارەی بەسەر دادێت کافر دەبێت، وە ئێوارە دەکاتەوە ئیماندارە، بەیانی بەسەر دادێت کافر دەبێت، ئیللا کەسێک کە الله لەسەر علم بیژیێنێت.

● **قال** رسول الله ﷺ: يكونُ بَعدِي فِتنةٌ يُصبحُ الرَّجلُ فيها مُؤمِنًا، ويُمسي كافرًا، ويُمسي مُؤمنًا ويُصبحُ كَافِرًا؛ إِلَّا مَن أحياهُ اللهُ بالعلم.

-الإبانة الصغرى (١٩)

بۆیە ئینسانی موسڵمان و طالب علم دەبێت زۆر ئاگاداربێت لە سەردەمێك دەژی،کەوا سەردەمی فیتنەی دین و دونیایە، دەبێت هەمیشە چاوی لە بەزەیی و منەتی الله بێت کەوا بیپارێزێت لە فیتنەکان، لە دین و دونیادا سەلامەتی بکات.

وە دەبێت داوای تەوفیق لە الله تعالی بکات کەوا زانستێکی بەسوودی پێبدات کەوا کاری پێبکات و لە ڕۆژگاری پڕ فیتنەدا ڕزگاری بێت.

جا ئەوەی گرنگە باسی بکەین لەم نامیلکەیەدا کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەواندنەوەی ئاشوبی لەفظییەکان) باس لە بیروباوەڕی سەلەف دەکەین لە بابەتی لەفظ و کردەوەی بەندەکان (افعال العباد) کەوا لەم نامیلکەیەدا لەسەر یەك ئەصڵ دەڕۆین ئەویش بریتییە لەوەی تەنها بەڵگەی: صەحیح و مەشهور و موعتەبەڕ و موحکەم دەهێنین بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان.

واز لە بەڵگەی مونکەڕ و لاواز و متشابهـ و غەریب دەهێنین.

ئیستیدلال کردن بە بەڵگەی موتەشابیهـ و مونکەڕ و ضەعیف پیشەی کەسانێکە کەوا زەیغ لە دڵیانە و هەوڵی دروستکردنی فیتنە و دووبەرەکیین.

وەك الله تعالی باسی ئەو نمونە خراپەی ئەو کەسانەی کردووە کە دەفەرموویێت: «هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ ۖ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ»

-آل عمران:٧

واتا: هەر ئەو خودایە ئەم کتێبەی دابەزاندە سەرت، و هەندێک ئایەت مانا و مەبەستەکانیان موحکەم و ڕۆشنن، وە ئەوی تریشی (موتەشابیهـ) و لێکچوون، واتا: بێژە و وشەکانی مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن و، بۆ هەموو کەسێکیش ڕۆشن نین، ئینجا ئەوانەی لە دڵیاندا لادان و چەوتی هەیە، هەمیشە ئامادەن بۆ فیتنە نانەوە، هەر لە (موتەشابیهـ)ـەکان دەگەڕێن و هەر لەوان پەیڕەوی دەکەن و، بە ئارەزووی خۆیان تەفسیریان بۆ دەکەن، بە مەبەستی گێرە شێوێنی و لادانی خەڵکی لە ڕێگای ڕاست و خوڵقاندنی گومان بۆیان، وە یاخود هەرچۆنێک دڵیان حەز بکات، مانایان بکەنەوە و، تەفسیر و لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ هەڵبەستن.

جـا ئەمە ئەصڵێکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان بە تێگەشتنێکی دروست بۆ بابەتەکان، وە إن شاء الله چـەن نمونەیەك لـە گومانەکانیان دەهێنینەوە بۆ خوێنەری ئازیز یەکلایی دەبێتەوە مەبەست لـەم ئەصڵـە چیـە.

ئێمە حەزمان نەکرد لـەم بابەتە قسە بکەین و نامیلکە بڵاوبکەینەوە لە ترسی ئەوەی فیتنەکە لە ناو خەڵکی بەربڵاوتر نەبێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەبینین فیتنەکە بەربڵاو بووە و دەبێت ئێمەش بەرگری بکەین لە حەق بە هەر ڕێگایەک بێت بۆ ئەوەی خەڵکی چیتر تووشی فیتنە نەبێت.

دەمانەوێت بابەتی لەفظ یەکلایی ببێتەوە لەلای خەڵک وە بیروباوەڕی خەڵکی وەك سەلەف بێت لەم بابەتە و فریو نەخۆن.

بۆیە سەرەتا چەن ئەصڵێك هەیە دەبێت حەق خواز شارەزایی لەم ئەصڵانە هەبێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بابەتەکان إِنْ شَاءَ اللّٰه دێینە سەری لە پەڕەکانی داهاتوودا.

١. ئەصڵی یەکەم

«دین بریتییە لـە ئاثار لە زانایانی پێشینمان لە هاوەڵانی رسول اللەوە ﷺ وە لە تابیعین وە لە دوای ئەوان لـە زانا ناسراوەکان کە ئەهلی سوننە و ئەثەرن و ئیقتیدایان پێکراوە»

ئیمامی ئەحمەد دەفەرموویێت: بنچینەی سوونەت بریتییە لە دەستگرتن بەوەی هـاوەڵانی رسول اللە ﷺ لەسەری بوون، وە ئیقتیدا کردن پێیان.

●قال الإمام احمد: أصُول السّنة عندنَا التَّمَسُّك بِمَا كَانَ عَلَيْهِ أَصْحَاب رَسُول الله صلى الله عَلَيْهِ وَسلم والاقتداء بهم.
-أصول السنة (١)

ئیمامی بەربەهاری رحمه الله دەفەرموویێت: سەیرکە الله ڕەحمت پێ بکات لە هەموو ئەو قسانەی خەڵکی سەردەمی خۆت، کە دەیبیستی پەلەی تێدا مەکە، مەچۆ ناو هیچیان تا دەپرسیت و سەیر دەکەیت؛ ئایە هاوەڵانی رسول اللە ﷺ ئەم قسەیان کردووە؟
یاخود هیچ یەکێك لە زانایان کردوویانە؟
جا گەر ئەثەرت لەوان بە دەست کەوت؛ دەستی پێوە بگرە، وە لێی لامەدە بۆ شتی تر، وە شتی تری بەسەر هەڵمەبژێرە؛ سەرئەنجام بکەویتە ئاگرەوە.

● **قال** الإمام البربهاري: فانظر رحمك الله كل من سمعت كلامه من أهل زمانك خاصة فلا تعجلن، ولا تدخلن في شيء منه حتى تسأل وتنظر هل تكلم به أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم أو أحد من العلماء؟ فإن وجدت فيه أثرا عنهم فتمسك به، ولا تجاوزه لشيء، ولا تختر عليه شيئا فتسقط في النار.

-شرح السنة للبربهاري

بۆیـە ئەمە ئەصڵێکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان بەتایبەت لـەم نامیلکەیە کـە بابەتی لەفظە.

بە لـەفظیەکان دەوترێت: ئایا رسول الله ﷺ ئەم وردەکارییە و قوڵبوونەوە و تەفسیڵەی داوە؟

گەر دەڵێیت: داویەتی؛ کوا حەدیثی صەحیح لە رسول اللەوە بێنە بە سەنەدی صەحیح لێیەوە کە ئەم قسەیەی کردبێت.

گەر دەڵێیت: ئـەم تەفصیڵەی نەداوە؛ کەواتە مولزەمیت و ناچاریت بڵێیت: رسول الله ﷺ خیانەتی لـەم دینە کردووە، ئەم بابەتەی پێمان نەگەیاندووە، لیمانی شاردووەتەوە؛ ئەمەش کوفرێکی ڕوونە.
وە ئایا هیچ یەکێك لە هاوەڵانی رسول الله ﷺ ئەم تەفصیلەیان داوە؟

گەر دەڵێیت: داویانە؛ ئەثەری صەحیح لە یەکێك لە هاوەڵانی رسول الله بێنە!

گەر دەڵێیت: نەیان داوە؛ دیارە تۆ خۆت پێ لەوان زۆر شارەزاتر و زاناتر و لە خوداترس تر دەزانیت، بۆیە پێشیان دەکەویت و قسەی تیا دەکەیت، وە بانگەشەی ئەوە دەکەیت؛ ئەوان شتێکیان لە دین نەگەیاندووە پێمان و خیانەتیان کردووە.

وە ئایا هیچ یەکێك لە زانایانی سەلەف کە ناسراون بەوەی ئەهلی سوننەن ئیقتیدایان پێ دەکرێت، وەك (ئیمامی احمد رحمە الله، ئیمامی شافعی، ئیمامی مالك، ئیمامی ابو زورعە، ئیمامی ابو حاتم، ئیمامی اسحاق)، غەیری ئەو ئیمامە بەڕێزانەش؛ ئایا وتویانە لەفظمان بە قورئان مەخلوقە؟ وە ئەو تەفسیلەیان داوە؟

گەر داویانە فەرموو بەڵگە لە ئیجماع (کۆدەنگی) و ئەثەری صەحیحی مەشهوری موعەتبەر بهێنە.

گەر نەیان داوە کەواتە بۆ قسەی تیا دەکەیت و پێشیان دەکەویت؟
پێت وایە ئەوان خیانەتیان کردووە؟
خۆتان لەوان زۆر بە شارەزاتر دەزانن؟

بەڵکو ئیجماعی (کۆدەنگی) ئەم زانایانە لەسەر ئەوەیە لە بابەتی لەفظ قسە ناکرێت.

- نە دەوترێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە.*
- نە دەوترێت: *لەفظم بە قورئان غیر مەخلوقە.*

ئیمامی حەربی کرمانی ئیجماعی (کۆدەنگی) زانایانی ئێراق و حیجاز و شام نەقڵ دەکات.

وە دەفەرموویێت: *ئەمە عەقیدەی ئیمامی احمد و إسحاقە* وە ناوی چەندین زانای گەورەی ئەهلی سوننە دێنێت.

دەفەرموویێت: *هەر کەسێك بڵێت: ئەلفاظمان و تیلاوەمان بە قورئان مەخلوقە، وە قورئان کەلامی اللەیە؛ ئەم کەسە جەهمییەکی پیسی موبتەدیعە.*

●**قال**: ومن زعم أن ألفاظنا بالقرآن وتلاوتنا له مخلوقة والقرآن كلام الله فهو جهمي خبيث مبتدع.
-كتاب السنة للحرب الكرماني

ئەمە ئیجماعی (کۆدەنگی) سەلەفە لەم بابەتە کە بڵێیت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە*؛ کوفرە.
بۆ جوابی ئیجماع (کۆدەنگی) دەدەنەوە بە قسە و بۆچوونی عەقڵی خۆتان؟

بۆیە ئەمە ئەصڵێکی گرنگە هەموو موسڵمانێك دەبێت بیزانێت بۆ یەکلایی کردنەوەی بابەتەکان، و قسەی کەس وەرمەگرە لە دین تا دڵنیا دەبیتەوە لەوەی؛ رسول الله ﷺ یاخود هاوەڵانی بەڕێز ئەم قسەیان کردووە، یاخود لە زانایانی سەلەف لە ئەهلی سوننە کەسیان ئەم قسەیان کردووە.

جا ئەگەر ئەثەری صەحیحی مەشهوری موعتەبەڕ هەبوو دەستی پێوە بگرە، وە بە قسەی کەس لێی لا مەدە نەوەك سەرئەنجام توشی کوفر ببیت و بکەویتە ناو ئاگرەوە.

وەك لەفظییەکان لە ئیجماع (کۆدەنگی) لایان داوە وە خیلاف لەم بابەتە بە ئیجماع (کۆدەنگی) بە کوفر دانراوە.

٢.ئەصڵی دووەم

«بێدەنگ بوون و قسە نەکردن لەو بابەتانەی سەلەف قسەیان تیادا نەکردووە»

یەکێکی تر لە ئەصڵە گرنگەکان بریتییە لە: قسە نەکردن و بێدەنگ بوون لەو بابەتانەی کە سەلەف قسەیان تێدا نەکردووە و بێدەنگ بوون تیایدا.

یاخود لە بابەتێك قسە نەکەیت کە ئیمامت نییە لە سەلەف کە ئەو قسەیەی کردبێت.

أبو إسحاق دەفەرمووێت: *پرسیارم لە الأوزاعی کرد، ئەویش فەرمووی: سەبر بگرە لەسەر پابەندبوون بە سوننەتەوە، بوەستە لەو شوێنەی خەڵك وەستاون (سەلەف)، ئەوە بڵێ کە گوتوویانە، خۆت بەدوور بگرە لەوەی کە خۆیان لێی دوور خستووەتەوە، وە ڕێبازی پێشینە چاکەکانت بگرە، چونکە ئەوەی بەس بوو بۆ ئەوان بەسە بۆت.*

● **قال** ابو اسحاق: سألت الأوزاعي فقال: اصبر نفسك على السنة، وقف حيث وقف القوم، وقل بما قالوا، وكف عما كفوا، واسلك سبيل سلفك الصالح، فإنه يسعك ما وسعهم.

-شرح اصول اعتقاد اللالكائي

وە هەروەها بابەتی لـەفظ بە وتنی: (مەخلوق و غیر مەخلوق)یەکێکە لەو باسانەی ئەصڵ تیایدا بیدعەیە و سەلەف نەیان وتووە.

ئیمامی الذهلی رحمه الله دەفەرموویێت: *ئەوەی قسە لە لەفظ بکات بیدعەی کردووە، چونکە شتێکی داهێناوە کە سەلەف قسەیان تیایدا نەکردوە.*

●**قال** رحمه الله: ومن تكلم في اللفظ فقد بدع، لأنه اخترع شيئا لم يتكلم فيه السلف

-اعتقاد ابي عبدالله الذهلي (٨)

بۆیـە دەبێت لـە یەکلاکردنەوەی بابەتەکان؛ قسەیەك وەربگریت کە سەلەف ئەو قسەیەیان کردبێت، یان ئیجماع (کۆدەنگی) بێت لە سەلەفەوە، یاخود بە قەولی مەشهور و موحکەم و صەحیح بێت لێیان، بۆ ئەوەی سەرەنجام تووشی بیدعە و لادان نەبیت لـە سوننەت توشی کوفر و گومڕایی نەبیت.

٣.ئەصڵی سێیەم

«دوو ئەصڵی جیا قیاس ناکرێنە سەر یەکتر»

ئیمامی شافعی رحمه الله دەفەرموویێت: *ئەصڵ لەسەر ئەصڵی تر قیاس ناکرێت، وە قیاس ناکرێتە سەر خاص.*

أَنَا أَبُو مُحَمَّد، ثَنا يُونُسُ بْنُ عَبْدِ الأَعْلَى نَفْسُهُ، قَالَ: سَمِعْتُ الشَّافِعِيَّ يَقُولُ: (لا يُقَاسُ أَصْلٌ عَلَى أَصْلٍ، وَلا يُقَاسُ عَلَى خَاصٍّ)
-كتاب آداب الشافعي ومناقبه

بۆیە ئەمەش ئەصڵێکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان نابێت ئەصڵ لەسەر ئەصڵی تر دابنرێت؛ چونکە دوایی نەتیجەکەی هەمووی هەڵە دەردەچێت.

ڕەبیعی کوڕی سولەیمانی المورادي فەرموویەتی: *گوێم لە شافعی بوو دەیفەرموو: ابو حەنیفە یەکەم بابەت بە هەڵە دادەنێت، پاشان هەموو کتابەکەی لەسەری قیاس دەکات.*

ئیمامی شافعی فەرموویەتی: *سەیری کتێبی هاوەڵانی ابو حەنیفەم کرد، کە ١٣٠ لاپەڕە بوو، ٨٠ لاپەڕەم لێی ژمارد؛ کە خیلافی کتاب و سوننەت بوو.*

ئیمامی ابن ابي حاتم دەفەرموویێت: هۆکارەکەی ئەوە بوو کە *ئەصڵەکەی هەڵە بوو، بۆیـەش فەرعەکانی لەسەر هەڵە ڕۆشتن.*

أنا عَبْدُ الرَّحْمَنِ، ثنا الرَّبِيعُ بْنُ سُلَيْمَانَ الْمُرَادِيُّ، قَالَ: سَمِعْتُ الشَّافِعِيَّ يَقُولُ: «أَبُو حَنِيفَةَ يَضَعُ أَوَّلَ الْمَسْأَلَةِ خَطَأً، ثُمَّ يَقِيسُ الْكِتَابَ كُلَّهُ عَلَيْهَا»

●**أَخْبَرَنَا** عَبْدُ الرَّحْمَنِ، قَالَ: ثَنا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الْحَكَمِ، قَالَ: قَالَ لِي مُحَمَّدُ بْنُ إِدْرِيسَ الشَّافِعِيُّ: نَظَرْتُ فِي كُتُبٍ لأَصْحَابِ أَبِي حَنِيفَةَ، فَإِذَا فِيهَا مِائَةٌ وَثَلاثُونَ وَرَقَةً، فَعَدَدْتُ مِنْهَا ثَمَانِينَ وَرَقَةً، خِلافَ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ».

●**قَالَ** أَبُو مُحَمَّدٍ: لأَنَّ الأَصْلَ كَانَ خَطَأً، فَصَارَتِ الْفُرُوعُ مَاضِيَةً عَلَى الْخَطَأِ

-كتاب آداب الشافعي ومناقبه لإبن ابي حاتم

لـەوانەیە خوێنەر پرسیار بکات بڵێت: باشە ئەمە چ پەیوەندی بەو باسەوەیە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بۆ تێگەشتن لە بابەتەکان و حوکمی ڕاستی و دروستت بۆ دەرچێت دەبێت ئەصڵ لەگەڵ ئەصڵی تر تێکەڵ نەکرێت و قیاس نەکرێتە سەر یەك دواتر نتیجەکەی فاسد دەبێت.

جا ئـەم لەفظیانە هاتوون دوو ئەصڵی جیایان تێکەڵ کردووە کە بریتییە لە:

1. بابەتی لەفظ بە قوڕئان.
2. بابەتی أفعال العباد (کردەوەی بەندە).

ئەم دوو بابەتە دوو ئەصڵی جیان و نابێت قیاس بکرێنە سەر یـەك، جا لەفظییەکان ئـەم دوو ئەصڵەیان تێکەڵ کردووە ئەنجامەکەی بریتییە لەوەی؛ توشی کوفر بوون و دەڵێن: *لەفظمان بە قوڕئان مەخلوقە.*

ئەم ئەنجامە بە ئیجماعی (کۆدەنگی) سەلەف؛ کوفرە.
بە ئیجماع (کۆدەنگی) نە دەوترێت: *لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە.*
وە نە دەوترێت: *لەفظم بە قوڕئان غیر مەخلوقە.*

جا ئـەم لەفظییانە ئەم دوو ئەصڵەیان تێکەڵ کردووە قیاسیان کردۆتە سەر یـەکتر و بەو قیاسە ئیجماع ڕەت دەکەنەوە.

بۆیە ئەمەش ئەصڵێکی ترە کە دەبێت بیزانیت بۆ یەکلا کردنەوەی بابەتەکان.

پوختەی ئەم سێ ئەصڵە

ئەم سێ ئەصڵەی خستمانە ڕوو بۆ ئەوەیە؛ بابەتەکان وەك سەلەف تێبگەیت و وەك سەلەف بڕوات پێبێت و کاری پێ بکەیت، جا بابەتی لەفظ بە قورئان إِنْ شَاءَ اللّٰه بەم سێ ئەصڵە یەکلایی دەکەینەوە.

بیروباوەڕی سەلەف دەخەینە ڕوو، کە گومانەکان لەسەر ئەم بابەتە دەڕەوێنینەوە و هەڵیاندەوەشێنینەوە إن شاء الله لەم سێ ئەصڵە لانادەین.

بە بەڵگەی ئیجماع (کۆدەنگی) و ئەثەری صەحیحی مەشهوری و موعتەبەڕ یەکلایی دەکەینەوە بۆ خوێنەری حەق خواز.

نەوەك وەك لەفظییەکان لە بەڵگەی ئیجماع و ئەثەری صەحیح و مەشهور و موعتەبەڕ لایانداوە و دەستیان داوەتە کۆمەڵە گومانێك: بەڵگەکانیان گشتی پێچەوانەی ئیجماعە (کۆدەنگی)یە، وە بەڵگەکانیان لاواز و ضەعیفە، وە مونکەڕە، وە موعتەبەڕ نییە؛ دژی بەڵگەی صەحیح و موعتەبەڕ و مەشهورە لە سەلەفەوە.

إن شاء الله لە بابەتەکانی دواتر ئاماژەی پێ ئەکەین.

٤.ئەصڵێکی دیکە

«هەر کەسێک لە هەر بابەتێك قسە بکات کە پەیوەندی بە قورئان بێت؛ باسی مەخلوقیەت بکات؛ ئەوە جەهمییە»

جا گەر مەبەستی قورئان بێت، یاخود مەبەستی لەفظ بێت؛ یەک حوکمی هەیە و سەلەف جیاوازییان نەکردووە.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویت: *گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەی مەبەستی مەخلوق بێت: ئەوە جەهمییە.*

●**سمعت** أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله (١٦٧)

جا ئیمامی عبدالله ئەم ئەثەرەی لە بەشی حوکمی ئەو کەسانە هێناوە کە دەڵێن: *لەفظمان بە قورئان مەخلوقە.*

ئیمامی احمد فەرمووی: *هەر کەسێك قسە لە بارەی قورئانەوە بکات، لە هەر لایەنێك بێت مەبەستی مەخلوق بێت ئەوە جەهمییە.*

وەك جیهـەت و لایەنی لەفظ و تیلاوە لە کاتی خوێندنەوەی قورئان، یاخود موصحەف، یاخود نووسراوی قورئان، ئەوەی لەو کاتەدا قسەی لـەسەر بکات باسی مـەخلوقیەتی بکات ئەوە: جەهمییە.

بۆیـە بزانـە وفقك الله ئەوە ئەصڵێکی گرنگە لـەو بابەتە، دەستی پێوە بگرە.

جا سەیرکە لەفظییەکان هەموو قسەکانیان لە دەوری قورئان دەخولێتەوە.

لـە باسی أفعال العباد کە دەڵێن: *أفعال العباد مەخلوقە.*

ئـەمە قسەیەکی حـەقە، بەڵام مەبەستی پشتی باطڵە؛ چونکە دەڵێن: *لەفظمان لە أفعالمانە (کردەوەمانە) ئەلفاظمان مەخلوقە؛ بۆیە لەفظمان بە قورئـان مـەخـلوقە.*

بۆیە دەبینیت بازنەیەکیان هەیە کە لە دەوری ئەخولێنەوە لـە بابی مەخلوقیەتی لەفظ و مەخلوقیەتی حیبر و کاغەز لە دەوری قورئاندا دەسوڕێنەوە حوکمی مەخلوقیەتی بەسەردا دەدەن، کە سەلەف قسەیان تیایدا نەکردووە و ڕێگریان کردووە لـە قسەکردن تیایدا حـوکمی بیدعە و کوفریان بەسەر ئەو کەسانەدا داوە؛ کە ئەم قسانەیان کردوە.

بۆیە ئەمە ئەصڵێکی گرنگە کە ئیمامی احمد رحمە اللە باسی کردوە، و دەستی پێوە بگرە لێی لامەدە هەرکەس باسی مەخلوقیەتی کرد لە بابەتێک کە پەیوەست بوو بە قورئان ئەوە جەهمییە.

٥.بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و کۆدەنگی زانایانی سەلەف لـە بارەی قورئان و لـەفظ

ئیمامی حەربی کوڕی ئیسماعیلی کرمانی ئیجماعی (کۆدەنگی) تەواوی زانایانی سەلەف نەقڵ دەکات کە دەفەرموویت: قـورئان *وتەی اللەیە، قسەی پێ کردووە، دروستکراو نییە، هەر کەسێك بڵێت: قورئان دروستکراوە، ئـەوە جـەهمییەکی کافرە.*

وە ئەوەی *بڵێت: قورئان وتەی اللەیە بوەستێت و نەڵێت: دروستکراو نییە، ئەوا لەوەی یـەکەمیان کافرترە، وە وتەکەی پیس ترە.*

وە ئەوەی بڵێت: ئەلفاظمان (ألفاظنا) بە قورئان، وە خوێندنەوەمان (تلاوتنا) پێی دروستکراوە، وە قورئان ووتەی اللەیە؛ ئەوە کەسێکی جەهمیی پیس و موبتەدیعە.

وە ئەوەی تـەکفیری ئەم خەڵکانە نەکات، وە تەکفیری جەهـمییەکان گشتیان نەکات، ئـەوە وەك ئەوانە.

٦٦ ـ والقرآن كلام الله تكلم به، ليس بمخلوق، فمن زعم أن القرآن مخلوق؛ فهو جهمي كافر.

٦٧ ـ ومن زعم أن القرآن كلام الله ووقف ولم يقل: ليس بمخلوق فهو أكفر من الأول، وأخبث قولا.
٦٨ ـ ومن زعم أن ألفاظنا بالقرآن وتلاوتنا له مخلوقة، والقرآن كلام الله؛ فهو جهمي حيث مُبتدع

٦٩ ـ ومن لم يُكفر هؤلاء القوم، والجهمية كلهم؛ فهو مثلهم
-كتاب السنة لحرب الكرماني(٦٦)(٦٧)(٦٨)(٦٩)

ئـەمە کۆدەنگی تەواوی زانایانی سەلەفە ڕەحمەتی الله یان لێبێت؛ ئەوەی بڵێت: *قوڕئان مەخلوقە؛* جەهمییە.

وە ئەوەی بڵێت: *قوڕئان کەلامی اللەیە،* بەڵام بوەستێت و نەڵێت *غیر مەخلوقە؛* جـەهمییە.

وە ئـەوەی بڵێت: *قوڕئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە؛* بەڵام *ئەلفاظمان و تیلاوەمان بە قوڕئان مەخلوقە* ئەویش جەهمییە.

بۆیە کەسی لەفظی دژی کۆدەنگی زانایانی سەلەفمان وەستاوەتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەلەف لەسەر گومرایی کۆبوونەتەوە کە نەیان وتووە لـەفظمان بە قوڕئان مەخلوقە؛ بەڵکوو وتویانە: ئەوەی بڵێت لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە جەهمییە.

بزانە وفقك الله ئەمە ئیجماعی (کۆدەنگی) زانایانی سەلەفە، وە بە ئاثاری موعتەبەڕ و مەشهور و موحکەم لە تەواوی زانایانی سەلەفمان هاتووە کەوا هەر کەسێك بڵێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە؛ کەسێکی جەهمیی و موبتەدیعە.*

٦.لەفظییەکان کێن؟

ئیمامی حەربی کرمانی بە ڕەحمەت بێت دەفەرمووێت: *(لەفظیەکان): ئەو کەسانەن کە دەڵێن: ئێمە دەڵێین: قورئان کەلامی اللەیە، بەڵام وشە و خوێندنەوەمان و خوێندنەوەی ئێمە بە قورئان مەخلوقە، وە ئەمانە جەهمیی و فاسقن.*

قال:(واللفظية): وهم الذين يزعمون أنا نقول: إن القرآن كلام الله، ولكن ألفاظنا بالقرآن وتلاوتنا وقراءتنا له مخلوقة.
وهم جهمية فساق.
-كتاب السنة لحرب الكرماني(٩٨)

یاخود هەیە دەڵێت: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، بەڵام خوێندنەوەمان لە کردەوەمانە بۆیە لەفظمان بە قورئان مەخلوقە، وە مەبەستمان لە قورئان نییە مەبەست لە لەفظمانە.

کە ئەمەش وتەی بەشێك لە لەفظییەکانی کۆن بوو وە گشت لەفظییەکانی ئێستا لەسەر ئەم وتە و قیاسە پوچەن، إِنْ شَاءَ اللّٰه هەڵوەشاندنەوەی ئەم وتە پوچە لە بەشەکانی داهاتوو دەبینیت.

٧.ئیثبات کردنی جیهەت بۆ قوڕئان

حنبل بن إسحاق فەرموویەتی: گوێم لە باوکی عبدالله بوو دەیفەرموو: قوڕئان کەلامی اللهیە، مەخلوق نییە بە هەموو ڕوویەکەوە (بكل جهة)، وە لە هەموو حاڵەتێکدا، وە هیچ شتێك لە اللهوە مەخلوق نییە، وە هیچ ناکۆکی و قسەیەك لەم بارەوە ناکرێت هیچ گفتوگۆ و ناکۆکی لەسەر نابینم.

٢٣٢٢ ـ حدثنا أبو حفص عمر بن محمد، قال حدثنا أبو عمران موسى بن حمدون قال، حدثنا حنبل بن إسحاق، قال: سمعت أبا عبد الله يقول: القرآن كلام الله غير مخلوق بكل جهة، وعلى كل تصريف، وليس من الله شيء مخلوق، ولا يخاصم في هذا ولا يتكلم، ولا أرى المراء ولا الجدال فيه.
-كتاب الإبانة الكبرى (٢٣٢٢)

ئیمامی ابن بطه رحمه الله دەفەرموێت: پاشان بزانیت بەبێ گومان و دوودڵی و وەستان: قوڕئان کەلامی الله و وەحی اللهیە، دابەزێنراوی اللهیە، وە ماناکانی تەوحیدی اللهی تێدایە، وە ناسینی اللهی تێدایە، وە نیشانەکان و صیفاتەکان و ناوەکانی اللهی تیایە، کە زانستێکە لە زانستی خۆی کە مەخلوق نییە، هەرچۆنێك بخوێنرێتەوە، هەرچۆنێك بنووسرێت، وە لە هەرکوێ بخوێنرێتەوە، لە هەر شوێنێك بێت، لە ئاسمان بێت یاخود زەوی، لە لەوحی محفوظ پارێزراوە، وە لە موصحەف، وە لە لەوحەی منداڵاندا کێشراوە، یاخود لەسەر بەرد نەخش کراوە، وە لەسەر هەموو حاڵەتەکان، وە لە هەموو جیهەتەکان: قوڕئان کەلامی اللهیە مخلوق نییە.

قال ابن بطة:أن تعلم بغير شَكّ، ولا مرية، ولا وُقوف:
أن القرآن كلام الله ووحيه، وتنزيله، فيه معاني توحيده،ومعرفته، وآلائه، وصفاتِهِ، وأسمائه، وهو علم مِن عِلمِهِ غير مخلوق، وكيف قُرِئ، وكيف كُتِبَ، وحيث تلي، وفي أي موضع كان، في السَّماءِ وُجِدَ أو في الأرض، حفظ في اللوح المحفوظ، وفي المَصَاحِف، وفي ألواح الصبيانِ مَرسُومًا، أو في حَجَرٍ منقوشا، وعلى كُلِّ الحالات، وفي كُلِّ الجهات: فهو كلام الله غَير مخلوق.
-كتاب الإبانة الصغرى (٢٥١)

لێرەدا زانایانی سەلەف ڕەحمەتی اللەیان لێبێت ئیثباتی جیهەتیان کردووە بۆ قورئان جوابی جەهمییەکان و لەفظییەکانیان داوەتەوە.

کە قورئان لە هەموو حاڵێك و شوێنێك کەلامی اللەیە مەخلوق نییە.

وە ناچیتە تەفصیلە بیدعییەکان کە سەلەف ڕێگریان لی کردووە قسەی تیا بکەیت.

- بڵێیت: ئەی بەرگی موصحەف چییە؟
- بڵێیت: پەڕی موصحەف چییە؟
- بڵێیت: ڕەشایی حیبر چییە؟
- بڵێیت: *قورئان لە دڵدا حفظ دەکرێت، دڵ مەخلوقە؟*

ئەم پرسیارانە جائیز نییە و سەلەف ڕێگەیان نەداوە بکرێت، بە موصحەفیان وتوە قورئان و کەلامی الله.

نەهاتوون بڵێن: وەرەقەکەی مەخلوقە، یاخود نەیان وتووە ڕەشایەتییەکەی مەخلوقە کە ئەم بابەتانە بابەتی ئەهلی بیدعەیە و ڕێگەپێدراو نییە قسەی تیا بکرێت.

چونکە لازمی ئەم قسانە گشتی بەرەو کوفر دەچێت، بۆیە سەلەف لە کوێ وەستان لەوێ بووەستە.

ئەوەی ئەصڵە و دەیڵێیت و زیاتر ناڵێیت ئەوەیە کە: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، لە هەموو ڕوویەکەوە وە لە هەموو حاڵەتێکدا، هەرچۆنێك بنووسرێتەوە، هەرچۆنێك بخوێندرێتەوە، لە لەوحی مەحفوظ، لە موصحەف؛ قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە.

جا لەفظییەکان نەفی جیهەت بۆ قورئان دەکەن؛ چونکە لای ئەوان جیهەتی لەفظ بە قورئان مەخلوقە، چونکە جیاوازی دەکەن لە نێوان قورئان و خوێندنەوەی قورئان.

دەڵێن: قورئانەکە مەخلوق نییە، بەڵام خوێندنەوەکەی ئێمە مەخلوقە، یان پەڕەکە مەخلوقە، یان دەنگمان مەخلوقە یان نووسینەکە مەخلوقە، ئەم قسانە لەکاتی خوێندنی قورئان یان لەکاتی سەیرکردنی قورئان، هەمووی قسەی لەفظییەکانە.

جا گەر لەفظییەکانی ئێستاش لە نەزانینیانەوە بە مەذهەبی خۆیان ئیثباتی جیهەت بکەن؛ بەو وتەی کە دەڵێن: لەفظمان بە قورئان مەخلوقە ئەم ئیثبات کردنە هەڵدەوەشێنەوە.

زانایانی سەلەف ئەم جۆرە تەفصیلّەیان بە کوفر و بیدعە داناوە و بکەری ئەم قسەیەیان بە جەهمیی داناوە.

فەرموویانە: *قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە،*

- *ئەوەی بڵێت: مەخلوقە کافرە.*
- وە ئەوەی بڵێت: *خوێندنەوەم بە قورئان مەخلوقە جەهمییە.*
- وە ئەوەی بڵێت: *خوێندنەوەم بە قورئان مەخلوق نییە موبتەدیعە.*

إِنْ شَاءَ اللّٰه لە بەشەکانی داهاتوودا بە بەڵگەکانەوە لە ئیجماع و بەڵگەی صەحیح و مەشهور و موعتەبەڕ دێینە سەری و باسیان دەکەین.

٨.داهێنانی بیدعەی لەفظ

چاك بزانە وفقك الله ئەصڵ لە بابەتی لەفظ بیدعەیە وە هیچ بەڵگەی لە قورئان و حەدیثی صەحیح لەسەر نییە.

وە لە هیچ هاوەڵێکی رسول اللهوە ﷺ نەقڵ نەکراوە، لە هیچ زانایەکی سەلەف نەقڵ نەکراوە و ئەو قسەیان نەکردووە.

تا ئەوکاتەی کەسێك بەناوی (الكرابيسي) ئەم بیدعەیەی داهێنا وە خەڵکی توشی فیتنە کرد.

وە لەسەر ئەم بیدعەیە، تەکفیرکراوە، ئینکاری زۆری لێکراو فەرمانکرا بە هەجرکردنی و دانەنیشتن لەگەڵی.

ئیمامی الذهلی بە ڕەحمەت بێت فەرموویەتی: *ئەوەی قسە لە لەفظ بکات ئەوە بیدعەی کردووە، چونکە شتێکی داهێناوە سەلەف قسەیان تیادا نەکردووە، ئیللا پیاوێکی سەردەمی ئێمە قسەی تیاکرد کەوا خۆی دابووە پاڵ حەدیث پێی دەوترا: (الكرابيسي) قسەی بۆ ئیمامی ابی عبد الله احمد بن حنبل نەقڵ کرا تەبدیعی کرد، وە زۆر بە توندی نکۆڵی لێکرد، وە فەرمانی کرد بە خەڵکی بناسێنرێت وە فەرمانی دوور کەوتنەوەی دا لێی، وە ڕێگری کرد لە دانیشتن لەگەڵی، جا بە هەلاکەت و بێ هیوا و ئومێدەوە مرد.*

قال الذهلي رحمهالله: ومن تكلم في اللفظ فقد بدع؛ لأنه اخترع شيئًا لم يتكلم فيه السلف؛ إِلَّا رَجلٌ مِن أهل عصرنا كان ينتحل الحديث يقال له: (الكرابيسي) فنقل كلامه إلى إمامنا أبي عبد الله أحمد بن حنبل له فبدعه، وأنكر عليه أشدَّ الإنكار، وأمر بمباينته ومجانبته، ونهى عن مجالستيه، فمات متهلكا خائبا مخذولا.

-اعتقاد الذهلي (٨)

بۆیە بزانە وفقك الله ئەصڵ لـەم قسەیە بیدعەیە و سەلەف ڕێگەیان نەداوە قسەی تیا بکەیت.

وە بە کۆدەنگی هەر کەسێك بڵێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە؛* جەهمییە. وەك لە ئیمامی حربی الکرمانیەوە نەقڵمان کردووە.

بۆیە جەنابی لەفظی ئەتوانیت کۆدەنگی بێنیت کە بڵێت ئاساییە بڵێیت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە؟ بەڵام مەبەستم قورئان نییە؟*

جگە لە کرابیسی کێ ئیمامتە لـە سەلەف ئەم قسەیەی کردبێت؟

- ئـەو کەسەی دەڵێت: *لـەفظم بە قورئان مەخلوقە.*
- ئەو کەسەی دەڵێت: *تیلاوەم بە قورئان مەخلوقە.*
- ئەو کەسەی دەڵێت: *خوێندنەوەمان لە کردەوەمانە، کردەوەمان مەخلوقە، بۆیە خوێندنەوەمان بە قورئان مەخلوقە.*

- ئەو کەسەی دەڵێت: خوێندنەوە جیایە لە خوێنراوە؛ خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە، ئەوەی دەیخوێنینەوە مەخلوق نییە.

جا هەر کەسێك ئـەم قسانە بکات مەبەستی قوڕئان بێت و نەبێت: لای سەلەف تەکفیر و تەبدیع کراوە و لێی قبوڵ نەکراوە.

گەر کەسێك وتی: بە چ بەڵگەیەك خاوەنی ئـەم وتانە تەکفیر کراوە؟ ئایا وەک وتت: بە بەڵگەی صەحیح و مەشهور و موحکەم و موعتەبەڕ تەکفیر و تەبدیع کراون؟ یاخود بەڵگەکانت ضەعیف و مونکەڕ و غەریب؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بـەڵکو بە ئیجماعی (کۆدەنگی) زانایانی سەلەف تەکفیر کراون، وە بەڵگەی صەحیح و مەشهور و موعتەبەر لە زانایانی سەلەفمانەوە کـە تەکفیر و تەبدیعی خاوەنی ئـەم وتانەیان کردووە، کـە وتەکانیان لە چەندین کتێبی موعتەبەڕی سەلەف هاتـووە لە چەندین زانای سەلەفەوە هاتووە، وە چەندین زانای موعتەبەڕ و مەشهوری سەلەف کـە ئـەم وتانەیان نەقڵ کردووە و ئاماژەیان داوە لـەسەری؛ خۆشیان بە هەمان وتەیان گوتووە لێیان لانەداوە وەك:(ئیمامی محمد بن حسن الاجری، وە ئیمامی إبن بطە) ڕەحمەتی اللەیان لێبێت، کە وتەی زانایانی سەلەفمان نەقڵ دەکەن خۆشیان تەعلیق لەسەر وتەکانیان دەدەن و موافقەی ئەثەرەکان دەکەن لێی لانادەن و زیاد و کەمی تیا ناکەن.

گەر وتی: ئەتوانی بۆ هەر بابەتێك لـەمانەی باست کرد لەم کوفر و بیدعەیە، بـەڵگەی صەحیح و مەشهور و موعتەبەڕ بێنیت؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ الحمدلله کتێبەکانی سەلەف ڕەحمەتی اللەیان لێبێت گشتییان پڕە لـەو بەڵگانەی کەوا کەسێك بە دوای حەق و هیدایەت بێت تیایدا ڕێگای ڕاستی تیا دەدۆزێتەوە و ئەزانێت زانایانی سەلەفمان چیان وتووە وە لـەو کتێبە موعتەبەڕ و مەشهورانە بریتین لـە: (کتاب السنة ی ئیمامی عبدالله، کتاب السنة ی ئیمامی خلال، کتاب السنة ی ئیمانی حربی الکرمانی، کتێبی الإبانة الکبری ئیمامی إبن بطه، کتاب الشریعةی ئیمامی الاجری).

وە چەندین کتێبی تری موعتەبەڕی سەلەف، کە بەڵگەی مەشهور و موعتەبەڕی تیایە ئاثارەکان دەهێنین.

جا چۆن ئاثارەکان لـە سەلەف دەهێنین بەهەمان شێوەش دەبێت تێگەشتنەکەشی لـە سەلەفەوە بێت، بابەتەکان بە ئاثار بێت و بە کەلام و بۆچوون نەبێت

٩.تێگەیشتنی زانایانی سەلەف بۆ ئەو بەڵگانەی لە ئاثارو ئیجماع هێنامانەوە کە ئەو کەسەی بڵێت: لەفظم بە قورئان مەخلوقە جەهمییە

ئیمامی إبن بطه رحمه الله یەکێکە لە زانا هەرە موعتەبەرەکانی سەلەف، ئاثاری سەلەف نەقڵ دەکات و خۆشی قسە لەسەر ئاثارەکان دەکات و تێگەشتن لە ئاثارەکان ڕوون دەکاتەوە، دوای ئەوەی بەڵگە لەسەر تەکفیری لەفظییەکان نەقڵ دەکات، و بەڵگە نەقڵ دەکات کە ناوترێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە.*

دەفەرمووێت: *ئەم ڕیوایەت و ئاثارانەی کە هێنامانەوە و ڕیوایەتەمان کرد لە پێشینان و زانایان و پێشەوایانمان ئەوە دەڵێین، وە ئیقتدایان پێ ئەکەین، بە ڕوناکیی ئەوان ڕێگامان ڕۆشن دەکەینەوە، ئەوان پێشەوا و زانای عاقڵ و ئامۆژگاری کارن، ئەوانن کەوا ناترسیت لە باس کردنیان، بەڵکو ڕەحمەت دادەبەزێت لە باس کردنی هەواڵیان و ڕیوایەت کردنی ئاثاریان.*

دەڵێین: قورئان وتەی اللهیە، وەحی اللهیە، دابەزێنراوی اللهیە، زانستێکە لە زانستی الله، ناوە چاکەکانی اللهی تیایە، وە صیفاتە بەرزەکانی تیایە کە مەخلوق نییە هەر چۆنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وە لەسەر هەموو حاڵێک، ناوەستین، وە گومان ناکەین

- **ئەوەی بڵێت:** مەخلوقە.
- **یان ئەوەی بڵێت:** *وتەی اللەیە و بوەستێت.*
- **یان ئەوەی بڵێت:** *لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە.*

ئەمانە گشتیان جەهمیی و گومڕا و کافرن، گومان لە کوفریان ناکرێت.

- **ئەوەی بڵێت:** *لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە؛ ئەوە گومڕا و گومڕاکەر و جەهمییە.*
- **ئەوەی بڵێت:** لەفظم بە قوڕئان مەخلوق نییە، ئەوە موبتەدیعە، قسەی لەگەڵ ناکرێت تا دەگەڕێتەوە لە بیدعەکەی و تەوبە دەکات لەو قسەی.

ئەمە مەذهەبی ئێمەیە، شوێنی پێشەوایانمان کەوتووین، ئیقتیدامان بە شێخەکانمان ڕەحمەتی اللەیان لێبێت کردووە، وە ئـەمە وتەی پێشەوامان احمدی کوڕی حەنبەلە رحمە اللە.

٢٥٥٩ ـ قال الشيخ: فبهذه الروايات والآثار التي أثرناها ورويناها عن سلفنا وشيوخنا وأئمتنا نقول، وبهم نقتدي وبنورهم نستضيء، فهم الأئمة العلماء العقلاء النصحاء، الذين لا يستوحش من ذكرهم، بل تنزل الرحمة إذا نشرت أخبارهم، ورويت آثارهم، فنقول: إن القرآن كلام الله، ووحيه وتنزيله، وعلم من علمه، فيه أسماؤه الحسنى وصفاته العليا غير مخلوق كيف تصرف، وعلى كل حال، لا نقف، ولا نشك، ولا نرتاب

- **ومن قال:** مخلوق.
- **أو قال:** كلام الله ووقف.
- **أو قال:** لفظي بالقرآن مخلوق.

فهؤلاء كلهم جهمية ضلال كفار، لا يُشَكٍّ في كفرهم.

- **ومن قال:** لفظي بالقرآن مخلوق، فهو ضال مضل جهمي.
- **ومن قال:** لفظي بالقرآن غير مخلوق؛ فهو مبتدع، لا يُكلم حتى يرجع عن بدعته، ويتوب من مقالته.

فهذا مذهبنا، اتبعنا فيه أئمتنا، واقتدينا بشيوخنا رحمة الله عليهم، وهو قول إمامنا أحمد بن حنبل.
-كتاب الإبانة الكبرى_ذكر اللفظيه والحذير من رأيهم ومقالاتهم

ئیمامی محمد کوڕی حسێن الاجری دەفەرمووێت: *ئاگاداربن رحمکم الله لەوانەی دەڵێن: (کە لەفظی ئەو بە قوڕئان مەخلوقە) وە ئەمە لای احمد بن حنبل، وە ئەوەی لەسەر ڕێچکەی ئەو بوو مونکەرێکی گەورەیە، وە خاوەنی ئەم قسەیە موبتەدیعە، لێی دوور دەکەونەوە، قسەی لەگەڵ ناکرێت، لەگەڵی دانانیشێنرێت، وە خەڵکی ئاگادار دەکرێتەوە لێی، هیچ زانایەك ناناسرێت غەیری ئەوانە نەبێت کە باسمان کردن، کەوا قوڕئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە.*

- **ئەوەی بڵێت:** (مەخلوقە) کوفری کردووە.
- **ئەوەی بڵێت:** (*قورئان وتەی اللەیە و بوەستێت*) ئەوە جەهمییە.
- **ئەوەی بڵێت:** (*لەفظم بە قورئان مەخلوقە*)؛ ئەوە جەهمییە

بەم شێوەیە احمد بن حنبل فەرموویەتی، وە قسەی زۆر توندی کردوە لەو بارەوە.

- **وە ئەوەی بڵێت:** (*لەفظم بە قورئان غیر مەخلوقە*)؛ ئەوە بیدعەی کردوە، شتێکی هێناوە لە زانایان ئەو شتە ناناسن.

بەم شێوەیە احمد بن حنبل فەرموویەتی، وە قسەی زۆر توندی کردوە لەو بارەوە.

قال محمد بن الحسن: احذروا رحمكم الله هؤلاء الذين يقولون: (*إن لفظه بالقرآن مخلوق*)، وهذا عند أحمد بن حنبل، ومن كان على طريقته منكر عظيم، وقائل هذا مبتدع؛ يُجتنب، ولا يُكلم، ولا يُجالس، ويُحذر منه الناس، لا يعرف العلماء غير ما تقدَّم ذكرنا له، وهو أن القرآن كلام الله غير مخلوق

- **ومن قال:** (مخلوق)؛ فقد كفر.
- **ومن قال:** (*القرآن كلام الله ووقف*)؛ فهو جهمي.
- **ومن قال:** (*لفظي بالقرآن مخلوق*)؛ فهو جهمي.

كذا قال أحمد بن حنبل، وغلظ فيه القول جدا.

- **وكذلك من قال:** (لفظي بالقرآن] غير مخلوق)؛ فقد ابتدع،وجاء بما لا يعرفه العلماء.

كذلك قال أحمد بن حنبل، وغلظ فيه القول جدا.

-كتاب الشريعه_ذكر اللفظية

بزانە وفقك الله ئەمە تێگەیشتنی زانایانی سەلەفمانە لە ئیجماع و ئاثارە مەشهور و موعتەبەرەکانی سەلەف، ڕەحمەتی اللەیان لێبێت کە لەو بابەتانە و تەواوی بابەتەکانی تر بە عەقڵ و بۆچوونی خۆیان بابەتەکانیان لێك نەداوەتەوە، بەڵکوو تەسلیم بوون بۆ ئیجماع و ئاثاری زانایانی سەلەف و لە قەولی ئیمام احمد رحمە الله لایان نەداوە.

١٠.حوکمی ئەو کەسەی دەڵێت: قوڕئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، بەڵام خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە

کۆمەڵەیەکی تر لە لەفظیەکان کە لە ئەصڵدا یەک قسەیان هەیە ئەویش بریتییە لەوەی: (لەفظیان بە قوڕئان مەخلوقە)، بەڵام دەربڕینەکەیان بە شێوازێکی ترە.

دەڵێن: ئێمە دەڵێین: *قوڕئان کەلامی اللەیە، بەڵام ئێمە مەخلوقین کە قوڕئان دەخوێنینەوە، خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە نەك قوڕئان*، وە هەیانە دەڵێت: *قوڕئان بە هەموو جیهەتێك کەلامی اللەی مەخلوق نییە*.

لە وەڵامی ئەو گومانە دەڵێین: لەوانەیە بتوانن کەسی بێ زانست و دوور لە ئەثەر فریو بدەن، چونکە ئەو قسەی ئێوە لێکدانەوەی عەقڵە دوورە لە ئاثاری سەلەف، وە هۆکاری گومڕایی ئێوە بریتییە لەوەی بە کەلام و عەقڵ بابەتەکان لێک دەدەنەوە و ناوی دەنێن ئەثەر.

جا ئەم قسە کەلامی و عەقڵانییە بۆ خەڵکی عەوام دەکەن و ناوی دەنێن ئەثەر لەوانەیە بتوانن فریوی کەسی دڵ نەخۆش بدەن و گومڕایان بکەن.

بەڵام ناتوانن ئەو کەسە فریو بدەن کە شوێن ئاثاری سەلەفمان کەوتووە.

زانایانی سەلەفمان ڕەحمەتی اللەیان لێبێت، حوکمی ئەو قسەیان ڕوون کردۆتەوە و لە کتێبە موعتەبەرەکانی سەلەف پڕیەتی لە ئاثار؛ لەبارەی حوکمی ئەو کەسەی ئاوا دەڵێت و بە جەهمیی و لەفظییان داناوە.

جا کە معارضي لەفظي دەڵێت: ئێمە ئیثباتی جیهەت دەکەین بۆ قورئان، جاهلی لەفظي تۆ نەفی جیهەتت کرد بۆ قورئان کە وتت: *خوێندنەوەی من مەخلوقە کە قورئان دەخوێنمەوە.*

وەک ئیمامی احمد فەرمووی: *هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان، بە لەفظ بێت یان هەر شتێك بڵێت: مەخلوقە؛ ئەوە جەهمییە.*

ویحك معارضي لەفظی کە وتت: خوێندنەوەم بە قورئان مەخلوقە، نەفی جیهەتی قورئانت کرد، لە جەهل و نەفامیت ئاگادار نیت چی لە دەمت دەردەچێت.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویت: پرسیارم لە باوکم کرد، وتم: چی دەڵێیت دەربارەی پیاوێك دەڵێت: خوێندنەوە مەخلوقە، وە ئەلفاظمان بە قورئان مەخلوقە، وە قورئان وتەی الله مەخلوق نییە؟ وە ئایە بەو کەسە دەوترێت موبتەدیع؟

فەرمووی: ئەمە ئیجتناب دەکرێت، وە ئەمە وتەی موبتەدیعە، وە ئەمەی قسەی جەهمییەکانە، قورئان مەخلوق نییە.

عائشە فەرمووی: رسول الله ﷺ ئەمەی خوێندەوە: «**هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ**».

ئیمامی احمد فەرمووی: قورئان مەخلوق نییە.

١٦١ ـ سالت أبي، قلت: ما تقول في رجل قال: التلاوة مخلوقة، وألفاظنا بالقرآن مخلوقة، والقرآن كلام الله عن وليس بمخلوق؟ وما ترى في مُجانبته ؟ وهل يُسمَّى مُبتدعا ؟
فقال: هذا يُجانب، وهو قول المبتدع، وهذا كلام الجهمية، ليس القرآن بمخلوق.
قالت عائشة: تلا رسول الله ﷺ: ﴿**هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَبَ مِنْهُ مَايَتٌ تُحْكَمَتُ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ**﴾ [آل عمران: ٧].
فالقرآن ليس بمخلوق.
ـ كتاب السنة لعبدالله (١٦١)

ئەمە بەڵگەیەکی جوانە بۆ کەسێك ئەقڵ و تێگەیشتنی هەبێت و بەدوای حەق بێت؛ کە هەر کەسێك بڵێت: خوێندنەوەی من مەخلوقە بە قورئان وە قورئان کەلامی اللەیە؛ ئەوە جەهمییە و زانایانی سەلەف ئەم وتەشیان بە بیدعە و کوفر داناوە.

وە ئیمامی احمد لە وەڵامی ئەو قسەیەدا کە فەرمووی: *قورئان مەخلوق نییە.*

ئەمە بەڵگەیەکی جوانە کەوا؛ ئەو کەسەی وا دەڵێت مەبەستی قورئان نەبێت، نەتیجەی قسەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ قورئان و توشی کوفر دەبێت.

ابو طالب فەرمووی: بە باوکی عبد اللەم وت: *لە طەڕسوسەوە بۆم نووسراوە کە شەڕاك دەڵێت: قورئان کەلامی اللەیە، جا کە خوێندتەوە،خوێندنەوەکەی مەخلوقە.*

فەرمووی: *قاتلە اللە! ئەمە ڕێک قسەی جەهمە.*

وتم: *پیاوێک وتی: قورئان کەلامی اللەیە مخلوق نییە، بەڵام لەفظی من ئەمە بە قورئان مەخلوقە.*

فەرمووی: ئەوەی وابڵێت ئەوە ئەوە هەموو بابەتەکەی هێناوە، بەڵکو کەلامی اللەیە لە هەموو حاڵێکەوە.

٢٠٥٦ ـ أخبرني أبو يحيى زكريا بن يحيى الناقد، قال: ثنا أبو طالب، قال: قلت لأبي عبد الله: كتب إلي من طرسوس: أن الشراك يزعم أن القرآن كلام الله، فإذا تلوته فتلاوته مخلوقة.
قال: قاتله الله ! هذا كلام جهم بعينه.
قلت: رجل قال: القرآن كلام الله وليس بمخلوق؛ ولكن لفظي هذا به مخلوق.
قال: من قال هذا فقد جاء بالأمر كله، إنما هو كلام الله على كل حال...

-كتاب السنه لابي بكر الخلال (٢٠٥٦)، الإبانة الكبرى

ئەم ئەثەرە بەهەمان شێوە بەڵگەیەکی جوانە بۆ کەسێك عەقڵی هەبێت و بە دوای حەق و تێگەیشتن بێت.

بزانە معارضي لەفظی؛ شەڕاك وەک تۆ وتی: *قورئان وتەی اللەیە، بەڵام کە خوێندتەوە، خوێندنەوەکە مەخلوقە.*
وەک ئێوە وتی: *لە کاتی خوێندنەوە قورئان هەر کەلامی اللەیە، بەلام خوێندنەوە مەخلوقە.*

ئیمام احمد فەرمووی: *ئەمە ڕێك بە تەواوی قسەی جەهمە*، بە بیدعەو کوفری دانا.

وە کە پرسیاری ئەو پیاوەی لێ کرا کە دەڵێت: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، بەڵام لەفظی من ئەمە بە قورئان مەخلوقە

معارضي لەفظی ئەو پیاوەش وەك ئێوە جیاوازی کرد، لە نێوان خوێندنەوە (القراءة) و خوێنراوە (المقروء).

وتی: *ئەوەی دەیخوێنمەوە کەلامی اللەیە، بەڵام خوێندنەوەی من مەخلوقە.*

کە ئەم جیاوازییەی کرد بە حسابی خۆی خەلقەکەی بۆ قسەی خۆیەتی بۆ قورئانەکە نییە، کە لە لێکدانەوەی کەلام و عەقڵ بوو دوور لە ئەثەر وەك لێکدانەوەی ئێوە.

ئیمامی احمد رحمه الله: *ئەمەشی لێ قبوڵ نەکرد*، فەرمووی *ئەوەی وابڵێت*: هەموو کوفرەکەی کردووە.

وە فەرمووی: *قورئان کەلامی اللەیە لەسەر هەموو حاڵێك.*

ئەم وتەیە دیسان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خاوەنی ئەم قسەیە نەفی جیهەتی قورئان دەکات، کە لە جیهەتی خوێندنەوە بەلای مەخلوقە.

کە والعیاذ بالله خەلقەکە بۆ قورئان دەگەڕێتەوە، چونکە ئیمامی احمد بابەتەکەی بە جیهەت بەستەوە.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویت: گوێم لەباوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مەخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله

علي بن خشرم المروزي فەرمووی: ئەوەی بڵێت: قورئان، یاخود لەفظم بە قورئان، یاخود قورئان بە خوێندنەوەی من، یاخود خوێندنەوەی من بە قورئان پێشی خات یان پاشی خات هەمووی یەکە.

٥٩٠ ـ وعن علي بن خشرم المروزي: من قال: القرآن، أو لفظي بالقرآن، أو القرآن بقراءتي، أو قراءتي للقرآن ـ قدم أو أخر ـ فهو واحد.

-شرح اصول اعتقاد اللالكائي

بۆیە بزانە معارضي لەفظی ئـەم وتەیەت لـە سەلەف ڕەحمەتی اللهیان لێبێت بە کوفر دانراوە و لێتان قبوڵ نەکراوە، وە یەك حسابیان بۆ ئەو جیاکارییە بیدعییە کردووە، هەموو وتەکانی لەفظییەکان کە چەن لقی جیان لە دەوری یەك ئەصڵ دەسوڕێنەوە ئەویش لە دەوری قورئانە.

هەر کاتێك باسی مەخلوقیەت دەکەن دەبینی لە باسی قورئاندایە.

جا گەر کەسێك پرسی وتی: *تۆ لێرە ئەثەرێکت هێنا باسی ئەوەت کرد کە ئەو جیاکارییە بیدعەیە لە نێوان خوێندنەوە و خوێنراوە ئەتوانیت بیسەلمێنیت بە ئاثاری تر کە ئەم جیاکارییە بیدعەیە و مەذهەبی لەفظیەکانە؟*

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ إن شاء الله بە ئاثار لە سەلەفمانەوە دەیسەلمێنین کە ئەم جیاکارییە بیدعەیە و مەذهەبی لەفظییەکان بووە لە پەڕەکانی داهاتوودا.

١١.بیدعەی وتەی (اللفظ غیر الملفوظ) یان (القراءة غیر المقروء)

یەکێکی تر لـە بیدعەکانی لەفظییەکان بریتی بوو لەوەی قاعیدەیەکی بیدعیان دانا دەیان گوت: *خوێندنەوەی ئێمە جیایە لەوەی دەیخوێنینەوە، خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە، ئەوەی ئەیخوێنینەوە کەلامی اللەیە.*

جـا لەفظییەکان هاتن دەستیان دایە ئـەم شوبهەیە، کەوا هیچ ئیمامێکیان نییە لـە سەلەف بەڵکو زانایانی سەلەف ئـەم قسەیان بە بیدعە داناوە و ڕێگایان نەدا لەفظییەکان بەم ئەصڵەیان کوفر بڵاو بکەنەوە.

ئیمامی ابو سعید عثمان بن سعید الدارمي رحمه الله دەفەرمووێت: *معارضي جهمی وتی: قسە جیایە لەوەی قسە ئەکات، وە وتـە جیایە لەوەی ئەیڵێت و قورئان، خوێنراوە و خوێنەر هەر یەکێکیان مانایەکی خۆیان هەیە.*

ئیمامی الدارمی رحمه الله فەرمووی: *ئەما سەبارەت بە قسەکەت: دەربارەی خوێندنەوە و خوێنەر و خوێنراوە: کە هەریەکێکیان مانایەکی جیایان هەیە؛ ئـەمە قسەی مـەذهـەبی لەفظییەکانە، نازانین لە کوێ هێناوتە، وە چۆن لاسابیت کردۆتەوە، جا جارێك تۆ جەهمیی، وە جارێك واقیفی، وە جارێکیش لـەفظیی.*

قَالَ(الجهمي): وَالكَلَامُ غَيْرُ المُتَكَلِّمِ، وَالقَوْلُ غَيْرُ القَائِلِ وَالقُرْآنُ، وَالمَقرُوءُ وَالقَارِئُ كُلٌّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا لَهُ مَعْنًى

قال الإمام الدارمي رحمهالله: وَأَمَّا قَوْلُكَ: فِي القِرَاءَةِ وَالقَارِئِ وَالمَقْرُوءِ: إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ مِنْهُ مَعْنًى عَلَى حِدَةٍ؛ فَهَذَا أَمْرُ مَذَاهِبَ اللَّفْظِيَّةِ، لَا نَدْرِي مِنْ أَيْنَ وَقَعتَ عَلَيْهِ، وَكَيْفَ تَقَلَّدْتَهُ؟ فَمَرَّةً أَنْتَ جَهْمِيٌّ، وَمَرَّةً وَاقِفِيٌّ، وَمَرَّةً لَفْظِيٌّ.

-كتاب نقض الإمام ابي سعيد

وە ئەمە وتەی ئەشعەرییەکان بووە لەو بابەتەدا وەک بەیهەقی کە ئیمامی لەفظییەکانە لەو بابەتە کە کەسێکی زندیق بووە و ئەشعەرییەکی پیس بووە و نەفی صیفاتی الله دەکات.

1. نەفی حەرف و صەوت بۆ کەلامی الله دەکات.
2. نەفی صورەی الله دەکات.

وە نەفی چەندین صیفاتی الله دەکات نەفرەتی خودای لێبێت.

لەم بابەتە وتەی ئەوانەشە وەك لەفظییەکان.
بەیهەقی ئەشعەری دەڵێت: *بەشی جیاوازی نێوان خوێندنەوە و خوێنراوە*
قال: باب الْفَرْقُ بَيْنَ التِّلَاوَةِ وَالْمَتْلُوِّ
بەیهەقی دەڵێت: *ئەو قورئانەی دەیخوێنینەوە کەلامی اللەیە.*

دەڵێت: *خوێندنەوەمان و نووسینەوەمان و حیفظمان بۆ قورئان لە کردەوەی ئێمەیە، وە ئەوەی لە کردەوەی ئێمە بێت مەخلوقە گومانی تیا نییە.*

قال البيهقي الاشعري لعنه الله: فَالْقُرْآنُ الَّذِي نَتْلُوهُ كَلَامُ اللَّهِ تَعَالَى، وَهُوَ مَتْلُوٌّ بِأَلْسِنَتِنَا.وَأَمَّا قِرَاءَتُنَا وَكِتَابَتُنَا وَحِفْظُنَا فَهِيَ مِنِ اكْتِسَابِنَا، وَاكْتِسَابُنَا مَخْلُوقٌ لَا شَكَّ فِيهِ.

-كتاب الاسماء والصفات

ابو إسماعيل الاصبهاني دەڵێت: ئەشعەرییەکان وتیان: *تیلاوە جیایە لە مەتلو، وە قیرائە جیایە لە مەقروء، تیلاوە و قیرائەت مەخلوقە.*

-كتاب الحجة في بيان المحجة _فصل يدل على أن القران كلام الله

بۆیە بزانە وفقك الله ئەم ئەصڵەی باسی دەکەن کە (خوێندنەوە جیایە لە خوێنراوە) ئەصڵێکی کوفری لەفظییەکان و ئەشعەرییەکانە.

سەلەف خاوەن ئەم وتەیان بە لەفظی داناوە، وەك ئیمامی دارمی لەسەر ئەم قسەیە فەرمووی: ئەمە مەذهەبی لەفظییەکانە وە حوکمی لەفظی بەسەر ئەو کەسەدا دەدرێت کە ئەو قسەیەی کرد.

گەر خوێنەر پرسی: لێرە بۆم ڕوون بووەوە ئەم ئەصڵە کوفرە و قەولی لەفظیی و ئەشعەرییەکانە، بەڵام ئەوانەی ئیستا دەڵێن: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە (أفعال العباد)، وە بێگومان لەفظ و خوێندنەوەمان لە أفعالمانە کەواتە، بۆیە لەفظ و خوێندنەوەمان مەخلوقە؛ کەواتە قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە بەڵام خوێندنەوە لە کردەوەی ئێمەیە؛ مەخلوقە.

وە گەر خوێنەر بپرسێت: ئەوانە بەڵگە دێننەوە لە قەولی سەلەف لەسەر ئەوەی أفعال العباد مەخلوقە، کەواتە کێشەی چییە لەوەی وا بڵێین؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەمەش یەکێکە لە گومان و فێڵەکانیان لە خەڵکی عەوامی دەکەن، کە گوایە ئەهلی ئەثەر و سەلەفن و ئیستیدلال بە قەولی سەلەف دەکەن بۆ ئەو باسە، بەڵام لە ئەصڵدا ئەمە دوو ئەصڵی جیایە تێکەڵیان کردووە و کەس لە سەلەف ئەم قیاسەی نەکردووە، پێت وایە ئەمانە شارەزاتر بن لە سەلەف و ئەمانە درکیان بەم حوکمە شەرعییە کردووە سەلەف نەیان کردووە؟ بێگومان نەخێر بەڵکو سەلەف رحمهم الله دژی ئەم قسەیەش وەستاونەتەوە.
إن شاء الله بە بەڵگەکانەوە بابەتەکان یەکلایی دەکەینەوە.

١٢. أفعال العباد و بابەتی لـەفظ

بزانە وفقك الله بابەتی أفعال العباد و لەفظ دوو بابەت و دوو ئەصڵی جیان.

یەکەمیان: واجبە ئیمانت پێ بێت.
دووەمیان: کوفرە ئیمانت پێ بێت و بیڵێیت.

گەر کەسێك بپرسێت بڵێت: چۆن یەکەم واجبە ئیمانت پێ بێت بەڵام دووەمیان کوفرە ئیمانت پێبێت و بیڵێیت؟

لە وەڵامدا دەڵێین: یەکەمیان کردەوەی بەندەکان (أفعال العباد) مەخلوقە، وە واجبە ئیمانت پێبێت، وە ئەمە لە بـەشی (قەدەرە).

قەدەر خێر و شەڕی، باش و خراپی، شیرین و تاڵی لە لایەن اللهوەیە، وە کردەوەی بەندەکان مەخلوقە،کە لە قەدەر و ویستی الله تعالی لانادات.

حنبل دەفەرموویێت: *پرسیارم لە باوکی عبدالله کرد وتم: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە؟*
فەرمووی: بەڵی، قەدەرێکە بەسەریان دێت لە شەقاوەت و سەعادەت.

٨٧٢ ـ أخبرني عصمة بن عصام قال: ثنا حنبل، قال: سألت أبا عبد الله، قلت: أفاعيل العباد مخلوقة؟
قال: نعم، مقدرة عليهم بالشقاء والسعادة.
-كتاب السنة لأبي بكر الخلال (٨٧٢)

جا سەلەف بە ڕەحمەت بن کە دەڵێن: *کردەوەی بەندەکان* مەخلوقە؛ جوابی قەدەرییەکانیان داوەتەوە کە دەڵێن: معاصی بە قەدەر نییە، بەڵکو کردەوەی بەندەکان گشتی بە قەدەری اللەیە و لەو قەدەرە لانادەن وەك سەرپێچییەکان و حەرامەکان (زینا،دزی،ماڵ خواردنی ناحەق،ستەم) و تاوانەکانی تر بە قەدەری اللەیە و لە علمی سابقی اللەیە.

محمد بن یحیی آدم فەرمووی: *گوێم لە المزني بوو دەیفەرموو: شافعی فەرمووی: ئەزانیت کێ قەدەرییە؟ قەدەری ئەو کەسەیە دەڵێت: الله تعالى ئەو شتەی خەلق نەکردووە تا کاری پێ دەکات.*

محمد بن یحیی فەرمووی: *المزنی و شافعی ئەو قسەیان بە کوفر دانا.*

١٣٠٢ ـ أخبرنا الحسين بن أحمد بن إبراهيم الطبري قال: أخبرنا إبراهيم بن أحمد الميلي قال: ثنا محمد بن يحيى بن آدم قال: سمعت المزني يقول: قال الشافعي: تدري من القدري ؟ القدري الذي يقول إن الله لم يخلق الشيء حتى عمل به.
قال المزني والشافعي بكفره.
-شرح اصول اعتقاد اللالكائي

جا کە زانایانی سەلەف رحمهم الله فەرموویانە: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە، لـە بەشی قەدەر بووە، ڕەدی قەدەرییەکانیان داوەتەوە کە دەیان گوت: تاوان بە قەدەر نییە.
ئەو بابەتە ئەصڵێکی جیایە ئیمان پێی واجبە.

وە ئەوەی دووەمیان: ئیمان پێ بوون، و وتنی کوفرە.

بریتیە لـەوەی کەسێك بڵێت: لـەفظم بە قوڕئان مەخلوقە، یاخود خوێندنەوەم بە قوڕئان مەخلوقە.

ئەم قسەیە بە ئیجماعی سەلەف کوفر و بیدعەیە کەس لە سەلەف ئەم قیاسەی نەکردوە.

وە ئەوەی بڕوای وابێت و وابڵێت: موبتەدیع و جەهمییە.
وە ئـەم بابەتەش ئەصڵێکی جیایە، تێکەڵ نییە بە بابەتی قەدەر.

لە بەشی سەرەتا باسی ئەوەمان کرد، ئەصڵێکمان هەیە بریتییە لەوەی: دوو ئەصڵی جیا تێکەڵ ناکرێت، قیاسی ئەصڵ ناکرێنە سەر یەکتر.

ئیمامی شافعی رحمه الله دەفەرموێت: ئەصڵ لەسەر ئەصڵی تر قیاس ناکرێت، وە قیاس ناکرێتە سەر خاص.

أَنَا أَبُو مُحَمَّد، ثَنا يُونُسُ بْنُ عَبْدِ الأَعْلَى نَفْسُهُ، قَالَ: سَمِعْتُ الشَّافِعِيَّ يَقُولُ: «لا يُقَاسُ أَصْلٌ عَلَى أَصْلٍ، وَلا يُقَاسُ عَلَى خَاصٍّ»

-اداب الشافعي ومناقبه

بۆیە ئەم دوو بابەتە دوو ئەصڵی جیان و قیاس ناکرێنە سەر یەکتری، وە ئەنجامی قیاس کردن لەسەر دوو ئەصڵی جیا نەتیجەی فاسد دەدات.

وە هیچ یەکێك لە سەلەف ئەم قیاسەیان نەکردووە، بەڵکو ڕێگریشیان کردووە لەم قیاس کردنە.

ابن ابي حاتم دەفەرمووێت: *پرسیار لە ابو زورعە کرا دەربارەی کردەوەی بەندەکان؟*

فەرمووی: مەخلوقە.

پێیان وت: لەفظمان بە قورئان لە ئەفعالمانە؟

فەرمووی: ئەوە ناوترێت.

٥٩٧ ـ وقال عبد الرحمن سئل أبو زرعة عن أفعال العباد.

فقال: مخلوقة.

فقيل له: لفظنا بالقرآن من أفعالنا؟.

قال: لا يقال هذا.

-شرح اصول اعتقاد اللالكائي

بۆیە ئەم لەفظییە جەهمییانە کە ئەم قیاسە پوچە دەکەن، نەتیجەکەی بریتییە لەوەی دەڵێن: *لەفظمان بە قورئان مەخلوقە.*

جا ئەشعەرییەکان ئەم قیاسەیان کردووە وەك لە بەیهەقی لعنە اللە نەقڵمان کرد کە قیاس دەکاتە سەر فعلی بەندە بۆ بە مەخلوق دانانی خوێندنەوە.

هەموو وتەی لەفظییەکان کە باسی مەخلوقیەت دەکەن لە هەر بەشێك بێت ئیلا دەیهێننەوە سەر قورئان.

کە دەڵێن لفظ مەخلوقە؛ لە باسی قورئانە.

کە دەڵێن: خوێندنەوەمان مەخلوقە؛ لە باسی قورئانە.

کە دەڵێن: خوێندنەوەی ئێمە جیایە لەوەی دەیخوێنینەوە؛ لە باسی قورئانە.

کە دەڵێن: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە، ئەلفاظمان لە کردەوەمانە؛ لە باسی قورئانە.

هەموو قسەکانیان لە دەوری قورئان دەخولێتەوە کە باسی مەخلوقیەت دەکەن.

وەك ئاماژەمان پێ کردوە ئەصڵێکی ثابتمان هەیە لە ئیمامی احمدەوە رحمە اللە کە هەر کەسێك باسی مەخلوقیەت بکات، لە هەر بابەتێک بێت لە لەفظ بێت، لە خوێندنەوە بێت، لە نووسین بێت،لە هەر بابەتێکی تر بێت ئاماژە بۆ قورئان بکات جەهمییە

ئیمامی عبدالله دەفەرموویێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەی مەبەستی مەخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.
كتاب السنة لعبدالله

بۆیە بزانە وفقك الله بە قسەی ئـەم لـەفظییانە هەڵمەخەڵەتێ و پێشی سەلەف مـەکەوە قسەیەك مەکە کە سەلەف نەیان کردوە، کە ئەوان قسەیەك دەکەن قسەی لەفظییەکان و ئەشعەرییەکانە وە بانگەشەی سەلەفی پێوە ئەکەن، کەچی لە ئەصڵدا مذهەبی لەفظی و ئەشعەرییەکانە.

١٣.شێواندن و خیانەتی لەفظییەکان بۆ بەڵگەکان

گەر کەسێك وتی: *لەفظییەکان دەڵێن: ئێمە ناڵێین: لەفظمان بە قورئان مەخلوقە، چونکە ئەو ئاثارانەی لە سەلەف هاتووە باسی کەسێك دەکەن کە مەبەستی قورئانەکە بووە.*

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم چەواشەکارییەی لەفظییەکان لە ئەشعەرییەکانەوە وەریان گرتووە، کەوا تەئویل و تەحریفی نصوصەکانی سەلەف دەکەن لەم بارەوە، وە هیچ یەك لە زانا موعتەبەرەکانی سەلەف کە ئەثەرەکانیان کۆکردۆتەوە تەعلیقیان لەسەر داوە وەك ئیمامی ابن بطة ئیمامی الاجری ڕەحمەتی اللەیان لێبێت؛ کە ئاثارەکانیان کۆکردۆتەوە و تەعلیقیان لەسەر داوە کەسیان ئەم قسەیەیان نەکردووە، نەیان گوتووە گەر مەبەستی لە قورئانەکە بێت ئەوکات کوفرە، وە نەشیان وتووە جائزیشە وابڵێت گەر مەبەستت قورئانەکە نەبێت.

بەڵکو فەرموویانە هەر کەسێك بڵێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە جهمیە.*
وەك لە بەشەکانی پێشودا باسمان کرد.

گەر بڵێت: بە چ بەڵگەیەك لە چەواشەکاری و خیانەت و گۆڕینی نەصەکانە لەلایەن ئەشعەرییەکانەوە؟

له وەڵامدا دەڵێین: لەسەرەتا وتمان دوو ئەصڵمان هەیە، ئەصڵی یەکەم دەست دەگرین بە بەڵگەی ئیجماع و ئەثەری صەحیحی مەشهوری موعتەبەڕ، وە ئەصڵێکی ترمان هەبوو، ئەثەری ضەعیف و مونکەڕ و موتشابهـ لامان قبوڵ نییە.

جا لـەفظییەکان لەم بابەتە موافقەی ئەشعەرییەکان دەکەن، بۆیە بەڵگەی ئەشعەرییەکان دەهێنن کە تەحریفی نصوصەکانیان کردووە.

ئەصڵێکی ثابتمان هەیە لە ئیمامی احمدەوە رحمه الله، کە دینگەی لەفظییەکانی داماڵیوە کە دەفەرموویێت: هەر کەسێك ئاماژە بۆ قورئان بکات بە لەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ ئەوە جەهمییە.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویێت: *گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.*

١٦٧ ـ **سمعت** أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله

جا ئەم ئەثەرەی ئیمامی احمد رحمه الله هەموو بابەتەکان دەگریێتەوە کە باسی مەخلوقیەت بکەن، لە بابەتی قورئان؛ ئەوە جەهمیین.

گەر بڵێن: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە (أفعال العباد) لە بەشی قەدەر و ئیثبات کردنی قەدەر بێت؛ ئەوە دەڵێین: پێکاوتانە موافەقەی سەلەفتان کردووە، وە ئەم ئەثەرەی ئیمامی احمد نایانگرێتەوە.

وە گەر بڵێن: کردەوەی بەندەکان مەخلوقە، وە ئەلفاظمان بە قورئان لە کردەوەمانە؛ لێرەدا کە باسی مەخلوقیەتیان کرد، لە بابەتی قورئاندایە ئەوە جەهمیین.

وەك ئیمامی ابو زورعە لەو بابەتەدا فەرمووی ئەو قسەیە ناکرێت.

جا ئەم ئەثەرەی ئیمام احمد رحمه الله دینگەی لەفظییەکانی تێکشکاندوە هاتوون وەك جوولەکە لعنهم الله؛ تەحریفی ئەم نەصەیان کردوە و ماناکەیان گۆڕیوە تەقەیودێکی باطڵیان بۆ زیاد کردووە.
بەیهەقی زندیق دەڵێت: *عبدالله فەرموویەتی: گوێم لە باوکم بوو دەیگوت: ئەوەی بڵێت لەفظم بە قورئان مەخلوقە مەبەستی لە قورئان بێت، ئەوە کافرە.*

بەیهەقی دەڵێت: وتم: ئەم تەقەیودە عبدالله لە باوکیەوە حفظی کردووە ئەویش وتەی: (مەبەستی لە قورئان بی).

دەڵێت: زۆرێك لەوانەی ئەثەر لێیەوە نەقڵ دەکەن لە بابەتی لەفظ؛ بێ ئاگابوونە لەم تەقیودە خیلافی ئێمەیان گێڕاوەتەوە، هەتا ئەوەی دراوە پاڵ، کە خۆی لێ بەریء کردوە وەك چۆن باسمان کرد.

قال البيهقي لعنه الله:...قال سمعت عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ، يَقُولُ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: مَنْ قَالَ لَفْظِي بِالْقُرْآنِ مَخْلُوقٌ يُرِيدُ بِهِ الْقُرْآنَ، فَهُوَ كَافِرٌ.

قُلْتُ: هَذَا تَقْيِيدٌ حَفِظَهُ عَنْهُ ابْنُهُ عَبْدُ اللَّهِ وَهُوَ قَوْلُهُ: «يُرِيدُ بِهِ الْقُرْآنَ» فَقَدْ غَفَلَ عَنْهُ غَيْرُهُ مِمَّنْ حَكَى عَنْهُ فِي اللَّفْظِ خِلَافَ مَا حَكَيْنَا حَتَّى نُسِبَ إِلَيْهِ مَا تَبَرَّأَ مِنْهُ فِيمَا ذَكَرْنَا.

-كتاب الاسماء والصفات

جا ئەم چەواشەکاری و زەندەقەی لەفظییەکان کە باسی دەکەن لە ئەشعەرییەکان وەریان گرتووە، چونکە ئەشعەرییەکان دەڵێن: لەفظمان و تیلاوە و قیرائە و حەرەکەمان بە قورئان مەخلوقە، بۆیە هاتوون ئەم تەقەیودەیان زیاد کردووە و نصوصەکانیان شێواندووە، وە خۆشیان پێ لە حنابلەی وەك ئیمامی عبدالله و ئیمامی خلال و ئیمامی حرب و ئیمامی ابن بطە و ئیمامی الاجری و ئیمامی بەربەهاری پێ شارەزاترە ئەڵێت: بێ ئاگابوونە لەم تەقەیودە و پێچەوانەی ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە قسەیەکیان کردووە ئیمامی احمد لێی بەریء بووە.

بۆیە ئاگاداربە ئەم لـەفظیيانە بە ناوی حنابلە و ئەثەرەوە مەذهەبی ئەشعەرییەتتان ئەکەن بە قورگا.

جـا بەیهەقی زندیق بۆ سەرخستنی مەذهبی خۆی ئەم تەقەیودەی زیاد کردووە وەک لێیەوە نەقڵمان کرد دەڵێت: بەشی جیاوازی نێوان خوێندنەوە و خوێنراوە.

قال لعنه الله: باب الْفَرْقُ بَيْنَ التِّلَاوَةِ وَالْمَتْلُوِّ

بەیهەقی زندیق دەڵێت: *ئەو قورئانەی دەیخوێنینەوە کەلامی اللەیە.*

لعنه الله دەڵێت: *خوێندنەوەمان و نووسینەوەمان وحیفظمان بۆ قورئان لە کردەوەی ئێمەیە، وە ئەوەی لە کردەوەی ئێمە بێت مەخلوقە گومانی تیانییە.*

قال البيهقي الاشعري لعنه الله: فَالْقُرْآنُ الَّذِي نَتْلُوهُ كَلَامُ اللَّهِ تَعَالَى، وَهُوَ مَتْلُوٌّ بِأَلْسِنَتِنَا.وَأَمَّا قِرَاءَتُنَا وَكِتَابَتُنَا وَحِفْظُنَا فَهِيَ مِنِ اكْتِسَابِنَا، وَاكْتِسَابُنَا مَخْلُوقٌ لَا شَكَّ فِيهِ.

-كتاب الاسماء والصفات

الجوینی دەڵێت: ابو حسنی ئەشعەری ڕێچکەیەکی لە نێوانیان گرتە بەر (مەبەستی ئەهلی سوننە و موعتەزیلەیە) وتی: قورئان وتەی اللەیە و قەدیمە نەگۆڕە وە مەخلوق نییە وە حادث و داهێنراو نییە، وە ئەمما حەرفە لێك پچڕاوەکان، و ئەجسامەکان، و ڕەنگەکان و دەنگەکان، و سنوردارەکان، وە هەموو ئەوەی لە عالەم دان مەخلوق و مبتدع و داهێنراون.

قال لعنه الله: فسلك...طَرِيقَة بَينهمَا فَقَالَ الْقُرْآن كَلَام اللَّه قديم غير مغير وَلَا مَخْلُوق وَلَا حَادث وَلَا مُبْتَدع فَأَما الْحُرُوف الْمُقطعَة والأجسام والألوان والأصوات والمحدودات وكل مَا فِي الْعَالم من المكيفات مَخْلُوق مُبْتَدع مخترع.

-كتاب تبيين كذب المفتري

ابو بكر باقلانی ئەشعەری دەڵێت: خوێندنەوە جیایە لە خوێنراوە، *لەبەر ئەوەی خوێندنەوە کردەوەی رسول الله بوو وە فەرمانی پێکرابوو، وە خوێنراوەش وتەی قەدیمی الله بوو.*

قال: ابو بكر الباقلاني الأشعري: "التلاوة غير المتلو، لأن التلاوة فعل الرسول وهو المأمور بها، والمتلو كلامه القديم.

-كتاب الانصاف

الغزالی دەڵێت: *وتەی الله تعالى نووسراوە لە موصحەفەکان، حفظ کراوە لە دڵەکان، خوێندراوەتەوە بە زمان، وە ئەما تێنوس، و حيبر و،نووسینەوە هەموویان حادثن لەبەر ئەوەی جەستەن وە بەشن لە جەستە هەموو ئەوانە حادثن.*

وتم: وتەی ئەشعەرییەکان کەدەڵێن:(حادث، و اجسام،واعراض)، ئەم دەستەواژانە بۆ نەفی صیفات بەکار دەهێنن وە ئەم دەستەواژانە بۆ شتێکی مەخلوق بەکار دەهێنن و نەفی صیفاتی اللەی پێ دەکەن.

وە غزالی دەڵێت: *لێرەدا سێ وشە دەڵێم: خوێندنەوە، خوێنراوە،قورئان.*
ئەما خوێنراوە: کەلامی اللەیە.
وە ئەما خوێندنەوە: لە زمانە، دەلالەت لە کردەوەی خوێنەر دەکات کە دەستی بە خوێندنەوە کرد لە کاتێکدا کە نەیدەکرد.

ئەڵێت: وە دەڵێین: خوێندنەوە کردەوەیەکە خوێنەر ئەنجامی داوە لە کاتێکدا کە پێشتر نەیدەکرد، کە هەست پێ کراوە.

قال: كلام الله تعالى مكتوب في المصاحف محفوظ في القلوب مقروء بالألسنة، وأما الكاغد والحبر والكتابة والحروف والأصوات كلها حادثة لأنها أجسام وأعراض في أجسام فكل ذلك حادث.
فنقول: ها هنا ثلاثة ألفاظ: قراءة، ومقروء، وقرآن. أما المقروء فهو كلام الله تعالى، وأما القراءة: فهي في اللسان عبارة عن فعل القارئ الذي كان ابتدأه بعد أن كان تاركاً له.
ولكن نقول: القراءة فعل ابتدأه القارئ بعد أن لم يكن يفعله وهو محسوس.
-كتاب الإقتصاد

ابو إسماعيل الاصبهاني دەڵێت; ئەشعەرییەکان وتیان: تیلاوە جیایە لە مەتلو، وە قیرائە جیایە لە مەقروء، تیلاوە و قیرائەت مەخلوقە.
-كتاب الحجة في بيان المحجة _فصل يدل على أن القران كلام الله

بۆیە بزانە وفقك الله کاتێك پرسیار لە لـەفظییەکانی ئێستا دەکەیت: دەربارەی ئەشعەرییەکان.
دەڵێن: ئەشعەرییەکان کافرن چونکە صیفاتی الله پەك دەخەن.

بەڵام لەم بابەتەدا ڕێچکەی ئەشعەرییەکانیان گرتۆتە بەر، هەمان جیاکاری ئەشعەرییەکان دەکەن، هەمان گومان و تەقەیودی ئەشعەرییەکان باس دەکەن، لـەم بابەتەدا ڕێچکەی ئەشعەرییەکان ئەکەنە قورگی خەڵکدا بەناوی ئەثەر و سەلەف، جا وەك ئەشعەرییەکان هەموو قسە و پرسیارەکانیان کەلام و مەنتقە، هیچی بە ئاثار نییە، وە هەر ئەثەرێك بهێنن یان مونکەرە، یان بەڵگەیە بەسەریانـەوە.

گەر کەسێك بڵێت: ئەتوانیت لەو ئاثارانە بێنیت کەوا مونکەرن ئیستدلالی پێ دەکەن؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، إِنْ شَاءَ اللّٰه لەو ئەثەرە مونکەرانە دەهێنین و گومانەکەیان لەو ئەثەرانە هەڵدەوەشێنینەوە هەر بەو ئەثەرە مونکەرانە توشی ئیلزاماتی وایان دەکەین نەتوانن لێ دەربچن.

١٤.هەڵوەشاندنەوەی گومانی یەکەم: ئیستیدلال کردن بە ئەثەری مونکەڕ

بزانە الله تعالی هیدایەتت بدات، ئەو کەسەی دەعوەی گومڕایی و ضەلال دەکات بێ بەڵگە نییە، هەمیشە بەڵگەی خۆی پێیە بۆ سەپاندنی ضەلالەکەی و فریودانی خەڵکی، بۆیە زانایانی سەلەف ئینکارییان کردووە لە دانیشتن و تێکەڵاویی و خوێندنەوەی نووسراو و کتێبی ئەهلی بیدع.

بەڵام ئایا بەڵگەکانیان لە شوێنی خۆیان داناوە و پێکاویانە؟ وە ئایا بەڵگەکانیان صەحیح و مەشهورە؟

بێگومان نەخێر، نە بەڵگەکانیان لە شوێنی خۆی داناوە وە نە بەڵگەکانیان مەشهور و موعەتبەڕە، بەڵگەکانیان ضەعیف و مونکەڕە.

بۆیە وەک ئەصڵ وەریگرە، لەم بابەتانە بەڵگەی مەشهور وموعتەبەڕ نەبوو وەری مەگرە، بەڵکو کە مەشهور و موعتەبەڕ بوو یان کە ئیجماعی (کۆدەنگی) لەسەر بوو ئەوکات وەریگرە.
بۆیە ان شاء الله، وەڵامی گومانەکەیان دەدەینەوە، بۆ ئەوەی وەك وێنەیەکی واقعی بێتە بەرچاوت کە مانای بەڵگەی (موعتەبەڕ، و مەشهور و موتەواتر یاخود ئیجماع) چۆنە.

یەکێك لە گومانەکانیان ئەثەرێك لە کتێبی الإبانة الكبرى دێنن بە قرتاوی و ئیستدلالی پێ دەکەن، وا دەزانن ئەو فێڵەیان بەسەر ئەهلی سوننە تێدەپەڕێت.

لـە ئەثەرەکە ئەوەندە دەهێنن: فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ لَفظِي بِالْقُرْآنِ مَخْلُوقٌ؟ أَوْ غَيْرُ مَخْلُوقٍ؟ فَانْبَسَطَ إِلَيَّ وَقَالَ: " مَا حَالُكَ، تُوَجِّهُ الْقُرْآنَ عَلَى خَمْسِ جِهَاتٍ: حِفْظٌ بِالْقَلْبِ، وَتِلَاوَةٌ بِاللِّسَانِ، وَسَمْعٌ بِالْأُذُنِ، وَبَصَرٌ بِعَيْنٍ، وَخَطٌّ بِيَدٍ؟ " فَأَشْكَلَ عَلَيَّ قَوْلُهُ، وَبَقِيتُ فِيهِ مُتَحَيِّرًا، فَقَالَ لِي: «مَا حَالُكَ، الْقَلْبُ مَخْلُوقٌ، وَالْمَحْفُوظُ بِهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ، وَاللِّسَانُ مَخْلُوقٌ، وَالْمَتْلُوُّ بِهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ، وَالْأُذُنُ مَخْلُوقٌ، وَالْمَسْمُوعُ إِلَيْهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ، وَالْعَيْنُ مَخْلُوقٌ، وَالْمَنْظُورُ إِلَيْهِ مِنْهُ غَيْرُ مَخْلُوقٍ»،

ئەم ئەثەرە بە پچڕاویی دەهێنن کە گوایا ئیمامی احمد بەم کابرایەی وتووە: دڵ مەخلوقە ئەوەی لە دڵدا حیفظت کردوە مەخلوق نییە، وە زمان مەخلوقە ئەوەی بەزمانت خوێندوتەتەوە مەخلوق نییە، گوێ مەخلوقە، ئەوەی گوێت بۆ گرتووە مەخلوق نییە، چاو مەخلوقە، ئەوەی بەچاو سەیرت کردووە مەخلوق نییە.

گوایا ئیمامی احمد تەفصیڵی وەك ئەوانی داوە، جیاوازی کردووە لـە نێوان خوێندنەوە و خوێندراوە، بیستن و بیستراو، بینین و بینراو.

کە لـە بەشەکانی پێشتر بە بەڵگەی صەحیح هێنامان کە پرسیاریان لە ئیمامی احمد کردوە، کە کەسێك جیاوازی دەکات لە نێوان تیلاوە و مەتلو، کە وتی: قورئان کەلامی اللەیە، بەڵام خوێندنەوەی من بۆ قورئان مەخلوقە.

وە کەسێك کە بڵێت: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، بەڵام لەفظی من ئەم لەفظە بە قورئان مەخلوقە.

ئیمامی احمد هەردووکی بە تەجەهوم دانا.

جا ئـەم ئەثەرە لـە چەن ڕوویەکەوە ضەعیف و مونکەرە و بەڵگەیە بەسەریانەوە.

1 لـە ڕوی ئیسنادەوە ئەثەرەکە ضەعیفە

لەو کەسانەی کە ئەثەرەکەیان گێڕاوەتەوە:

ـ أبو یوسف محمد بن المثنی الدینوري: کەسێکی مەجهولە.
ـ محمد بن عمران بن موسی: مەجهولە.

2 لە ڕووی مەتنەوە بەهەمان شێوە ئەثەرەکە لەو بەشەی کە قرتاندوویانە هێناویانە مونکەڕە وە ئەو بەشەی کە نەیان هێناوە بەهەمان شێوە مونکەڕە.

ئەثەرەکە ئەو بەشەی تر نەیان هێناوە بەم شێوەیەیە:

ابو احمد الاسدی دەڵێت: *پرسیارم لە ابو عبدالله کرد وتم: لەفظم بە قورئان مەخلوقە؟ یان غیر مەخلوقە؟ بە هیچ شتێك وەڵامی نەدامەوە، پاشان دووبارەم کردەوە، هەر وەڵامی نەدامەوە، پاشان چوومە سەفەر بۆ مەککە، کاتێک گەشتمە مەککە، خەوم لێ کەوت لە خەوما ﴿الله﴾م بینی کۆتا شت کە پێیم وت ئیلاهی: خوێندنەوەی من بە کەلامی تۆ غیر مەخلوقە؟ وتی: بەڵێ!!*

-کتاب الإبانة الکبری (٢٢٥٣)

والعیاذ بالله بە پێی ئەم ئەثەرە مونکەڕە بێت الله تعالی وتوویەتی لەفظی بەندەکان بە کەلامی الله غیر مەخلوقە!

دەی جەنابی لەفظیی کە ئیستدلال بەم ئەثەرە دەکەیت، مولزەمی مەجالی ڕاکردنت نییە کە دەبێت بڵێیت: لەفظم بە قورئان غیر مەخلوقە.

بەڵام ئێوە بەم ئەثەرە بێت ڕەدی اللەتان داوەتەوە کە لە ئەثەرە دەڵێت: الله وتویەتی لەفظی ئینسان بە کەلامی الله غیر مەخلوقە.

دەی خۆ ئێوە دەڵێن: لەفظتان بە کەلامی الله مەخلوقە.

بەم ئەثەرە بێت مولزەمن بڵێن: الله قسەیەکی کردووە بیدعییە.

والعياذ بالله، استغفرالله، پەنا بە الله لەم عەقیدە کوفرییەی لەفظییەکان و ئەو ئیلزاماتەی توشی دەبن.
یەکێك لە معارضە لەفظییەکان کە ئیستدلالی بەم ئەثەرە مونکەرە کردوە لە **لاپەڕە ٦٩** یـ کتێبە تەجەهومەکەی دەڵێت: گەرچی ئەم ئەثەرە مونکەرە بەڵام ابن بطة لە کتێبی عەقیدەیی لە بابەتی لەفظییەکان ئەم ڕیوایەتە ئەهێنێت ئەوە مانای ئەوەیە کێشە نییە بوترێت: زمان و دڵ و چاوو گویێ مەخلوقن کە قورئان غیر مەخلوقە ئەیخوێنینەوە و حفظی دەکەین و ئەیبینن و ئەی بیستن هەر وەک لە ڕیوایەتەکە هێناوییەتی لە ئیمام احمدەوە.

ویحك معارضی لەفظیی لە جەهل و غبائی خۆت بە مەنهەجی زانایانی سەلەف لە ڕێچکەی هێنانەوەی ئاثارەکان لە کتێبەکانیان توشی کوفر بوویت و خۆت توشی ئیلزاماتی وا کردووە نەتوانیت لێی دەرباز بیت.

تۆش کە ئەو ئەثەرە مونەکەڕەت هێناوە ئیستدلالی پێ دەکەیت، لە ئەثەرەکە دەڵێت الله وتویەتی: لەفظی بەندەکان بە کەلامی الله غەیر مەخلوقە.

لەولاشەوە (بەحساب) ئیمامی احمد دەڵێت: لەفظ و زمان و دڵ لە کاتی خوێندنەوە و گوێگرتن و حفظی قوڕئان مەخلوقە.

لە لایەک توشی کوفر بوویت: کە قەولی ئیمام احمدت بەسەر قەولی الله هەڵبژاردووە.

لەلایەکی تر جارێکی تر توشی کوفر دەبیت مولزەم دەبیت بڵێیت: ئەم قسەی الله بیدعەیە کە دەڵێت: لەفظیی بەندەکان بە کەلامی الله غیر مەخلوقە.

دیسان لەلایەکی تر مولزەم دەبیت کوفر بدەیتە پاڵ ئیمامی احمد چونکە فەرموویەتی: ئەوەی بڵێت لەفظم بە قوڕئان غیر مەخلوقە موبتەدیعە.
واتا: ئیمامی احمد قەولی اللەی بە بیدعە داناوە.

والعیاذ بالله لە بێ ئەقڵی و جەهلی ئەم لەفظییە ئەشعەرییانە، وە ئەو تەفریقەی لەو ئەثەرە هاتووە هەمان قسەی ئەشعەرییەکانە کە لە بەشی (شێواندن و خیانەتی لەفظییەکان بۆ بەڵگەکان) وتەی ئەشعەرییەکانمان هێناوە.

معارضی لـەفظی هـەر زانایەکی سەلەف مەنهەج و ڕێگایەکی هەیە لەو کتێبانەی نووسیویانە، مـەنهـەجی ئیمامی ابن بطه بـەم شێوەیە، لـەسەرەتای بەشەکە باسی بابەتەکە دەکات، بۆ نموونە باسی لەفظییەکان و وتە و بیروباوەڕیان دەکات.

ئینجا بە ئایەت وحەدیث ڕەدیان دەداتەوە پاشان ئاثاری سەلەف نەقڵ دەکات دەربارەیان کەوا لەو بەشە چییان وتووە و چۆن حوکمیان داوە بەسەریان، وە ئینجا خۆشی لە کۆتایەکەی قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکات و حوکمیان لەسەر دەدات و باسی دەکات عەقیدەی سەلەف لەو بابەتە چییە.

وە بـۆیەش کە ئەو ئەثەرە مونکەڕەی هێناوە، بۆ ئەوە بووە کە ئەم ئەثەرە مونکەڕە بناسرێت و بزانرێت لـەم بەشە ئەو ئەثەرە مونکەڕە هەیە، تا لـەفظییەکی جەهمی نەیەت ئیستدلالی پێ بکات وا بزانێت هەنگوینی بە دارا دۆزیوەتەوە و تۆش ئاگادار نەبیت لەم بەشە ئەو ئەثەرە مونکەڕە هەیە.

پرسیاریان لە ابو حاتم کرد وتیان: لەوانەیە زانایانی ئەم ئومەتە حەدیثێکیان ڕیوایەت کردبێت کە ئەصڵی نییە و صەحیح نییە.

فەرمووی: زانایانیان حەدیثی صەحیح جیادەکەنەوە و دەیناسنەوە لە حەدیثی ضەعیف، وە ڕیوایەتیان بۆ ئەو حەدیثە بۆ ئەوەیە ڕوون بێت بۆ ئەوانەی دوای خۆیان کە ئاثارەکانیان جیاکردۆتەوە و حفظیان کردوە.

-كتاب شرف أصحاب الحديث

یاخود ئیمامی سوفیانی ثەوری فەرموویەتی: من حەدیث *لەسەر سێ شێوە دەنوسمەوە یەکێك لەو شێوانە ئەوەیە تا بیناسم و بزانم ئەو حەدیثە هەیە.*

قال: إِنِّي لأَكْتُبُ الْحَدِيثَ عَلَى ثَلَاثَةِ وُجُوهٍ: فَمِنْهُ مَا أَتَدَيَّنُ بِهِ، وَمِنْهُ مَا أَعْتَبِرُ بِهِ وَمِنْهُ مَا أَكْتُبُهُ لأَعْرِفَه.

جا ئیمامی ابن بطە بۆ ئەو مەبەستە ئەو ئەثەرەی هێناوە تا بزانرێت لەو بەشە ئەثەری مونکەڕ هەیە.

کە لەبەرامبەردا ئەو ئەثەرە مەشهور و موعتەبەرانە هەیە لە ئیمامی احمد کە تەفصیلی نەداوە و ئیمامی احمد فەرموویەتی: *ئەوەی بڵێت لەفظم بە قورئان مەخلوقە جەهمییە.*

جا ڕێك لە دوای ئەم ئەثەرە مونکەڕە، ئەثەر نەقڵ دەکات لە ئیمامی عبداللە وە کە لای ئیمامی احمد ئەوەی بڵێت: *لەفظم بە قورئان مەخلوقە؛* جەهمییە.

وە عبدالله: فەرمووی: *باوکم ڕقی لەوە بووە لە مەسئەلەی لەفظ قسە بکرێت، ڕقی لەوە بووە بڵێیت مەخلوق و غیر مەخلوق.*

معارضي لەفظی ئەڵێی کوێری نابینیت؟! یان وا دەزانن دەتوانن فێڵ بکەن و بۆتان دەچێتە سەر.

جا ئیمامی إبن بطە رحمە اللە دوای ئەو ئەثەرە مونکەڕە، ئەثەرە مەشهور و موحکەمەکان نەقڵ دەکات و ئینجا خۆشی تەعلیق دەدات و قسە لەسەر باسەکە دەکات.

دەفەرمووێت: ئەم ڕیوایەت و ئاثارانەی کە هێنامانەوە و ڕیوایەتمان کرد لە پێشینان و زانایان و پێشەوایانمان بەوە دەڵێین، وە ئیقتدایان پێ ئەکەین، بە ڕوناکیی ئەوان ڕیگامان ڕۆشن دەکەینەوە، ئەوان پێشەوا و زانای عاقڵ و ئامۆژگاری کارن، ئەوانن کەوا بێزارنابیت لە باس کردنیان، بەڵکو ڕەحمەت دادەبەزێت لە باس کردنی هەواڵەکانیان و گێڕانەوەی ئاثارەکانیان

دەڵێین: قورئان وتەی اللەیە، وەحی اللەیە، دابەزێنراوی اللەیە، زانستێکە لە زانستی اللە، ناوە چاکەکانی اللەی تیایە، وە صیفاتە بەرزەکانی تیایە کە مەخلوق نییە هەر چۆنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وە لەسەر هەموو حاڵێک، ناوەستین،وە گومان ناکەین

- **ئەوەی بڵێت:** مەخلوقە.
- **یان بڵێت:** وتەی اللەیە و بوەستێت.
- **یان بڵێت:** لەفظم بە قورئان مەخلوقە.

ئەمانە گشتیان جەهمیی و گومڕا و کافرن، گومان لە کوفریان ناکرێت.

- **ئەوەی بڵێت:** لەفظم بە قورئان مەخلوقە؛ ئەوە گومڕا و گومڕاکەر و جەهمییە.

- **ئەوەی بڵێت:** لەفظم بە قورئان مەخلوق نییە، ئەوە موبتەدیعە، قسەی لەگەڵ ناکرێت تا دەگەڕێتەوە لە بیدعەکەی، و تەوبە دەکات لەو قسەیەی.

ئەمە مەذهەبی ئێمەیە، شوێنی پێشەوایانمان تیایدا کەوتووین، ئیقتیدامان بە شێخەکانمان کردووە ڕەحمەتی اللەیان لێبێت، وە ئـەمە وتەی پێشەوامان احمدی کوڕی حەنبەلە رحمه الله.

٢٥٥٩ ـ قال الشيخ: فبهذه الروايات والآثار التي أثرناها ورويناها عن سلفنا وشيوخنا وأئمتنا نقول، وبهم نقتدي وبنورهم نستضيء، فهم الأئمة العلماء العقلاء النصحاء، الذين لا يستوحش من ذكرهم، بل تنزل الرحمة إذا نشرت أخبارهم، ورويت آثارهم، فنقول:

إن القرآن كلام الله، ووحيه وتنزيله، وعلم من علمه، فيه أسماؤه الحسنى وصفاته العليا غير مخلوق كيف تصرف، وعلى كل حال، لا نقف، ولا نشك، ولا نرتاب

- **ومن قال:** مخلوق.
- **أو قال:** كلام الله ووقف.
- **أو قال:** لفظي بالقرآن مخلوق

فهؤلاء كلهم جهمية ضلال كفار، لا يُشَكٍّ في كفرهم.

- **ومن قال:** لفظي بالقرآن مخلوق، فهو ضال مضل جهمي.
- **ومن قال:** لفظي بالقرآن غير مخلوق؛ فهو مبتدع، لا يُكلم حتى يرجع عن بدعته، ويتوب من مقالته.

فهذا مذهبنا، اتبعنا فيه أئمتنا، واقتدينا بشيوخنا رحمة الله عليهم، وهو قول إمامنا أحمد بن حنبل.

-كتاب الإبانة الكبرى _ ذكر اللفظيه والحذير من رأيهم ومقالاتهم

معارضي لەفظی چیت بۆ مایەوە؟ تۆ ناڵێیت کە ابن بطه ئەم ئەثەرەی هێناوە مانای وایە موافەقەیەتی و بەلایەوە ئاساییە تەفرەقە بکرێت؟

فەرموو بۆ کە لە کۆتاییدا قسەی لەسەر بابەتەکە کرد، نەیوت ئەم تەفریقە بەم شێوەیە ئاساییە؟

بەڵکو بە پێچەوانەوە حوکمی کوفری بەسەرتاندا و فەرمووی: *ئەوەی بڵێت لەفظم بە قورئان مەخلوقە جەهمییە.*

وە فەرمووی: *ئەوەی بڵێت: لەفظم بە قورئان غەیر مەخلوقە؛ موبتەدیعە.*

معارضي لـەفظی دووبارە توشی ئیلزام بوویتەوە؛ مولزەمیت بڵێیت ابن بطەش وتەی اللهی بە بیدعە داناوە؛ کە لە ئەثەرەکە وتی لەفظی بەندەکان بەکەلامم غیر مەخلوقە.
معارضی لەفظی بەو ئەثەرە مولزەم دەبیت تەکفیری تەواوی زانایانی سەلەف بکەیت کە وتویانە ئەوەی بڵێت: لەفظم بە قورئان غەیر مەخلوقە موبتەدیعە.

مولزەم دەبیت تەکفیریان بکەیت و بڵێیت: وتەی اللەیان بە بیدعە و گومڕایی داناوە.

جا ئـەمە نمونەیەک بوو بۆ ئەو کەسەی حەقی ئەوێت

تا بزانێت ئەم لەفظییانە لەسەر باطڵن دینیان لەسەر ئاثاری مونکەڕ وباطل بونیاد ناوە کە پشت لە ئیجماع و ئاثاری مەشهور و موحکەم و موعتەبەڕی سەلەف دەکەن، وە موافەقەی ئەشعەرییەکان دەکەن.

بۆیە ئەو ئەصڵەی باسمان کرد کە ئیستدلال ناکرێت بە بەڵگەی (ضەعیف و مونکەڕ و موتەشابهـ و دژە ئیجماع)
چونکە ئەم هەموو ئیلزاماتە دێتە پێشت.

وە ئەو ئەصڵەی باسمان کرد کە بیگرە بەر و دەستی لێ بەرمەدە کە دینی لەسەر بونیاد بنێ کە بەڵگەی (صەحیح و مەشهور و موعتەبەڕ و ئیجماع)ـە کە إِنْ شَاءَ اللَّه سەلامەت دەبیت لەم هەموو کوفر و ئیلزاماتەی ئـەم لەفظییە توشی بوو لە ئیستدلال کردن بە بەڵگەی مـونکەڕ بۆیە ئەوەی ئـەصڵە لە بابەتەکە کە إن شاء الله لە بەشێکی تایبەت دەچینە سەری (قسە ناکرێت لە بابەتی لـەفظ و تەفصیل نادرێت)

ئیمامی عبدالله دەفەرمووێت: *باوکم ڕقی لەوە بووە لە لە بابەتی لەفظ هیچ قسەیەک بکرێت، یان بوترێت مەخلوقە، یان غیر مەخلوقە.*

قال عبدالله: وَكَانَ أَبِي رَحِمَهُ اللَّهُ يَكْرَهُ أَنْ يَتَكَلَّمَ فِي اللَّفْظِ بِشَيْءٍ، أَوْ يُقَالَ مَخْلُوقٌ أَوْ غَيْرُ مَخْلُوقٍ

-كتاب السنة (١٧٠)

ئیمامی عبدالله دەفەرموویێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەی مەبەستی مەخلوق بێت: ئـەوە جەهمییە.

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله

بۆیە ئەوە ئەصڵی ثابت و موحکەمە لەو بابەتە و إجماعی لەسەرە کە لە بابەتی لـەفظ قسە ناکرێت.

١٥.هەڵوەشاندنەوەی گومانی دووەمی لەفظییەکان: ئەثەرەکەی سوننەی خلال

له بەشی دووەمی وەڵامی گومانی لـەفظییەکان باس لـه فەهمی سەقەت و منداڵکارانەیان دەکەین بۆ تێگەیشتن لـه دەقەکان، لێرە جەهلی ئەم لـەفظییانەت بۆ دەردەکەوێت کە چەندێك تێگەشتنیان تەسك و منداڵکارانەیە بەڵگە دێننەوە بە ئەثەرێکی سوننەی ئیمامی خلال.

احمدی کوڕی حسنی الترمذي دەڵێت: *پرسیارم لە احمد کرد وتم: ئەی باوکی عبد الله ئەوەی ڕوویدا دەربارەی قورئان ڕوویدا، گەر پرسیارم لێ کرا دەربارەی قورئان چی بڵێم؟*

پێی وتم: ئایە تۆ مەخلوق نیت؟ وتم: بەڵێ.
وتی: ئایە هەموو شتێك لە تۆدا مەخلوق نییە؟ وتم: بەڵێ.
وتی: ئەی قسەکردنت ئەویش لە تۆ نییە و مەخلوق نییە؟ وتم: بەڵێ.
وتی: ئەی کەلامی الله ئایە لە اللەوە نییە؟ وتم: بەڵێ.
وتی: ئایە شتێك هەیە لە اللەدا مەخلوق بێت؟
-کتاب السنة (١٨٣٧)

ئـەم لەفظییە فەهم سەقەت و ضەعیفانە ئیستیدلال بـەم ئەثەرە دەکەن، گوایا ئیمامی احمد تەفصیلی داوە، جیاوازی کردووە لـه نێوان لەفظ و مەلفوظ و لە کاتی قورئان خوێندن کردەوەی بەندەی بە مەخلوق داناوە.

لـە وەڵامی ئەم گومانە دەڵێین:

1 ئـەم ئەثەرە دوور و نزیك پەیوەندی بـە بابەتی لـەفظەوە نییە.

لەوانەیە بڵێیت چۆن؟

و ئەم ئەثەرە باسی بابەتی خەلقی قورئان دەکات.

ئیمامی خلال لـە بەشی (بيان كفرهم لأن القران من الله،ولا يكون من الله شيء مخلوق)

واتا بەشی ڕوونکردنەوەی کوفریان چونکە قورئان لە اللەوەیە وە هەر شتێك لە اللەوە بێت مەخلوق نییە.

یەکەم ئەثەر لـەم بەشەدا ئیمامی احمد دەفەرموویێت: ئەوەی بڵێت قورئان مەخلوقە، واتا: وتویەتی الله مەخلوقە.

2 احمدی کوڕی حسن پرسیاری لێدەکات باسی فیتنەی خەلقی قورئان دەکات، وتی: گەر پرسیارم لێ کرا چی بڵێم؟

ئیمامی احمد بۆی ڕون کردەوە کە هەر شتێك لە عەبد بێت مەخلوقە، بۆ نمونە دەست، دەم، چاو،قاچ، قسە کردن، ئەمانە گشتی لـە مەخلوق: مـەخلوقە.

بەڵام تەواوی ناو و صیفاتەکانی الله؛ کە لە اللەوەیە مەخلوق نییە.

ئیمامی احمد بۆی ڕوون دەکاتەوە کە بەم قەولە مولزەمیان بکات کە کەلامی الله؛ لە اللەوەیە، کەواتە هەر شتێك صیفەتی الله بێت مەخلوق نییە.

وەک چۆن ئیمامی احمد فەرمووی: *ئەوە بڵێت قورئان مەخلوقە، واتا وتویەتی: الله مەخلوقە.*

جا ئەم ئەثەرە چ پەیوەندییەکی بە لەفظ و مەلفوظەوەیە؟

دواتر معارضی لەفظی بۆ ئەثەرێك پێش ئەوە ناهێنێت؟

ئیمامی احمد دەفەرموویێت: *قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە* بە *هەموو جهەتەکانیەوە.*

وە لەسەر هەموو مامەڵە پێکردنێک، وە هیچ شتێك لە اللەوە مەخلوق نییە.

معارضی لەفظی، ئێوە و لەفظییە گەورەکەتان نەفی جیهەتی قورئان دەکەن.

معارضی لەفظی لەم ئەثەرەی ئیمامی احمد رحمه الله کە بەسەقەتی ئیستدلالت پێ کرد.

ئیمامی احمد وتی: ئەوەی لە اللەوە بێت مەخلوق نییە جا ئیمامی احمد بەم قەولەی دوو جار مولزەمیان دەكات

1 گەر وتیان كەلامی الله؛ لە اللەوە نییە، ئەوە كافر دەبن.

وەك لە چەن ئەثەرێک دوای ئەوە
وەكیع دەفەرموویێت: *ئەوەی وتی: كەلامی الله؛ لە اللەوە نییە، ئەو كوفری كردووە.*

2 گەر بشڵێن: كەلامی الله؛ لە اللەوەیە بەڵام مەخلوقە، بەهەمان شێوە كوفریان كردوە.

وەک وەكیع فەرمووی: *ئەوەی بڵێت: شتێك هەیە لە اللەدا مەخلوقە، ئەوە كوفری كردوە.*
-كتاب السنه لعبدالله (١٨٥١)

وەک ئیمامی احمد فەرمووی: *ئەوەی بڵێت شتێک لە الله مەخلوقە واتا؛ وتویەتی الله مەخلوقە.*

دەی معارضی لەفظی پێمان ناڵێی: ئەم باسە چ پەیوەندی بە بیدعەكەی ئێوەدا هەیە؟

بۆیە بزانە وفقك الله: ئەم لەفظییانە ئەوەنە نەفامن، نازانن ئیستیدلال بە چی بکەن بۆ سەرخستنی مەذهەبەکەیان، دەست بۆ هەر بەڵگەیەک دەبەن ئیلا بەڵگەیە بەسەر خۆیانەوە.

١٦.هەڵوەشاندنەوەی گومانی سێیەمی لەفظییەکان

معارضي لەفظی لە ئیستدلال کردنی بە وتەی ئیمامی احمد کە لە بەشی پێشوو گومانەکەمان هەڵوەشاندەوە،کە لەگەڵ ئەو ئەثەرەدا ئیستدلالیان بە وتەیەکی ئیمامی الدارمی کردبوو، کە ئەویش بەڵگە نەبوو بە دەستیان.

پاشان معارضی لـەفظی وتی: جیاکردنەوەی فعلی عەبد لە قورئاندا لە کاتی قورئان خوێندن یان نووسین لە عەقیدەی ئەهلی سوننەیە و بیدعە و کوفر نییە.

معارضی لـەفظی بەڵکو ئەوە ڕێک عەقیدەی ئەشعەرییەکان و لـەفظییەکانە، وەك لە بەشی (خیانەتی لەفظییەکان) وتەی ئەشعەرییەکانمان نەقڵ کردووە لەو بابەتە،کـە ئەوان جیاوازی دەکەن لـە نێوان خوێندنەوە و خوێندراوە، نووسین و نووسراوە، کە بەلایانەوە خوێندنەوەی قورئان مەخلوقە، نووسینەوەی قورئان مەخلوقە.
کـە لـەفظییەکان ئەو مەذهەبەی بانگەشەی بۆ دەکەن مـەذهەبی ئەشعەرییەکانە، سەلەف لێی بەرین.

جا لە وەڵامی ئەو گومانەی کە ئیستدلال بە وتەی ئیمامی الدارمی دەکەن دەڵێین: ئیمامی الدارمی رحمه الله ڕەدی واقیفەکانی داوەتەوە (ئەوانەی دەیان وت: قورئان کەلامی اللەیە، بەڵام دەیان وت نازانین مەخلوقە یان غەیر مەخلوقە).

جا ئیمامی الدارمی مولزەمیان دەکات و باسی ئەوە دەکات هەموو صیفەتەکانی خالق کە لە خالقەوەیە مەخلوق نییە.

وە هەموو صیفەتەکانی مەخلوق کە لە مەخلوقەوەیە؛ مەخلوقە.

ئیمامی دارمی دەفەرموویێت: *سەیری ئەم قورئانە بکەن، گەر لایان لە صیفاتی مەخلوقەکان بێت، ئەوە نابێت گومانیان هەبێت لە مەخلوقەکان؛ لە وتە و صیفەتیان گشتی مەخلوقە گومانی تیا نییە.*

ئەوکاتە مولزەمن لە بانگەشەتاندا؛ وەک جەهمییەکان بڵێن: قورئان مەخلوقە.

جا گەر لاتان صیفەتی خالقە (الله) و وتەیەتی، لە ئەوەوە دەرچووە، بەمە نابێت بۆ کەسێك ئیمانی بە الله و ڕۆژی دوای هەبێت گومانی هەبێت لە شتێك و صیفەتێکی الله، کە لە اللهوەیە؛ مەخلوق نییە.

قال الدارمي رحمه الله: فالخَالِقُ بجميع صفاته؛ غَيْرُ مخلوق، والمخلوق بجميع صفاته؛ مخلوق، فانظروا في هذا القرآن، فإن كان عندكم صفة المخلوقين؛ فلا ينبغي أن تشكوا في المخلوقين وفي كلامهم وصفاتهم؛ أنها مخلوقة كلها لا شك فيها، فَيَلْزَمُكُم في دعواكم حينئذ أن تقولوا كما قالت الجهمية، فلتستريحوا مِنَ القَال والقيل فيه، وتغيروا عن ضمائركم، وإن كان عندكم هو صفة الخالق وكلامه حقا، ومنه خَرَجَ، فلا ينبغي لمُصَلّ يؤمن بالله واليوم الآخِرِ أَن يَشُك في شيء مِنْ صِفات الله وكلامه الذي خَرَجَ منه؛ أَنَّه غَيْرُ مخلوق.

-كتاب الرد على الجهمية

ئیمامی الدارمی وەك ئیمامی احمد ڕەحمەتی الله لە هەردووکیان بێت: بەهەمان شێوە بەوە مولزەمیان دەکات کە دان بنێن بەوەی بڵێن: صیفەتی اللەیە و لە اللەوەیە؛ ئەوە مولزەمن بڵێن: غیر مەخلوقە.

گەرنا مولزەم ئەبن وەك جەهمییەکان ئاشکرای بکەن کە مەبەستیان ئەوەیە قورئان مەخلوقە.

پێمان بڵێ معارضی لـەفظی ئەم وتەی ئیمامی الدارمی و وتەی ئیمامی احمد؛ چی پەیوەندیەکیان بە بابەتی لەفظ و مەلفوظەوە هەیە؟

جـا ئەمە یەکێکی تر لە گومانەکانیان بوو، بۆ ئەو کەسەی لەو بابەتە دەکۆڵێتەوە لێی ئەخوێنێتەوە پێیان هەڵنەخەڵەتێت و بزانێت کە بەڵگەکانیان لەڕووی سەنەدەوە صەحیح بوو؛ ئەوە تێگەشتنیان بۆ ئەو بەڵگەیە هەڵەیە و قیاس کردنە سەر دوو بابەتی جیایە، کە ڕەشاوی ناخی خۆیانیان بەسەر باراندووە و ئیبلیسی لەعین بۆی ڕازاندونەتەوە.

١٧. هەڵوەشاندنەوەی گومانی چوارەمی لەفظییەکان

لای لـەفظییەکان موصحەف کە قورئانی تیادا نووسراوە مـەخلوقە، بەڵام ناوێرن دەری ببڕن لـە ترسی ڕسوابونیان لە ناو خەڵکی، چونکە ئەوکاتە ئاشکرا دەبن خەڵک تەکفیریان دەکات و نەفرینیان لێ دەکات.

گەر کەسێك پرسی: بەچ بەڵگەیەك لای ئەوان ئەو موسحەفەی وتەی اللەی تیا نووسراوە کە قورئانە مەخلوقە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەوان لـە مەسئەلەی لەفظ بە قورئان، تیلاوەی قورئان، قیرائەی قورئان، یاخود القراءة غیر المقروء لـەو بابەتانە گشتی هەندێکیان ناوێرن بە ئاشکرا بڵێن: لەفظمان بە قورئان مەخلوقە،
یان بڵێن: خوێندنەوەمان بە قورئان مەخلوقە.
یان بڵێن: موصحەف مەخلوقە.
دێن قسەی فریودەر و توێکڵدار دەکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی چەواشە بکەن، دەڵێن لەوح المحفوظ کە کەلامی اللەی تیایە مـەخلوقـە.

ئەمە کۆتا هەوڵدانیانە لەو بابەتە گەرنا هیچیان پێ نەماوە، کە کۆمەڵە گومانێکیان هێناوە کە گوایا مانای ئەوە دەدات لـەوح دوای نووسینەوەی قورئان و علمی الله تیایدا پێی وتراوە مـەخلـوق.

کە ئەو کەسانەی تێگەیشتنیان نییە یاخود زانستیان نییە و ئەهلی تەحقیق نین لەوانەیە پێی فریو بخۆن بەڵام الحمدلله بابەتەکە لای ئەهلی سوننە زۆر ڕوونە.

معارضی لـەفظی پرسی و وتی: لـەوح مەخلوقە؟

وتم: مەبەستت لـە چ لەوحێکە؟

ئەو لـەوحەی وێنە و شتی مەخلوقاتی لەسەر کێشراوە؟

یان ئەو لـەوحە دەڵێیت؛ کە علم و کەلامی اللەی تیا نووسراوە؟ کە قورئانی تیا نووسراوە کە اللوح المحفوظە؟

وتی: ئەو لەوحەی إبن عباس وتی: کەلامی الله تیا نـووسراوە و مەخلوقە.

لـە وەڵامدا دەڵێین: ئـێمە ئەزانین کە باسی مەخلـوق دەکەن هەموو وتەکانتان لـە دەوری قورئان دەسورێتەوە، هـەر بابەتێك دەکەنەوە باسی مـەخلوقیەت دەکەن ئەصڵی بابەتەکەتان دەگەڕێتەوە سەر قورئان و کەلامی الله.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویت: *گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مەخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.*

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.
-كتاب السنة لعبدالله

ئەمە وتەی ئیمامی احمدە کە هەر کەسێك باسی مەخلوقیەتی کرد لە هەر بابەتێك بوو، کە ئەصڵی بابەتەکە لە دەوری قورئان بخولێتەوە ئەوە جەهمییە.

ابو الشيخ لە کتێبی العظمة ڕیوایەتی دەکات لە إبن عباس ـەوە فەرموویەتی: *الله عزوجل لوح المحفوظی دروست کرد کە بە درێژایی سەد ساڵ ڕێ بوو، بە قەڵەمی وت پێش ئەوەی دروست کراوەکان دروست بکات کە الله لەسەر عەرش بوو: زانستی من بنووسە دەربارەی دروست کراوەکانم، قەڵەمیش ڕووداوەکانی تا ڕۆژی قیامەتی نووسی کە ڕوو دەدات.*

ـ عَن ابْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: " خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اللَّوْحَ الْمَحْفُوظَ كَمَسِيرَةِ مِائَةِ عَام، فَقَالَ لِلْقَلَم قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ الْخَلْقَ وَهُوَ عَلَى الْعَرْشِ: اكْتُبْ عِلْمِي فِي خَلْقِي، فَجَرَى بمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ.
-كتاب العظمة

معارضی لـەفظی ئەم ئەثەرەی ابن عباس الله تعالی لێی ڕازی بێت هیچ بەڵگەیەکی تیا نییە بە دەستەوە، وە تۆ درۆ و ئیفترات بە دەمی ابن عباس کرد کە وتت دوای نووسینەوەی کلام و علمی الله لە لەوح وتویەتی: مەخلوقە.

بەڵکو ابن عباس رضي الله عنهما باسی سەرەتای دروستکردنی لەوح و ئەندازەی دەکات کە پێش ئەوەی کەلامی اللەی تیا بنووسرێت، پاشان الله تعالی فەرمان بە قەڵەم دەکات علمی الله لە لەوح بنوسێتەوە؛ هەرگیز دوای نووسینەوەی علمی الله لە لەوح بە مەخلوق وەصفی نەکردووە.

وە ئەو ئەثەرانەی کە لە ابن عباسەوە هاتوە کە وشەی خەلقی تیایە وەك ئەوەی ابو الشیخ ڕیوایەتی کردوە گشتی ئینسادی ضەعیفە، وە گەر بڵێین: صەحیحن ئەوە هەر مانای ئەوە نادات، کە دوای نووسینەوەی علمی الله لە لەوح وتبێتی مەخلوقە، بەڵکو باسی سەرەتای دەکات و باسی پێش نووسینی دەکات تیای.

وە صەحیح ترین ئەثەر کە ماناکەی تەواوترە و صەحیح ترین و بەهێزترین ئیسنادی هەیە لەم بەشە ابو جعفری طبری ڕیوایەتی دەکات لە إبن عباسەوە کە فەرموویەتی: *الله لەوحێکی مەحفوظی هەیە بە درێژایی ٥٠٠ ساڵە.*

ـ **حدثني** محمد بن سهل بن عسكر قال: حدثنا عبد الرزاق قال: أخبرنا ابن جريج, عن عطاء, عن ابن عباس قال: إن لله لوحًا محفوظًا مسيرةَ خمسمِائة عام.

-تفسير الطبري

کە صەحیحترین و مەشهورترین ئەثەرە لەو بەشە، کە عبدالرزاق بەهەمان شێوە بەو لەفظە ڕیوایەتی کردووە، کە وشەی خەلقی هەر تیانییە.

معارضی لەفظی ئێوە: کە دەڵێن لـەوح مەخلوقە، لازمی قەولتانە کـە بڵێن: قورئان و علمی الله مەخلوقـە.

❶ لـەوح قورئانی تیا نووسراوەتەوە:

الله تعالی دەفەرمووێت:«بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ (21) فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ»

تەنانەت بەشێك لـە لـەفظیەکانیش جورئەتیان نەبووە ئەو قسەیە بکەن، بەڵکو وتویانە ئەو قورئانەی خەڵکی دەیخوێننەوە گێڕانەوەیە (حیکایەت)ـە بۆ ئەو قورئانەی لـە لەوحی محفوظ دایە.

ئیمامی الاجری دەفەرمووێت: وە بەهەمان شێوە ئەوەی وتی: *(ئەو قورئانەی خەڵکی دەیخوێننەوە، کە لە موصحەفەکاندایە گێڕانەوەیە بۆ ئەوەی لە ناو لەوحی مەحفوظ دایە)؛ ئەمەش وتەیەکی مـونکەرە، زانایان ئینکارییان لێکرد.*

-کتاب الشريعه

❷ لـەوح قەدەری بەندەکانی تیا نووسراوە.

إبن عباس دەیگێڕێتەوە لە رسول اللهوە ﷺ کە فەرموویەتی: یەکەم شت کە الله دروستی کرد قەڵەم بوو، کە قەڵەم تا ڕۆژی قیامەت چی ڕوو ئەدات نووسی.

١٤٧٤ ـ حدثنا أبو صالح محمد بن أحمد بن ثابت، قال: حدثنا أبو الأحوص محمد بن الهيثم القاضي، قال: حدثنا نعيم بن حماد، قال: حدثنا عبد الله بن المبارك، قال: أخبرنا رباح بن زيد، قال: أخبرنا عمر بن حبيب عن القاسم بن أبي برة، عن سعيد بن جبير، عن ابن عباس، قال: قال رسول الله ﷺ: «أول ما خلق الله تعالى القلم، فجرى بما هو كائن إلى يوم القيامة.

-كتاب الإبانة الكبرى

2 لەوحی مەحفوظ کتابی الله

ابن عمر دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ فەرموویەتی: یەکەم شت کە الله دروستی کرد قەڵەم بوو، بە دەستی ڕاستی قەڵەمی گرت، وە هەردوو دەستی لە ڕاستیەتی، دونیا و هەرچی لە دونیادا هەیە لەو کردنەوانەی ئەنجام ئەدرێن، لە باش وخراپ، لە تەڕ و وشك نووسی، لە لای خۆی لە الذکر نووسیویەتی، پاشان فەرمووی: گەر ویستان بیخوێنەوە: «**هَٰذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**»
کۆپی کردن لە شتێك دەبێت ئیلا لە شتێکە کە پێشتر تەواو بووە.

عن ابن عمر قال: قال رسول الله ﷺ: أول شيء خلقه الله ان القلم، فأخذه بيمينه وكلتا يديه يمين، فكتب الدنيا وما يكون فيها من عمل معمول بر او فجور، رطب أو يابس، فأمضاه عنده في الذكر، ثم قال: اقرءوا إن شئتم: (**هَٰذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ ۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**) فهل تكون النسخة إلا من شيء قد فرغ منه.

-كتاب الإبانة الكبرى (١٤٧٩)

3 لەوحی محفوظ ذکره

الله تعالی دەفەرمووێت: «**وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ**».

عبداللەی ابن عباس فەرموویەتی: یەکەم شت کە *الله* دروستی کرد قەڵەم بوو.

فەرمووی: *فەرمانی پێکرد، ئەویش ئەوەی ڕوو ئەدات نووسی.*

فەرمووی: *یەکێك لەوانەی کە نووسی*«**تَبَّتْ يدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ**»*بوو.*

٨٤٨ ـ **حدثني** أبي ثنا هشيم،أنا منصور ـ يعني: ابن زاذان عن الحكم بن عتيبة، عن أبي ظبيان، عن ابن عباس قال: إن أول ما خلق الله عزوجل

القلم، قال: وأمره؛ فكتب ما هو كائن.

قال: فكتب فيما كتب: «**تَبَّتْ يدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ**».

-كتاب السنة لعبدالله

ئەو کەسەی دەڵێت لەوح مەخلوقە واتا: وتویەتی قەولی الله «**تَبَّتْ يدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ**» کە لە لەوحدا نووسراوە مەخلوقە، ئەوەش کوفرە خیلافی تیانییە.

وە تەواوی ئەو ئاثارانەی لەو بارەوە هاتوون کە لە بارەی لەوحدا هاتووە گەرچی ضەعیفن بەڵام وەك وتمان باسی سەرەتای دروست بوونی دەکات پێش ئەوەی کەلام و عیلمی اللەی تیادا بنووسرێت.

دوای ئەوەی کە علم و وتەی الله تعالی ـ تیا نووسرایەوە پێی ناوترێت مەخلوق، وە هیچ یەکێك لـە زانایانی سەلەف دوای ئەوەی علم و زانستی اللەی تیا نووسراوە نەیان وتووە مەخلوقە.

وە ئـەو کـەسەی دەڵێت لـەوحی مەحفوظ مەخلوقە؛ ئەوە وتویەتی: علمی الله مەخلوقە.

ابن عباس پرسیاری لە کەعب کرد دەربارەی (أم الکتاب) فەرمووی: *"ئەوە بریتییە لە زانستی خودا؛ زانستی ئەو بەوەی کە خۆی خوڵقێنەری چییە و بەدیهێنراوەکانیشی چی دەکەن. پاشان بە زانستەکەی فەرموو: «**ببە بە کتێبێک**»، ئەویش بوو بە کتێبێک."*

٢٠٥١٢ ـ حدثنا القاسم قال: حدثنا الحسين قال: حدثنا معتمر بن سليمان, عن أبيه, عن سيَّار, عن ابن عباس, أنه سأل كعبًا عن " أم الكتاب " قال: علم الله ما هو خَالقٌ وما خَلْقُه عاملون, فقال لعلمه: كُنْ كتابًا، فكان كتابًا.

-تفسير الطبري

ئـەم ئەثەرە صەحیح و متصلە و رجالەکانی گشتی ثقە و وەرگیراون.

لێرە ئیمامی کەعب دەفەرموویێت: *ئەو کتابەی کە لەوحی محفوظە علمی اللەیە، هەر کەسێك بڵێت لەوح مەخلوقە؛ مولزەمە بڵێت علمی الله مەخلوقە، چونکە لەوح علمی الله و قورئانی تیا نووسراوەتەوە.*

ئەوەش کوفرێکە خیلافی تیانییە، جا لازمی قەولیانە بڵێن ئەو قورئانەی لەبەر دەستمان دایە دەیخوێنینەوە مەخلوقە، چونکە بەهەمان شێوەی لەوحە کەلامی اللەی تیا نووسراوە، هیچ جیاوازی نییە لەوەی بڵێیت لەوح دوای نووسینی علمی الله تیایدا مەخلوقە؛ لەگەل ئەوەی بڵێیت: قورئان مەخلوقە.

جا معارضی لەفظی ئەمە گومانە بێ ئاستەکانتانە کە خۆی ناگرێت بەرامبەر ئەهلی سوننە وەك تۆزی بابردوو وایە.

١٨ . هەڵوەشاندنەوەی گومانی پێنجەمی لەفظییەکان

ئیستدلال بە ئەثەرێك دەکەن کە ابو الشیخ لە کتێبی العظمة ڕیوایەتی دەکات لە ابو سنانەوە.

معارضی لەفظی دەڵێت: *ابو سنان بە لـەوحی وت: دوای ئەوەی علمی الله تیادا نووسرا مـەخلـوقە.*

لە وەڵامدا دەڵێین: لـە جەهل و نەزانیت بە علمی حەدیث و ئصوڵی ئیستدلال ئـەم قسەیە دەکەیت، ئـەو ئەثەرەی ئیستدلالی پێ دەکەیت مـونکەڕ و ضەعیفە.

ابو الشیخ ڕیوایەتی دەکات لە محمد بن عمران الجنید: کە کـەسێکی مـەجهـولە.

ڕاوی دووەم کە محمد بن عمران لێیەوە ڕیوایەت دەکات ئەویش یعقوب بن اسحاق الدشتكي: بە هەمان شێوە عەدالەتی دیار نییـە، ابن ابی حاتم باسی دەکات بەڵام هیچی لـەسەر ناڵێت.
بۆیە ئەثەرەکە ضەعیف و مونکەڕە.

حَدَّثَنَا أَبُو بِشْرٍ مُحَمَّدُ بْنُ عِمْرَانَ بْنِ الْجُنَيْدِ(مجهول)، حَدَّثَنَا يَعْقُوبُ بْنُ إِسْحَاقَ الدَّشْتَكِيُّ(مجهول العدالة)، حَدَّثَنَا إِسْحَاقُ يَعْنِي ابْنَ سُلَيْمَانَ، حَدَّثَنَا أَبُو سِنَانٍ، قَالَ: " أَقْرَبُ الْخَلْقِ مِنَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى اللَّوْحُ، وَهُوَ مُعَلَّقٌ بِالْعَرْشِ، فَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ يُوحِيَ بِشَيْءٍ كَتَبَ فِي اللَّوْحِ.

لەوانەیە معارضي لەفظی بڵێت: کەواتە ضەعیف و مونکەڕە بۆ ابو الشیخ ڕیوایەتی دەکات.

لە وەڵامدا دەڵێین: ابو الشیخ لە بەشی هەواڵ و شتە عەجیب و غەریبەکان هێناویەتی، وە لە بەشی حجابی الله تعالی هێناویەتی کە چەند حجابی هەیە.
وەک دەڵێت: (ذِكْرُ حُجُبِ رَبِّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى)

کە ئەو زانایانەی لەو بەشەوە کتێبیان نووسیوە هەر ڕیوایەتێکیان دەست کەوێت دەیگێڕنەوە، لەسەر خوێنەرە تەحقیقی بکات.

وەک ابو جعفر الطبری لە پێشەکی تأریخەکەی دەفەرمووێت: هەر *گێڕانەوەیەک لەم کتێبەمدایە کە لەسەر پێشینەکانمان باسکراوە و خوێنەر بە نامۆی بزانێت، یان گوێگر بە ناڕەوای بزانێت، لەبەر ئەوەی کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی و دروستی تێدا نابینێت،*

با بزانێت کە ئەمە لە لایەن ئێمەوە نەهاتووە، بەڵکو لە لایەن هەندێک لە گێڕەرەوانەوە بۆمان هاتووە، و ئێمەش تەنها ئەوەمان گەیاندووە کە چۆن پێمان گەیشتووە.

قال الطبري: فما يكن في كتابي هذا من خبر ذكرناه عن بعض الماضين مما يستنكره قارئه، أو يستشنعه سامعه، من أجل أنه لم يعرف له وجها في الصحة، ولا معنى في الحقيقة، فليعلم انه لم يؤت في ذلك من قبلنا، وإنما أتى من قبل بعض ناقليه إلينا، وإنا إنما أدينا ذلك على نحو ما أدي إلينا.

-كتاب تاريخ الطبري

١٩. هەڵوەشاندنەوەی گومانی شەشەمی لەفظییەکان

یەکێکی تر لە گومانەکان کە لەفظییەکان ئیستدلالی پێ دەکەن، کە گوایا ئیمامی احمد لە بابەتی لەفظ قسەی کردووە و جیاکاری تیا کردووە، بریتییە لەو ڕیوایەتەی لە إبراهیمی الحربی ـەوە لە ئیمامی احمدەوەیە کە ئیستدلالی پێ دەکەن.

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم ڕیوایەتە باطڵ و مونکەرە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە و چەندین عیلەتی گەورەی هەیە.

❶ ئەو کتێبە هیچ پەیوەندییەکی بە إبراهیم الحربي ـەوە نییە، زۆر کەس وادەزانن هی ئەوە.

❷ دانەری ئەم کتێبە کەسێکی مەجهولە و نەناسراوە بەناوی (احمد سعید)ـە کە خاوەنی ئەو کتێبەیە کەسێکی نادیارە و هیچی لەسەر زانراو نییە.

❸ تەنانەت کەسێک بووە ناو نازناوی ڕاوییەکانی تێکەڵ کردووە تەنانەت محقق دەڵێت: ناوی وای هێناوە هیچ کەسێك نەبووە بەو ناوە، و تەنانەت نووسینیشی تەواو نەبووە.

• تەنیا یەك ئەثەر لە ئیمامی الحربی ـەوە هاتـووە لەو کتێبە ئەویش ئەثەرێکی مونکەڕی ضەعیفە، کە دانەری کتێبەکە مەجهولە، وە ئەوەی ڕیوایەتی دەکات مەجهولە، ئەوەی لێشیەوە ڕیوایەتی دەکات ضەعیفە.

با بێینە سەر سەنەدەکەی دەڵێت:

١ـ **أخبرنا** (أبو الفتح أحمد بن عمر بن سعيد بن ميمون الجهارى) قراءة مني عليه قال ثنا(أبو الفضل جعفر بن إدريس القزويني) بمكة سنة اثنتين وخمسين وثلثمائة قال قرأت على إبراهيم الحربي ببغداد وكان يصلي بنا في شهر رمضان.

1 نووسەری کتێب: مـەجهـولە.

2 ڕاوی یەکەم: (أبو الفتح أحمد بن عمر بن سعيد بن ميمون الجهارى) کەسێکی ضەعیفە، تەنانەت محقق دان بەوە دادەنێت کە قسەی لەسەر کراوە.

❸ ڕاوی دووەم: (أبو الفضل جعفر بن إدريس القزويني)

ئەو کەسەش بەو ناو و کونیە مەجهولە کەس نییە بەو ناوە، محققیش دان بەوەدا دەنێت کە کەس نییە بەو ناوە، هەرچەن محقق دەیەوێت بیکات بە (ابو عبدالله جعفر بن إدريس) بەڵام ئەویش جەرح کراوە.

وە ئەو ڕیوایەتە لە هیچ یەکێک لە کتێبەکانی ئەهلی سوننەدا نەهاتووە تەنانەت بەو ئیسنادە ضەعیفەش.

ئەثەری دووەم لـەم کتێبە هەرچەند ئەمە جیایە لەو ڕیوایەتەی إبراهیمی الحربی، وەک نمونەیەکی تر لەسەر باطلی ئـەم کتێبە.

ئیسنادەکەی:

ـ **أخبرنا** (أبو العباس أحمد بن علي بن إسحاق المعروف بالكسائي) المصري إجازة بخطه قال ثنا أبو الحسين بوانة أحمد بن عيسى بن بوانه الموصلي إملاء من كتابه بلفظه

❶ نووسەری کتێب: مـەجهولە.

❷ ڕاوی یەکەم:(أبو العباس أحمد بن علي بن إسحاق)

هیچ کەسێك نییە نە بەو ناوە، وە نە بەو کونیە، تەنانەت محققیش سەری لێ شێواوە دەڵێت کەسی وا بوونی نییە بەو ناو و کونیەیە. محقق دەیەوێت بیکات بە: (أحمد بن سهلان ابو عبدالله الكسائي) کە هەم ناوەکەی زۆر دوورە لە ڕاوی یەکەم، وە هەم کونیەکەی زۆر دوورە بۆیە الحمدلله دەڵێین: ئەم ئەثەرە ضەعیف و مونکەڕ و هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە لە ابراهیم الحربی ـەوە تەنانەت خودی کتێبەکە هیچ ئەصڵێکی نییە، نە نووسەرەکەی دیارە، وە ڕیجالی سەنەدەکەی مەجهول و ضەعیفن.



لإبراهيم بن الحربي رحمه الله

* الناسخ للرسالة هو مالكها واسمه كما كتبه في أسفل العنوان: كاتبه مالكه عبده الحقير: أحمد سعيد عُفيَ عنه.

* في آخر صفحة من الرسالة السابقة رسالة الحربي كتبت

١٨

فائدة: وهي منقولة من التمهيد للسالمي من الأباضية حول التبعية لمعاوية في حياة علي رضي الله عنهما. تركت إيرادها عمداً.

* الناسخ جزاه الله خيراً خلط في بعض رجال الإسناد وتصحيف في مواضع المخطوطة مُبيَّنة في محالّها. حتى أن بعض الرجال لم أعثر على تراجمهم بعد طول البحث فلأجله ولما في بعض الأسماء من تقديم وتأخير غلب على ظني خلطه في الأسماء والنسب.

* ربما يصدق حصولي على هذه النسخة لفظ: «الوجادة» عند أهل الحديث، وهي أحدث طرق الرواية الثمانية، مع إخراجها

دان پێدانانی محقق کە نووسەری ئەو کتێبە مجهولە وە ناوو کونیەکانی تێکەڵ کردوە تەنانەت ڕاوی وای هێناوە نەدۆزراوەتەوە کە کێنە

بسم الله الرحمن الرحيم

١ ـ أخبرنا أبو الفَتحِ أحمدُ بنُ عُمرَ بنِ سعَيدِ بنِ ميمونٍ الجهاري(١)، قِرَاءَةً مِنِّي عليه. قال: ثنا أبو الفضلِ جَعْفرُ بنُ إدْريسَ القَزوينيُّ(٢) بمكةَ سنةَ اثْنَتين وخَمسينَ وثَلثمائة، قال: قرأتُ على

(١) ترجمه الحافظ في اللسان ١/ ٢٣٦، وتعقب فيه الإمام الذهبي فانظره.

(٢) بعد البحث لم أجد من يوافقه في الكنية والإسم إلاَّ رجلاً واحداً وافقه في الإسم وخالفه في الكنية، في «التدوين في أخبار قزوين» ٢/ ٣٧٥ وهو: جعفر بن إدريس القزويني أبو عبدالله، خرج إلى مكة وجاور بها، يُقال: إنه كان إمام الحرمين ثلاثين سنة، سمع يحيى بن عبدك محدث قزوين (٢٧١) وابن ماجه صاحب السنن (٢٧٣). وروى عنه عبدالواحد بن الحسن بن أحمد البندار فيما ذكر الخطيب في تاريخه ـ.

دان پێدانانی محقق کە ڕاوی یەکەم ضەعیفە قسەی لەسەر کراوە، وە ڕاوی دووەم مەجهولە.

دان پێدانانی محقق کە نە کەس هەیە بەو ناوە وە نە کەس هەیە بەو کونیە.

٢ ـ أَخبرنـا أَبـو العَبَّاسِ أَحمـدُ بنُ عليِّ بـن إسحاق المعـروفُ بالكِسائيِّ المِصري[١] إجازةً بِخَطِهِ، قـال: ثنا أَبو الحُسين بـوانة أَحمد بن عيسى بنِ بوانة الموصِلي إملاءً مِنْ كِتَابه بلفَظِهِ، وأَنا أَسمع، قال: ثنا أَبـو جَعْفرٍ مُحَمدُ بنُ الحَسـنِ بن مَروان بن بـدينا[٢]. قال: ثنـا أَبو

= مما أخرجه أحمد في المسند ٥/ ١٣٥، و٣٢١، و٦/ ٤٤٥، و٤٤٧، و٤٥٢، والترمذي

(١) لم أجد من يطابق اسمه وكنتيه؛ بل وجدت في تاريخ بغداد ٤/ ٣٢٠ ـ ٣٢١ أحمد بن علي بن سهلان أبو عبدالله الكساني. حدث عن أبي بكر الشافعي (٣٥٤) والفضيل بن العباس الهروي، والحاكم وأحمد الكرابيسي (٣٧٨) قال وكتبت عنه وكان صدوقاً، وذكر إسناده عنه في سنة ٤٠٩هـ بجامع المنصور ببغداد.

(٢) هو في الاختلاف مثل الذي قبله. قال في تاريخ بغداد ٢/ ١٩١ ـ ١٩٢، محمد بن =

٣٤

٢٠. هەڵوەشاندنەوەی گومانی حەوتەمی لەفظییەکان

معارضی لەفظی هیچ نەماوە دەستی بۆ نەبات هاتووە ئەڵێت: ئیمامی الدارمی دەڵێت: *حیبر و وەڕەقە جیایە لە قورئان.*

مەبەستەکەی ئەوەیە بەلای ئیمامی الدارمیەوە موصحف مەخلوقە.

بەڵگەی بەم قەولە دێنێتەوە کە لە ئەصڵا ئیمامی دارمی ڕەدی ئەو عەقیدەیە دەداتەوە دەفەرمووێت: إن الرقعة وكتابة الاسم ليس كنفس الاسم، إذا احترقت الرقعة احترق الخط وبقي اسم الله له وعلى لسان الكاتب، كما لم يزل قبل أن يكتب، لم تنقص النار من الاسم ولا ممن له الاسم شيئا. وكذلك لو كانت أسماء المخلوقين، لم تنقص النار من أسمائهم ولا من أجسامهم شيئا. وكذلك لو كتبت «الله» بهجائه في رقعة لاحترقت الرقعة وكان الله بكماله على عرشه. وكذلك لو صور رجل في رقعة، ثم ألقيت في النار، لاحترقت الرقعة، ولم تضر الصورة شيئا وكذلك القرآن، لو احترقت المصاحف كلها لم ينقص من نفس القرآن حرف واحد, وكذلك لو احترقت القرأة كلهم، أو قتلوا، أو ماتوا، لبقي القرآن بكماله كما كان، لم ينتقص منه حرف واحد؛ لأنه منه بدأ، وإليه يعود عند فناء الخلق بكماله غير منقوص.

هەر ئاوا قەولەکەی داناوە بێ ئەوەی تەرجومەی بکات و باسی ئەوە بکات لە چی مەقامێك ئیمامی الدارمی قسە دەکات.

سەرەتا ئەصڵی بابەتەکە پەیوەندی بە ناوەکانی اللەوەیە، کە هیچیان مەخلوق نین.

وەك ئیمامی الدارمی دەفەرموویێت: (باب الإيمان بأسماء الله تعالى وأنها غير مخلوقة).

ئیمامی دارمی دەفەرموویێت: *معارض بە هەمان بۆچوونی ئیمامەکەی مریسی وت دەربارەی ناوەکانی الله.*

بانگەشەی ئەوەی کرد کە ناوەکانی الله جیایە لە الله، کە ئەو ناوانە داهێنراو و مەخلوقن وەك چۆن کەسێك بێ ناوە، سا ناولێنانی نە لە شەخصەکە کەم دەکات، وە نە زیاد دەکات.

قال الدارمي:ثم اعترض المعارض أسماء الله المقدسة فذهب في تأويلها مذهب إمامه المريسي.
فادعى أن أسماء الله غير الله، وأنها مستعارة مخلوقة كما أنه قد يكون شخص بلا اسم، فتسميته لا تزيد في الشخص، ولا تنقص.
-كتاب نقض للدارمي

لێرە ئەصڵێکمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم جیاوازیەی کە دەکرێت کە ناو جیایە لە ناو لێنراو، خوێندنەوە جیایە لە خوێندراوە (قورئان)، نووسین جیایە لە نووسراوە (قورئان)، تێکەڵ کردنی بە بابەتی مەخلوق ئەصڵی داهێنانی ئەم بیدعەیە دەگەڕێتەوە بۆ مریسی.

کە جەهمییەکان و لەفظییەکان و ئەشعەرییەکان هەر هەمووی لەسەر ئەو ئەصڵەن و بە شێوازێکی تر تەطبیقی دەکەن.

نمونە: جەهمییەکان دەیان وت: *ناوی الله جیایە لە الله.*

ئەنجامەکەی بریتیی بوو لەوەی دەیان گوت: *الله خالقە، بەڵام هەموو ناوەکانی الله مەخلوقە.*

نمونەی دووەم: لەفظییەکان دەیان گوت: خوێندنەوە جیایە لە خوێندراوە، خوێندنەوەی ئێمە بە قوڕئان مەخلوقە، خوێندراوە کە قوڕئانە مەخلوق نییە، بۆیە لەفظمان بە قوڕئان مەخلوقە؛ کە هەمان ئەصڵی بشر المریسیە جێبەجێی دەکەن.

نمونەی سێیەم: بەشێك لە لەفظییەکان و ئەشعەرییەکان دەیان وت: قوڕئان حیکایەتە، دەیان وت ئەم قوڕئانە ئێمە دەینووسین، نووسین لە کردەوەی ئێمەیە، بە کردەوەی ئێمە دیار دەکەوێت کردەوەی ئێمە مەخلوقە.

دەیان وت: *ئێمە دەخوێنینەوە، بە خوێندنەوەی ئێمە دەبیسترێت؛ خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە، بە چاوی خۆمان دەیبینین، چاوی ئێمە مەخلوقە.*

دەیانزانی کەوا بڵێن خەلقەکە دەگەڕێتەوە سەر قوڕئان بۆیە جیاوازییان کرد لە نێوان ئەو قوڕئانەی لە لەوح دایە، لەگەل ئەو موصحفەی بەردەستیان.

وتیان ئەو دووە جیان، ئەوەی لـەوح کەلامی اللەیە؛ مەخلوق نییە، بەڵام ئەوەی زەوی گێڕانەوەیە بۆ ئەو قورئانەی لە لەوح دایە، بۆیە خوێندنەوەی ئێمە و نووسینەوەی قورئان و حیبر و کاغەز و موصحف مەخلوقە.

ئەوانیش بەهەمان شێوە لەسەر ئەصڵەکەی بشر جیاوازیان کرد کەچی لەگەل ئەوەشدا خەلقەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر قورئان.

جا ئەو کەسەی ئیمامی الدارمی ڕەدی دەداتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی ناوی اللە جیایە لە اللە قیاسێکی باطڵ دەکات.

ئیمامی الدارمی دەفەرمووێت: *پاشان معارض بۆ ڕەواج دان بە مەذهەبەکەی بە ناشرینترین قیاس ئیستدلالی کرد وتی: گەر ناوێك لەسەر کاغەزێك بنووسیت پاشان کاغەزەکەت سوتاند، ئایە تەنیا کاغەزەکە ناسوتێت و ئاگر هیچ زیانێك بە ناوەکە ناگەیەنێت؟*

ئیمامی الدارمی دەفەرمووێت: *بەم تائهە دەوترێت کە نازانێت چی لەسەری دەرەچێت: کاغەز و نووسینی ناو هاوشێوەی ناوەکە نییە، گەر کاغەزەکە بسوتێت و خەتەکە بسوتێت و ناوەی اللە هەر بۆی دەمێنێت وە لەسەر زمانی نووسەر دەمێنێت، وەك چۆن پێش نووسینەکەی هەر هەبووە، ئاگر هیچ لە ناوەکە و لەوەیشی ئەو ناوەی هەیە کەم ناکات، وە بەهەمان شێوە گەر ناوەکانی مەخلوقەکان بێت ئاگر هیچ لە ناوەکەیان و جەستەیان کەم ناکات،*

وە بەهەمان شێوە گەر ناوی (الله)ت نووسی لە کاغەز وکاغەزەکە بسوتێ، ئەوە الله بە کەمالی خۆی لەسەر عەڕشیەتی دەمێنێت، وە بە هەمان شێوە گەر وێنەی پیاوێك بکێشیت لە کاغەزێك، پاشان بیخەیتە ئاگرەوە، ئەوە هیچ زیان بە شێوەی پیاوەکە ناگات.

وە بە هەمان شێوە قورئان، گەر هەموو موصحەفەکان بسوتێ ئەوە هیچ لە خودی قورئان کەم ناکات تەنانەت یەک حەرفیش، وە بە هەمان شێوە گەر هەموو خوێنەرەکان بسوتێن، یاخود بکوژرێن، یاخود بمرن، ئەوە قورئان هەر بە تەواوەتی خۆی دەمێنێتەوە وەك چۆن هەبووە، یەک پیتی لێ کەم ناکات، لەبەر ئەوەی لە اللەوە هاتووە، وە بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە دوای لەناو چونی دروست کراوەکان بە تەواوەتی خۆی و بێ کەم و کوڕی.

-(کتاب نقض) للدارمي

پێمان ناڵێن ئیمامی الدارمی لە کوێدا باسی جیاوازی نێوان کاغەزی قورئان و خەتی قورئان دەکات و بە مەخلوقی دادەنێت؟

بەڵکو ئەصڵی بابەتەکە لەسەر ناوی الله کە ئەو شوێنکەوتەی مریسی بە مەخلوقی دادەنێت و ئیستدلال بەو ئەصڵەی ئیمامەکەی دەکات: کە ناو جیایە لە ناو لێنراو.

ئێوەش هەمان قەولی بشر مریسی تطبیق دەکەن.

هەر خودی ئیمامی دارمی ئەو جیاوازییەی لە نێوان خوێندنەوە و خوێنراوە بە مەذهەبی لـەفظییەکان دادەنێت.

ئیمامی الدارمی دەفەرموویێت: *جیاوازی کردن لـە نێوان قیرائە و مقروء مەذهەبی لـەفظیەکانە.*

قال الإمام الدارمي رحمه‌الله: وَأَمَّا قَوْلُكَ: فِي الْقِرَاءَةِ وَالْقَارِئِ وَالمَقْرُوءِ: إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ مِنْهُ مَعْنًى عَلَى حِدَةٍ؛ فَهَذَا أَمْرُ مَذَاهِبِ اللَّفْظِيَّةِ، لَا نَدْرِي مِنْ أَيْنَ وَقَعَتَ عَلَيْهِ، وَكَيْفَ تَقَلَّدْتَهُ؟ فَمَرَّةً أَنْتَ جَهْمِيٌّ، وَمَرَّةً وَاقِفِيٌّ، وَمَرَّةً لَفْظِيٌّ.

-كتاب نقض الإمام ابي سعيد

نازانم ئەم خەڵکە نەخوێندەوارە چۆن ئیستدلال بەم قەولانە دەکەن کە نە ماناکەی دەزانن وە نە دەزانن باسی چیدەکات و چۆن تەریق نابنەوە کە دەبینن ئەصڵی بابەتەکە ئاوایە.

٢١. هەڵوەشاندنەوەی گومانی هەشتەمی لەفظییەکان

وەک وتمان ئەصڵ لای لـەفظییەکان بریتییە لە: ئیستدلال کردن بە ئەثەری ضەعیف و مونکەڕ، و بەڵگەی ئەشعەرییەکان.

یەکێك لەو گومانانەی دەیهێنن کە گوایا ئیمامی ابن مبارک فەرموویەتی: کاغەز و حیبر دروستکراون، بەڵام قورئان نە دروستکەرە و نە دروستکراوە، بەڵکو وتەی خودایە عز وجل".

عَنِ ابْنِ الْمُبَارَك، قَالَ: الْوَرَقُ وَالْمِدَادُ مَخْلُوقٌ، فَأَمَّا الْقُرْآنُ فَلَيْسَ بِخَالِقٍ وَلَا مَخْلُوقٍ، وَلَكِنَّهُ كَلَامُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ.

کە لـەفظییەکان هەر ئەوەندە دەهێنن بێ ئەوەی بڵێن: کێ لە ئەهلی سوننە هێناویەتی وە کێ ئیستدلالی پێ کردووە.

لە وەڵامی ئـەو گومانەدا دەڵێین: ئـەو ئەثەرە مونکەڕەی هێناوتانە چـەندین کێشەی زەقی تیایە، ئەو ئەثەرە مونکەڕە و ثابت نییە وە إِنْ شَاءَ اللّٰه بەم چەن خاڵە دەیسەلمێنین.

1 ئەم ئەثەرە تەنیا بـەیهـەقی هێناویەتی لە کتێبی الأسماء والصفات، کە خۆی کەسێکی ئەشعەریی و لـەفظییە و دەستکاری چەندین ئەثەری کردووە و چەواشەکاری تیاکردووە بۆیـە ئیعتماد ناکرێتە سەر کەسێکی ئاوا.

2 ئـەم ئەثەرە لـە هیچ کتێبێکی موعتەبەڕی ئەهلی سوننە نەهاتوە، وە هیچ یەکێك لە سەلەف شتی وای نەوتووە بەڵکو ئەم قسەیە لای سەلەف بە بیدعـە و زەندەقە دانراوە، جا تەنیا بەیهەقی هێناویەتی.

3 ئەثەرەکە بێ ئیسنادە بەیهەقی بە گێڕانەوەی کەسی نەیهێناوە بەڵکو دەڵێت: لـە کتێبێکی محمدی کوڕی نـەصر خوێندمەوە، ئـەم ئەثەرە نـە لە هیچ کتێبێکی ئەهلی سوننە هەیە وە نــە لە هیچ کتێبێکی محمدی کوڕی نەصر هەیە، وە خودی بـەیهەقی کەسێکی کافر بووە بە صیفاتی الله و چەندین صیفاتی تعطیل کردووە، کـە بەمە عەدالەتی لە دەست دەدات، وە هـەم چەواشەکاریش بووە چەندین ئەثەری شێواندووە.

٥٧١ ـ **وَقَرَأْتُ** فِي كِتَابِ مُحَمَّدِ بْنِ نَصْرٍ عَنْ أَحْمَدَ بْنِ عُمَرَ، عَنْ عَبْدَانَ، عَنِ ابْنِ الْمُبَارَكِ، قَالَ: الْوَرَقُ وَالْمِدَادُ مَخْلُوقٌ، فَأَمَّا الْقُرْآنُ فَلَيْسَ بِخَالِقٍ وَلَا مَخْلُوقٍ، وَلَكِنَّهُ كَلَامُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

-الاسماء والصفات

4 وە یەکێك لە ڕاوییەکان کە ئەحمەدی کوڕی عومەرە کەسێکی مجهولە، کەس نیە کە ناسراو بێت کە محمدی کوڕی نصر لێی ڕیوایەت بکات و ئەویش لە عەبدانی گێڕابێتەوە.

5 ئەو ئەثەرە مونکەرە نەناسراوە پێچەوانەی ئەو ئەثەرە ثابت و مشهورانەیە کە لە إبن مبارکەوە هاتووە دەربارەی قورئان لە کتێبە موعتەمەد و مەشهورەکانی سەلەف.

لە کتاب السنەی ئیمامی عبدالله لە عبداللەی کوڕی مبارەکەوە فەرمووی: *قورئان وتەی خودایە عز وجل دروستکەر نییە و دروستکراویش نییە.*

١٣٧ ـ **حدثني** محمد بن إسحاق الصاغاني، ثنا محمود بن غيلان، ثنا علي بن الحسن بن شقيق، عن ابن المبارك، قال: القرآن كلام الله عَزَّ وَجَلَّ ليس بخالق، ولا مخلوق.

-كتاب السنة لعبد الله (١٣٧)

ببینە لەم کتێبە موعتەبەرە کە باسی کاغەز و حیبری تیانییە.

لە کتاب السنەی خلال ابن مبارک دەیفەرموو: *قورئان وتەی خودایە و دروستکراو نییە.*

٢٠١١ ـ **أخبرنا** أبو بكر، قال: ثنا محمود، وابن أبي رزمة، قالا: سمعنا علي بن الحسن بن شقيق يقول: سمعت ابن المبارك يقول: القرآن كلام الله وليس بمخلوق.

-كتاب السنة للخلال (٢٠١١)

لە کتێبی شەرح اصولی اعتقاد:
٤٢٦ ـ محمد بن عبدالرحمن بن العباس پێی ڕاگەیاندین وتی: عبدالله بن محمد بن عبدالعزيز البغوي پێی ڕاگەیاندین وتی: محمود بن غيلان پێی وتین، وتی: علي بن الحسن بن شقيق بۆی گێڕاینەوە: لە ابن المبارکەوە، فەرمووی: *قوڕئان وتەی خودایە، دروستکەر نییە و دروستکراویش نییە.*

٤٢٦ ـ أخبرنا محمد بن عبدالرحمن بن العباس قال: أخبرنا عبدالله بن محمد بن عبدالعزيز البغوي قال: حدثنا محمود بن غيلان قال: حدثنا علي بن الحسن بن شقيق: عن ابن المبارك قال: القرآن كلام الله، ليس بخالق ولا مخلوق.
-كتاب شرح أصولى اعتقاد (٤٢٦)

وە هەروەها چەندین ڕیوایەتی تری مەشهور هاتووە لە ابن مبارەکەوە کە باسی کاغەز و حیبر ناکات وە هیچ یەکێك لە سەلەف شتی وای لێیەوە ڕیوایەت نەکردووە بۆیە دەڵێین: ئەم ئەثەرە ضەعیف و مونکەرە بە هیچ جۆرێك لە إبن مبارەکەوە ثابت نییە، وە بە هیچ جۆرێك قسە لە کاغەز و حیبری قوڕئان ناکرێت لە باسی مەخلوقیەت.
وەك عفان بن مسلم دەفەرموویت: گوێم لە سەلام ابا المنذر بوو، کەوا پیاوێك موصحەفێکی بۆ هێنا و پێی وت: ئەی ابا منذر چی دەڵێیت: دەربارەی ئەم ڕەشاتیە لەو سپیاتیەدا، سەلام پێی وت: ئەمە کەلامی اللەیە مخلوق نییە ئەی زندیق.

حدثنا أبو الوفا طاهر بن الحسين الفقيه قال أخبرنا أبو سهل محمود بن عمر قال حدثنا أبو بكر بن بخيت قال حدثنا عمر بن محمد الجوهري قال حدثنا عباس بن محمد الجوهري قال سمعت أبا عمر الضرير المقرئ يقول سمعت عفان بن مسلم يقول سمعت سلاما أبا المنذر قارىء أهل البصرة وأتاه رجل بمصحف فقال له: يا أبا المنذر ما تقول في هذا السواد في البياض؟ فقال له سلام: هذا كلام الله غير مخلوق يا زنديق!!

-كتاب مشيخة الكبرى

٢٢. هەڵوەشاندنەوەی گومانی نۆیەمی لەفظییەکان

معارضی لـەفظی دەڵێت: لـە موصحەف زیاد لە قورئان؛ حیبر و کاغەزی تیایە.

مـعـارضی لـەفظی دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەشعەرییەکان پێیان وایە موسحەف کەلامی الله عز وجل ـ ی تیادا نییە و تەنها حیبر و کاغەزە، ئەمەش پێچەوانەی عەقیدەی موسوڵمانانە کە پێیان وایە هەم کەلامی الله عز وجل ـ ی تێدایە، وە هەم حیبر و کاغەزیش.

بە معارضی لەفظی دەوترێت: ئەو چـەواشەکاریەت بۆ نصوصەکان بەسەر ئەهلی سوننەدا تێناپەڕێت، ئێمەش ئەزانین مەبەستت چییە لەوەی دەڵێیت: قورئان تەنیا کاغەز و حیبر نییە، کەلام اللەی تیایە.

مەبەستت لـەوەیە کەوا سەلەف جیاوازییان کردووە لـە نێوان کاغەز و حیبر و کەلامی الله، بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە سەلـەف کاغەز و حیبرەکەیان بەلاوە مەخلوق بووە، بەڵام کەلامی اللەیان بەلاوە مەخلوق نەبووە.

معارضی لـەفظی ئەو قسەیەی دەیکەیت کوفرە و زانایانی سەلەف هەرگیز ئەو قسەیان نەکردوە، کە بڵێن: کاغەز و حیبری ناو قورئان مەخلوقە، بەڵام کەلامی الله مەخلوق نییە.

بەڵکو تۆی دەڵێیت: کاغەز و حیبر مەخلوقە، کە لە ئەصڵدا لەگەڵ ئەشعەرییەکان یەك قسە ئەکەن، ئەشعەرییەکان دەیانگوت کاغەزەکە و حیبرەکە مەخلوقە، بۆیە ئەو قورئانەی بەردەستمان گێڕانەوەیە بۆ ئەو قورئانەی کە لە لەوحدا نووسراوە.

ئەیان زانی مولزەم دەبن گەر بڵێن: کاغەز و حیبری موصحەف کە وتەی اللەی تیا نووسراوە، قورئانی پێ دەوترێت، نابێت بڵێن: حیکایەتە بەڵکو مولزەم دەبوون بڵێن کەلامی اللەیە مەخلوق نییە.

بۆیە هاتن ئەو جیاوازییە بیدعیەیان کرد، وتیان کاغەز و حیبرەکە مەخلوقە، نووسراوەکەی ناوی حیکایەتە و کەلامی الله نییە.

ئێوەش لەو ئەصڵەدا موافقیانن، وەك ئەوان دەڵێن: کاغەز و حیبری قورئان مەخلوقە.

کە بە عەقیدەی ئێوە بێت: کەسێك سوکایەتی بە قورئان بکات، بڵێت: مەبەستم کەلامی الله نییە، مەبەستم کاغەز و حیبرە کە مەخلوقن، ئەوە ناتوانن تەکفیری بکەن، چونکە هەمان قسەی ئێوەی بە کردار کردووە و جیاوازیەکەی کردووە، سوکایەتی بە مەخلوقەکە کردووە، نەک کەلامی الله.

جا کاتێك قسە لەگەل لـەفظییەکان دەکەیت لەو بارەوە، ڕاستەوخۆ پرسیار دەربارەی حیبر و کاغەز و دار و دیوار دەکەن، کە ئەو پرسیارانە لە ئەصڵدا پرسیاری ئەهلی کەلام و کوفر بووە کە کاغەز و حیبری موصحەفیان بە مەخلوق دەزانی، کە لـەفظییەکانیش لەم بابەتە هەمان قسە دەکەن.

عفان بن مسلم دەفەرموویێت: گوێم لە سەلام ابا المنذر بوو، پیاوێك مـوصحەفێکی بۆ هێنا و پێی وت: ئەی ابا منذر چی دەڵێیت: دەربارەی ئـەم ڕەشایەتییە لەو سپیایەتییەدا، سەلام پێی وت: ئەمە کەلامی اللەیە مخلوق نییە ئەی زنـدیق.

٤٤٩ـ حدثنا أبو الوفا طاهر بن الحسين الفقيه قال أخبرنا أبو سهل محمود بن عمر قال حدثنا أبو بكر بن بخيت قال حدثنا عمر بن محمد الجوهري قال حدثنا عباس بن محمد الجوهري قال سمعت أبا عمر الضرير المقرئ يقول سمعت عفان بن مسلم يقول سمعت سلاما أبا المنذر قارىء أهل البصرة وأتاه رجل بمصحف فقال له: يا أبا المنذر ما تقول في هذا السواد في البياض؟ فقال له سلام: هذا كلام الله غير مخلوق يا زنديق!!

-كتاب مشيخة الكبرى

ئەمە نمونەیەکی جـوانە بۆ کەسێك عەقڵ و ژیری هـەبێت، و بە دوای حەق بێت، کەسێک پرسیاری کاغەز و حیبری قوڕئان بکات بەلایەوە مەخلوق بێت زندیقە، جا گەر ئیستا ئەو پرسیارە لـە لـەفظییەکان بکرێت، مـوصحەفیان بۆ بێنن بڵێن: چی دەڵێی دەربارەی ئەو ڕەشایەتییەی لەو سپیایەتییەی دایە؟

دەیان گوت: ئەو ڕەشایەتییە حیبرە مەخلوقە، ئەو سپیایەتییە کاغەزە مـەخلوقە.

پێیانی دەوت: کـەواتە چی ماوە کامە وتەی اللەی؟

پێیانی دەوت: کەواتە قورئان مەخلوقە!

ئەلێرا جەنابی لـەفظی مولزەم دەبێت بڵێت: قورئان مەخلوقە.

هۆکارەکەشی بریتییە لـەو جیاوازییە کوفرییەی ئەهلی کەلام کە لە ئەصڵدا لە ئەشعەرییەکان وەرگیراوە.

گەر کەسێك پرسی کەواتە بیروباوەڕی سەلەف چۆنە لەو بارەوە دەکرێت بە قورئان و حەدیثی صەحیح بۆمان یەکلایی بکەیتەوە.

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ إن شاء الله بە بەڵگەی قورئان و حەدیثی صەحیح بە تێگەشتنی زانایانی سەلەف بابەتەکان ڕوون دەکەینەوە کەوا زانایانی سەلەف چی دەڵێن لەو بارەوە.

چاک بزانە وفقك الله موصحەف بریتییە لە کەلامی الله تعالی، ناوترێت کاغەز و حیبری مەخلوقە، بـە مـەخلوق دانانی کاغەز و حیبری قورئان کوفرە، هەر کەسێك بیڵێت کافر دەبێت.

رسول الله ﷺ ئەم جیاکارییەی نەکردوە، نەی وتوە کاغەز و حیبر مەخلوقە، بەڵام کەلامی الله مخلوق نییە.

ابن عمر دەفەرموویت: رسول الله ﷺ ڕیگری کردەوە لەوەی قورئان ببردریتە خاکی دووژمن، لە ترسی ئەوەی دووژمن پیی بگات.

عن بن عمر: ان النبي نهى ان يسافر بالقران إلى أرض العدو؛ مخافة أن يناله العدو.

ـ كتاب الإبانة الكبرى (٢١٨٥)

وەك ڕوونە ئەوەی رسول الله ﷺ ڕێگری لێکردوە ببرێتە خاکی دووژمن موصحەفە، کە پێك دێت لە کاغەز حیبر کە کەلامی اللەی تیا نووسراوە و کەلامی اللەی تیایە، رسول الله ﷺ بە قورئان وەصفی کرد، و جیاکاری تیانەکرد.

بەڵام لەفظیە زندیقەکان دێن پێشی رسول الله دەکەون ﷺ، پێیان وایە خیانەتی کردووە و حەقەکەی نەگەیاندووە، دێن پێشی دەکەون دەڵێن: نا حیبر و کاغەزی قورئان مەخلوقە.

ئەمە نەصی عەقیدەی ئەشعەرییەکانە کە دەڵێن: ئەو کاغەزەی قورئانی تیا نووسراوە مەخلوقە، وە ئەو حیبرەی کە قورئانی پێ نووسراوە مەخلوقە.

کەواتە وتەی الله بوونی نەما، بۆیە دەیان وت: ئەو قورئانە حیکایەتە بۆ ئەو قورئانەی لە لەوحدایە جا لـەفظییەکان هەمان قسەی ئەشعەرییەکان دەکەن، بەڵام بۆ چەواشەکاری دەڵێن: کەلامی اللەی تیایە، بێ زەحمەت کامە کەلامی اللەیە ؟

کاغەزەکە بەلاتانەوە مەخلوقە لاماندا!
حیبرەکەش بەلاتانەوە مەخلوقە لاماندا !

کەواتە چی مایەوە تاوەکوو پێی بڵێین کەلامی اللە؟

بەڵکو گشتی کاغەز و حیبر کە قورئانی تیا نووسراوە؛ کەلامی اللەی پێ دەوترێت، بە هەرکامێکیان بڵێیت: مەخلوقە بۆ کەلامی الله دەگەڕێتەوە وە بۆیەش الله تعالی ڕێگری کردووە لەوەی دەست لە موصحەف بدرێت بێ دەستنوێژ.

ئیمامی ابن بطە دەفەرمووێت: گەر الله ڕێزی لە قورئان نەنایە، وە وتەی ئەو نەبوایە و لەو دەرنەچوبایە ئەوە جائیز بوو کەسێك بە دەستنوێژ و بەبێ دەستنوێژ دەستی لێ بدات، بەڵام وتەی ئەوە و دروستکراو نییە، بۆیە پاشان ڕێگری کرا؛ دەست بدرێت لە موصحەف یاخود هەر شتێك کە قورئانی تیا نووسرابێت ئیلا بە دەستنوێژەوە بێت، الله تعالی فەرموویەتی «**لا يمسه إلا المطهرون**»

قال الإمام ابن بطة رحمه الله: فَلَوْلَا مَا شَرَّفَ اللَّهُ بِهِ الْقُرْآنَ، وَأَنَّهُ كَلَامُهُ، وَخَرَجَ مِنْهُ، لَجَازَ أَنْ يَمَسَّهُ الطَّاهِرُ وَغَيْرُ الطَّاهِرِ، وَلَكِنَّهُ غَيْرُ مَخْلُوق، فَمِنْ ثَمَّ حَظَرَ أَنْ يَمَسَّ الْمُصْحَفَ أَوْ مَا كَانَ فِيهِ مَكْتُوبٌ مِنَ الْقُرْآنِ إِلَّا طَاهِرٌ، فَقَالَ تَعَالَى: {لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ} [الواقعة: ٧٩]

-كتاب الإبانة الكبرى (٢١٨٣)

له نافع ـەوە له ابن عمر ـەوە کەوا دەستی له موصەحف نەدەدا ئیلا به دەستنوێژەوە.

ابن بطه دەفەرموویت: لەبەر ئەوەی موصحەف کەلامی اللهیه، ڕێگریمان لێکرا ببەین بۆ خاکی دوژمن بۆ ئەوەی دوژمن دەستی لێ نەدات، وە لەوەدا تەنیا مەبەست له موصحەفه.

.

٤٤ ـ حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ الصَّفَّارِ، قَالَ: حَدَّثَنَا سَعْدَانُ بْنُ نَصْرٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، عَنْ نَافِعٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّهُ كَانَ لَا يَأْخُذُ الْمُصْحَفَ إِلَّا طَاهِرًا.
وَلِأَجْلِ أَنَّهُ كَلَامُ اللَّهِ نُهِينَا عَنِ السَّفَرِ بِهِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ لِئَلَّا يَمَسَّهُ الْعَدُوُّ، وَإِنَّمَا عَنَى بِذَلِكَ الْمُصْحَفَ خَاصَّةً

-كتاب الإبانة الكبرى (٢١٨٣)

ئیمامی ابن بطە رحمە اللە موصحەف و هەر شتێك قورئانی لـەسەر نووسرابێت، بە کەلامی اللە وەصفی کرد و فەرمووی جائیز نییە بێ دەستنوێژ دەستی لێ بدرێت.

وە بەهەمان شێوە لـە ئیستدلال کردنی بە وتەی ابن عمر فەرمووی: *موصحەف کەلامی اللەیە، بۆیە ڕێگری کراوە لەوەی ببرێتە خاکی دوژمن، نەوەك دووژمن دەستی لێبدات و سوکایەتی پێ بکات.*

وەك ڕوونە گومانی تیا نییە موصحەف کەلامی اللەی تیایە مەخلوق نییە، ئەوەی بڵێت: کەلامی اللەی تیا نییە، یان کاغەزەکەی مـەخلوقە، یان حیبرەکەی مەخلوقە، ئەمانە هەمووی قسەی جەهمیی و لەفظییەکانە وە خاوەنەکەی کەوتۆتە کوفرەوە.

ئیمامی ابن بطە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (قورەیش ڕێگریان لێکردم کەلامی اللە بگەیەنم) نەیگوت: گێڕانەوەی (حیکایەت)یـ کەلامی اللە بگەیەنم.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: باشترینتان ئەو کەسەیە فێری قورئان دەبێت و خەڵکی فێر دەکات نەیوت ئەو کەسەی فێری گێڕانەوەی قورئان بێت.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: نمونەی خاوەنی قورئان، وەك خاوەنی حوشتری بەستراوە وایە، گەر بەردەوام چاودێری بکات ئەوە دەیگرێت، بەڵام گەر بەریدات ڕادەکات.

وە فەرموویەتی ﷺ: سەفەر مەکەن بە قوڕئان بۆ خاکی دوژمن، لە ترسی ئەوەی دوژمن دەستی پێی بگات.

وەالله تعالى فەرموویەتی: «**إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ**».

بۆیە ڕێگری کرد لەوەی دەست لە موصحەف بدرێت ئیلا دەبێت بە دەستنوێژەوە بێت، لەبەر ئەوەی کەلامی رب العالمین ـە.
وە هەموو ئەمانە الله بە قوڕئان ناوی بردن، وە پێغمبەر ﷺ بە قوڕئان ناوی بردن.

قال إبن بطه: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّ قُرَيْشًا مَنَعَتْنِي أَنْ أُبَلِّغَ كَلَامَ رَبِّي». وَلَمْ يَقُلْ حِكَايَةَ كَلَامِ رَبِّي.
وقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ» وَلَمْ يَقُلْ: مَنْ تَعَلَّمَ حِكَايَةَ الْقُرْآنِ.

وَقَالَ: «مَثَلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ كَمَثَلِ صَاحِبِ الْإِبِلِ الْمُعْقَلَةِ، إِنْ تَعَاهَدَهَا صَاحِبُهَا أَمْسَكَهَا، وَإِنْ تَرَكَهَا ذَهَبَتْ».
وقَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا تُسَافِرُوا بِالْقُرْآنِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ، مَخَافَةَ أَنْ يَنَالَهُ الْعَدُوُّ».

وَقَالَ اللَّهُ تَعَالَى: {إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ} [الواقعة: ٧٧].
فَنَهَى أَنْ يَمَسَّ الْمُصْحَفَ إِلَّا طَاهِرٌ، لِأَنَّهُ كَلَامُ رَبِّ الْعَالَمِينَ، فَكُلُّ ذَلِكَ يُسَمِّيهِ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ قُرْآنًا، وَيُسَمِّيهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُرْآنًا.

-كتاب الإبانة الكبرى ٢٢٢٨

ئەمە نمونەیەکی جوانە بۆ کەسێك عەقڵ و ژیری هەبێت و بەدوای حەق بکەوێت و بیەوێت تێبگات کە نووسراوی قورئان، پێی دەوترێت قورئان، جیاکاری ناکرێت و ناوترێت: "کاغەزەکە مەخلوقە، حیبرەکە مەخلوقە". وە ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە؛ پێی دەوترێت: قورئانی خوێندۆتەوە، وە کەلامی اللەی خوێندەوە ناوترێت خوێندنەوەی کەسەکە مەخلوقە، قورئانەکە مەخلوق نییە وەک پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: قورەیش ڕێگرییان لێکردم کەلامی الله بگەیەنم.
ئەو کەسەی دەست لە موصحەف بدات، جائیز نییە بێ دەستنوێژ دەستی لێبدات، لەبەر ئەوەی کەلامی اللەیە.

لە مکحول ـەوە لە ابن عباسەوە: کەوا پیاوێکی بینی لەوحی دەسرییەوە بە پێی ابن عباس ڕێگری لێکرد، ابن عباس فەرمووی: قوڕئان مەسڕەوە بە پێت.

ابن بطە فەرمووی: گەر حیکایەتی قوڕئان بوایە ڕێگری لێ نەدەکرد، یاخود دەیوت ئەمە حیکایەتی قوڕئانە بەو شێوە مەیسڕەوە.

ـ حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ أَحْمَدُ بْنُ سَلْمَانَ قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو تَقِيٍّ هِشَامُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ قَالَ: حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنِي سَلْمُ بْنُ سَالِمٍ، عَنْ نُوحِ بْنِ أَبِي مَرْيَمَ، عَنْ أَبِي شَيْبَةَ، عَنْ مَكْحُولٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا يَمْحُو لَوْحًا بِرِجْلِهِ، فَنَهَاهُ وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: «لَا تَمْحُ الْقُرْآنَ بِرِجْلِكَ» فَلَوْ كَانَ حِكَايَةَ الْقُرْآنِ لَمَا نَهَاهُ، أَوْ قَالَ: إِنَّ هَذَا حِكَايَةُ الْقُرْآنِ، فَلَا تَمْحُهُ. ﴿٣٢٢﴾

-كتاب الإبانة الكبرى (٢٢٢٩)

به هەمان شێوە ئەمەش نمونەیەکی جوانە، کە ابن عباس ئەو لەوحەی وتەی اللەی لەسەر نووسراوە بە قوڕئانی وەصف کرد، گەر ئەو لەوحە بەلایەوە مەخلوق بوایە ڕێگری لێ نەدەکرد، یاخود دەیوت: ئەو لەوحە وحیبرەکەی مەخلوقە، بەڵام کەلامی اللەی تیایە وا مەیسڕەوە.

به پێچەوانەوە لای لەفظییەکان ئەم کابرایە بە پێی مەخلوقی سڕیوەتەوە نەك قوڕئان، چونکە لای ئەوان کاغەز و حیبری قوڕئان مەخلوقە، ئێستا ئەم کابرایە مەخلوقی سڕیوەتەوە، نەك قوڕئان.

بەڵام ابن عباس بە قوڕئانی وەصف کرد دیارە لەفظییەکان خۆیان پێ لە ابن عباس زۆر بە عیلم ترە.

نمونەی تر زۆرە لە ئاثاری سەلەف ڕەحمەتی اللەیان لێبێت لەم بارەوە لەبەر درێژبوونەوە نایهێنین کەوا قورئان لەهەموو ڕوویەوەکەوە کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، هەر چۆنێك بنووسرێت، هەرچۆنێك بخوێنرێتەوە لە هەموو حاڵەتەکان کەلامی اللەیە مخلوق نییە، وە ئەوەی لە باسی قورئاندا باسی لەفظ و کاغەز و حیبر بکات بڵێت مەخلوقە زندیقە، بەهەمان شێوە بڵێت غیر مەخلوقە مبتدعە.

وەك ابو حارث پرسیاری لە ئیمامی احمد کرد فەرمووی: *بە باوکی عبداللەم وت: گەر وتی: لـەفظم بە قورئان مەخلوقە ئەوە جەهمییە؟ فەرمووی: چی ماوە گەر بڵێت: لـەفظم بە قورئان مەخلوقە؟!*

ـ أخبرنا محمد بن جعفر، ومحمد بن موسى، أن أبا الحارث حدثهم أنه قال لأبي عبد الله: إذا قال لفظي بالقرآن مخلوق فهو جهمي ؟
قال: فأيش بقي إذا قال: لفظي بالقرآن مخلوق ؟
-كتاب السنة للخلال (٢٠٦٢)

بەهەمان شێوە چی دەمێنێتەوە بڵێت: کاغەزی قورئان مەخلوقە؟ حیبری قورئان مەخلوقە؟ مانای وایە کەلامی الله بوونی نییە و تەنها خەیاڵێکە، بۆیە ئەشعەرییەکان دەیان وت: کاغەز مەخلوقە، حیبر مەخلوقە؛ دەیان گوت ئـەم قورئانە حیکایەتە بۆ ئەو قورئانەی لە لەوح دایە، دەیان زانی کە بڵێن: کاغەز و حیبری قورئان مەخلوقە؛ کەلامی الله چیتر بوونی نامێنێت.

وەك عفان بن مسلم دەفەرموویێت: گوێم لە سەلام ابا المنذر بوو، کەوا پیاوێك موصحەفێکی بۆ هێنا و پێی وت: ئەی ابا منذر چی دەڵێیت: دەربارەی ئەم ڕەشایەتییە لەو سپیایەتییە، سەلام پێی وت: ئەمە کەلامی اللەیە مخلوق نییە ئەی زندیق.

٤٤٩ ـ **حدثنا** أبو الوفا طاهر بن الحسين الفقيه قال أخبرنا أبو سهل محمود بن عمر قال حدثنا أبو بكر بن بخيت قال حدثنا عمر بن محمد الجوهري قال حدثنا عباس بن محمد الجوهري قال سمعت أبا عمر الضرير المقرئ يقول سمعت عفان بن مسلم يقول سمعت سلاما أبا المنذر قارىء أهل البصرة وأتاه رجل بمصحف فقال له: يا أبا المنذر ما تقول في هذا السواد في البياض؟ فقال له سلام: هذا كلام الله غير مخلوق يا زنديق!!

-كتاب مشيخة الكبرى

٢٣.کەسێک بڵێ لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە بەڵام مەبەستم قوڕئان نییە

هەر کەسێك بڵێت لـەفظم بە قوڕئان مەخلوقە و مەبەستم قوڕئان نییە، یاخود خوێندنەوەی من مەخلوقە و قوڕئان مەخلوق نییە، ئەوە کوفرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قوڕئان گەر مەبەستی لـەوەش نەبێت.

ابو طالب فەرمووی: بە باوکی عبداللەم وت: لە طەڕسوسەوە بۆم نووسراوە کە شەڕاك دەڵێت: *قوڕئان کەلامی اللەیە، جا کە خوێنتەوە،خوێندنەوەکەی مەخـلوقە.*

فەرمووی: قاتلە الله! ئەمە ڕێك قسەی جەهمە.

وتم: پیاوێک وتی: *قوڕئان کەلامی اللەیە مخلوق نییە، بەڵام لـەفـظی مـن! ئـەمـە بـە قوڕئان مەخلوقە.*

فەرمووی: ئەوەی وابڵێت ئەوە هەموو بابەتەکەی هێناوە، بەڵکو کەلامی اللەیە لـە هەموو حـاڵێکەوە.

-کتاب السنه للخلال (٢٠٥٦)، إبانه الكبرى

٢٠٥٦ ـ أخبرني أبو يحيى زكريا بن يحيى الناقد، قال: ثنا أبوطالب، قال: قلت لأبي عبد الله: كتب إلي من طرسوس: أن الشراك يزعم أن القرآن كلام الله، فإذا تلوته فتلاوته مخلوقة.

قال: قاتله الله ! هذا كلام جهم بعينه.
قلت: رجل قال: القرآن كلام الله وليس بمخلوق؛ ولكن لفظي هذا به مخلوق.
قال: من قال هذا فقد جاء بالأمر كله، إنما هو كلام الله على كل حال
-كتاب الإبانة الكبرى (٢٠٥٦)

لـەم ئەثەرە باسی عەقیدەی لەفظییەکانی ئێستا دەکات، کە دەڵێن خوێندنەوەمان مەخلوقە، قورئان مەخلوق نییە.

وەك ئەو پیاوە ئاماژەی بۆ لـەفظی خۆی کرد وتی لەفظی من ئەمە مەخلوقە.
ئیمامی احمد بە تەجەهومی دانا.

ئیمام خلال دەیگێڕیتەوە کە ئیمامی احمد بە ابو بکر المروذی وتووە: پێم گەیشتوە کەوا نوعیمی کوڕی حماد دەیوت: لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە! جا گەر وای وتبێت، ئەوە خودای گەورە لە قەبرەکەی لێی خۆش نەبێت.

سمعت أبا بكر المروذي يقول: أتيت أبا عبد الله ليلة في جوف الليل فقال لي: يا أبا بكر، بلغني أن نُعَيْمًا كان يقول: لفظي بالقرآن مخلوق؛ فإن كان قاله فلا غفر الله له في قبره.

-كتاب السنه للخلال (٢٠٦٨)

محمدی کوڕی عبید الله فەرمووی: گوێم لە موئمەل بوو دەیوت: بە نوعیم بن حمادم وت: چی وای لێ کردی ئەم وشەیە بڵێی وتت: لەفظم بە قوڕئان مەخلوقە؟

وتی: واللەی تەنیا مەبەستم لەوە بوو بەڵگەیان بەسەر زاڵ بکەم پێی.
پێم وت: دووبارەی مەکەوە.

وتی: من استغفاری الله دەکەم لەم وشە، وە تەنیا مەبەستم لە احتجاج بوو پێیەوە.

ـ **وأخبرني** محمد بن عبيد الله الرحبي بالرحبة، قال: سمعت مؤمَّلا ـ يعني: ابن إهاب ـ يقول: قلت لنُعَيم بن حماد: ما حملك على هذه الكلمة أن قُلْتَ: لفظي بالقرآن مخلوق؟
فقال: والله ما أرى بها إلّا الاحتجاج عليهم.
فقلت: لا تَعُدْ.
فقال: أنا أستغفر الله منها، ما أردتُ إلّا الاحتجاج بها.

-كتاب السنه للخلال (٢٠٦٩)

نوعیمی کوڕی حماد یەکێك بوو لە زانایانی سەلەف دەیوت: قورئان کەلامی اللەیە مـەخلوق نییە، هـەر کەسێك بڵێت: مەخلوقە کافرە، و بێ ئیستتابە دەکوژرێت.

نوعیمی کوڕی حماد فەرموویەتی: هەرکەسێک بڵێت قورئان مەخلوقە (دروستکراوە)، ئەوا کافرە بە خودا، من پێم وایە جیهاد کردن لە دژیان باشترە لە جیهاد کردنی ڕۆم، و پێم وایە دەبێت بکوژرێن بەبێ ئەوەی داوای تەوبەیان لێبکرێت.

عن نعيم بن حماد قال: مَنْ قَالَ الْقُرْآنُ مَخْلُوقٌ فَهُوَ كَافِرٌ بِاللهِ، أَرَى أَنَّ جِهَادَهُمْ عِنْدِي أَفْضَلُ مِنْ جِهَادِ الرُّومِ، وَأَرَى أَنْ أَقْتُلَهُمْ بِلَا اسْتِتَابَةٍ

-كتاب السنة لحرب الكرماني

ئەم ئەثەرەی باسی نوعیم بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نیەت و مەبەست لە قورئان نەبێت، هـەر هەمان حوکمی هەیە و لێی قبوڵ ناکرێت، ئەوەتا نوعیم تەنیا مەبەستی ئەوە بوو بەڵگە بەسەر جەهمییەکان بێنێتەوە کە دەیان وت: قورئان مەخلوقە، بەڵام خۆی تێکەوت و معذور نەبوو، لێی قبوڵ نەکرا.

ئـەمە بەڵگەیە لـەسەر ئەوەی هـەر کەسێك بکەوێتە کوفر و بیدعەوە گەر عالم و موجتەهیدیش بێت عوذری بۆ نییە لێی قبوڵ ناکرێت، وەک چۆن لە نوعیم قبوڵ نەکرا تا تەوبەی کرد لە قسەکەی، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو تەفریقە بیدعیانەی دەکرێت دەڵێن: مەبەستمان خوێندنەوەی خۆمانە مەبەستمان قورئان نییە، یان مەبەستمان کاغەز و حیبرە مەبەستمان قورئان نییە، بەهەمان شێوە کوفر و تەجەهومە کوفرەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قورئان، وەك لە ئیمامی احمدەوە کاتێك باسی کەسێکیان کرد مەبەستی لە لـەفظییەتی و مەبەستی لە خوێندنەوەیەتی کە مەخلوقە، ئیمامی احمد بە تەجەهومی داناوە؛ فەرمووی: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە واتا هەر چۆنێك بێت خەلقەکەیان دەگەڕێتەوە سەر قورئان

وەك ئیمامی عبداللە دەفەرموویێت: گوێم لە باوکم بوو دەیگوت: *هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەی مەبەستی مخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.*

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله

٢٤.وەك چۆن ناوتریێت لـەفظمان بە قوڕئان مەخلوقە، بەهەمان شێوە ناوتریت: نوێژ مـەخلوقە، زەکات مەخلوقە، حەج مەخلـوقە

ئیمامی خلال ڕیوایەتی دەکات: احمدی کوڕی إسحاقی کوڕی عیسی البزاز دەفەرموویێت: گوێم لە باوکم بوو دەیگوت: پیاوێك هات بۆ لامان کە خەڵکی صوڕ بوو ناسراو بوو بە (صوڕی موتەکەلیم)، شێوەیەکی جوانی هەبوو وەك ڕاهب وابوو، بەلامانەوە کەسێکی باش بوو، پاشان کەسێکی پرسیارکەری بینی، وای لێهات پێمانی دەوت: (*ئیمان مەخلوقە، زەکات مـەخلوقە، حەج مەخلـوقە، جیهاد مەخلـوقە*) واامان لێهات نەزانین چی وەڵام بدەینەوە، چوین بۆ لای عبدالوەهابی الوەڕاق، باسەکەمان بۆی گێڕایەوە، وتی: نازانم، ئەمە چییە؟ بچن بۆ لای باوکی عبدالله احمدی کوڕی حەنبەل ئەو شارەزایە لـەو بابەتە، باوکم وتی: چوین بۆ لای باوکی عبدالله، ئەو قسە و بابەتانەمان بۆی باس کرد کە بۆ عبدالوهابمان باس کرد، باوکی عبدالله پێمانی وت: ئەمانە بابەتی جەهمی کوڕی صەفوانە، وە ئەمە حەفتا بابەتە، بچن ئەو کەسە لای خۆتان دەرکەن.

ـ **حَدَّثَنَا** أَبُو بَكْرٍ، قَالَ: ثنا أَحْمَدُ بْنُ إِسْحَاقَ بْنِ عِيسَى الْبَزَّازُ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي يَقُولُ: قَدِمَ عَلَيْنَا رَجُلٌ مِنْ صُورٍ مُعَرَّفٌ بِالصُّورِيِّ مُتَكَلِّمٌ، حَسَنُ الْهَيْئَةِ كَأَنَّهُ رَاهِبٌ، فَأَعْجَبَنَا أَمْرُهُ، ثُمَّ إِنَّمَا لُقِيَ سَائِلًا فَجَعَلَ يَقُولُ لَنَا: الْإِيمَانُ مَخْلُوقٌ، وَالزَّكَاةُ مَخْلُوقَةٌ، وَالْحَجُّ مَخْلُوقٌ، وَالْجِهَادُ مَخْلُوقٌ، فَجَعَلْنَا لَا نَدْرِي مَا نَرُدُّ عَلَيْهِ، فَأَتَيْنَا عَبْدَ الْوَهَّابِ الْوَرَّاقَ، فَقَصَصْنَا عَلَيْهِ أَمْرَهُ، فَقَالَ: مَا أَدْرِي مَا هَذَا؟ ائْتُوا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ أَحْمَدَ بْنَ حَنْبَلٍ؛ فَإِنَّهُ جِهْبَذُ هَذَا الْأَمْرِ، قَالَ أَبِي: فَأَتَيْنَا أَبَا عَبْدِ اللَّهِ، فَأَخْبَرْنَاهُ بِمَا أَخْبَرَنَا عَبْدُ الْوَهَّابِ مِنَ الْمَسَائِلِ الَّتِي أَلْقَاهَا عَلَيْنَا، فَقَالَ لَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ: «هَذِهِ مَسَائِلُ الْجَهْمِ بْنِ صَفْوَانَ، وَهِيَ سَبْعُونَ مَسْأَلَةً، اذْهَبُوا فَاطْرُدُوا هَذَا مِنْ عِنْدِكُمْ»

-كتاب السنة لأبي بكر بن الخلال (١٦٨٧)

٢٥.ئەو کەسانەی دەڵێن جوڵەی ئێمە لە کاتی خوێندنەوەی قورئان مەخلوقە، لە کاتی نوێژ مەخلوقە، ئیمان وەک حەرەکە مەخلوقە؛ ئەمانە گشتی جەهمیین، وتویانە لا إله الا الله مەخلوقە گەرچی بشڵێن: واناڵێین

ئیمامی إبن بطە دەفەرموویێت: گوێم لە ابا بکر احمد بن سلمان النجاد بوو دەیفەرموو: وە لە کۆمەڵە گومڕایەکان کەسانێك شتێکیان داهێنا کە زانایان نکۆڵیان لێ کرد، وە باسی الصوری کرد، کە لە بەشێك لە قسەکانی دەیگوت: (ئیمان مەخلوقە)، لەم قسەیە تەنها مەبەستم لە جوڵەیە، خەڵکیش لەو بابەتە ڕۆچوون، کۆمەڵە کەسانێك سەریان خست، وە کۆمەڵەیەکیش نکۆڵیان لێی کرد، پرسیاریان لە عبدالوهاب الوراق و هارون الحمال کرد، ئەوانیش قسەیەکیان بە ئیمامی احمد وت.

سمعت أبا بكر أحمد بن سلمان النجاد، يقول: ومن الفرق الهالكة قوم أحدثوا شيئًا أنكره العلماء؛ وذكر أن الصوري كان نزل من بغداد بالجانب الشرقي سوق يحيى، وأظهر التقلل والتقشف، وقال في بعض كلامه: (إن الإيمان مخلوق، وإنما أردت الحركة، فخاض الناس في أمره؛ فطائفة تنصره، وطائفة تُنكر عليه، فسألوا عبد الوهاب الوراق، وهارون الحمال؛ فعرضا كلامه على أحمد بن حنبل

ـ كتاب لإبانة الكبرى (٢٥٣٥)

ئیمامی إبن بطە ڕیوایەتی دەکات: ابو بكر المەروذی دەفەرمووێت: بە باوکی عبداللەم وت: کەسێك لەم لایەنە قسەی کردووە، وە خەڵکیش وایان لێهاتوە لەو بابەتە قسە دەکەن، وە چوون بۆ لای عبدالوهاب پرسیاریان لێی کرد، فەرمووی: بچن بۆ لای باوکی عبدالله، وە چوونە بۆلای چەندین شێخی تر نەیانزانی چی بڵێن، وە قسەکەیان بۆ من هێناوە کەوا پێت بڵێن، وە ئەمە نووسراوەکەیە.

فەرمووی؛ بیهێنە، پێیم دا، کە تیایدا نووسرابوو: الله عەقڵی بۆمان دروست کردووە، وە ئیلهامی خەیر و شەڕی پێداوین، وە ئیلهامی هیدایەتی پێداوین، وە ئیلهامی ڕێگای ڕاستی پێداوین، وە واجبی کردووە لەسەرمان کەوا سوپاسی بکەین لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێی داوین.

پیاوەکە پێی وت: بەهەمان شێوە ئیمانمان مەخلوقە، وە نوێژمان مەخلوقە؟

وتی: بەڵێ، ئیمان مەخلوقە، وە ئیمان وتە و کردەوەیە، زیاد و کەم دەکات، وە نیەتە، وە شوێن کەوتنی سوننەتە، بەڵکو وتم: مەخلوقە، مەبەستم لە جوڵەو کردەوە بوو، گەر لەو شوێنە بوو نەك لەسەر وتە، هەر کەسێك بڵێت: ئیمان مەخلوقە، مەبەستی لە وتە بێت ئەوە کافرە.

وە دوای ئەمە قسەی من بگەیەنرێت بە باوکی عبدالله، گەر هەڵە بوو؛ دەگەڕێمەوە تەوبە دەکەم بۆ الله، گەر ڕاست بوو؛ سوپاس بۆ الله.

باوکی عبدالله خوێندییەوە تا گەیشت بەو وتەیەی کە وتی: من وتومە مەخلوقە لەسەر جوڵە و کردەوە، ابو عبدالله نووسراوەکەی لە دەستی فڕێدا، وە زۆر توڕە بوو، پاشان وتی: ئەمە کەسێکە دەبێت خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە و قسەی لەگەڵ نەکرێت، ئەمە ڕێک قسەی جەهمە، (کە وتم: مەخلوقە لەسەر جوڵە)؛ وە ئەمە وەك وتەی الکرابیسیە، کەوا؛ مەبەستی ئەوە بوو: جوڵەکان مەخلوقە، ئەمە قسەی جەهمە، وەیل بۆی! گەر وتی: (ئیمان مەخلوقە) جا چی ماوە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئیمان شایەتی لا اله الا اللهیە) لا اله الا الله مەخلوقە؟

فەرمووی: ئەمە خەڵکی کوێیە؟ هاتووە بۆ لای کێ؟ وە لای کێ دادەنیشێت؟

وتم: کەسێکی غەریبە.

فەرمووی: خەڵکی لێ ئاگادار کەنەوە، ئەهلی کەلام هەرگیز سەرفراز نابێت.

وَحَدَّثَنَا أَبُو حَفْصٍ عُمَرُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ رَجَاءٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ دَاوُدَ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ الْمَرُّوذِيُّ، قَالَ: قُلْتُ لِأَبِي عَبْدِاللَّهِ: إِنَّ رَجُلًا قَدْ تَكَلَّمَ فِي ذَلِكَ الْجَانِبِ وَقَدْ قَعَدَ النَّاسُ يَخُوضُونَ فِيهِ، وَقَدْ ذَهَبُوا إِلَى عَبْدِ الْوَهَّابِ فَسَأَلُوهُ، فَقَالَ: اذْهَبُوا إِلَى أَبِي عَبْدِ اللَّهِ، وَقَدْ ذَهَبُوا إِلَى غَيْرِ وَاحِدٍ مِنَ الْمَشْيَخَةِ، فَلَمْ يَدْرُوا مَا يَقُولُونَ، وَقَدْ جَاءُوا بِكَلَامِهِ عَلَى أَنْ يَعْرِضُوهُ عَلَيْكَ وَهَذِهِ الرُّقْعَةُ، فَقَالَ: " هَاتِهَا. فَدَفَعْتُهَا إِلَيْهِ، فَكَانَ فِيهَا: خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَنَا عُقُولًا، وَأَلْهَمَنَا الْخَيْرَ وَالشَّرَّ، وَأَلْهَمَنَا الرُّشْدَ، وَأَوْجَبَ عَلَيْنَا فِيمَا أَنْعَمَ بِهِ عَلَيْنَا الشُّكْرَ. فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: وَهَكَذَا إِيمَانُنَا قَوْلٌ وَعَمَلٌ، وَيَزِيدُ وَيَنْقُصُ وَنِيَّةٌ وَاتِّبَاعُ السُّنَّةِ، وَإِنَّمَا قُلْتُ: إِنَّهُ مَخْلُوقٌ عَلَى الْحَرَكَةِ وَالْفِعْلِ، إِذْ كَانَ فِي هَذَا الْمَوْضِعِ لَا عَلَى الْقَوْلِ، فَمَنْ قَالَ: «إِنَّ الْإِيمَانَ مَخْلُوقٌ يُرِيدُ الْقَوْلَ فَهُوَ كَافِرٌ»، وَبَعْدَ هَذَا يُعْرَضُ كَلَامِي عَلَى أَبِي عَبْدِ اللَّهِ، فَإِنْ كَانَ خَطَأً رَجَعْتُ وَتُبْتُ إِلَى اللَّهِ، وَإِنْ كَانَ صَوَابًا، فَالْحَمْدُ لِلَّهِ، فَقَرَأَهَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ حَتَّى انْتَهَى إِلَى قَوْلِهِ: وَإِنَّمَا قُلْتُ: إِنَّهُ مَخْلُوقٌ عَلَى الْحَرَكَةِ وَالْفِعْلِ، فَرَمَى أَبُو عَبْدِ اللَّهِ بِالرُّقْعَةِ مِنْ يَدِهِ، وَغَضِبَ شَدِيدًا، ثُمَّ قَالَ: " هَذَا أَهْلٌ أَنْ يُحَذَّرَ عَنْهُ وَلَا يُكَلَّمَ، هَذَا كَلَامُ جَهْمٍ بِعَيْنِهِ، وَإِنَّمَا قُلْتَ مَخْلُوقٌ عَلَى الْحَرَكَةِ، هَذَا مِثْلُ قَوْلِ الْكَرَابِيسِيِّ، إِنَّمَا أَرَادَ: الْحَرَكَاتُ مَخْلُوقَةٌ، هَذَا قَوْلُ جَهْمٍ، وَيْلَهُ إِذَا قَالَ: إِنَّ الْإِيمَانَ مَخْلُوقٌ، فَأَيُّ شَيْءٍ بَقِيَ؟ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: «الْإِيمَانُ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ»، فَلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مَخْلُوقٌ؟، قَالَ: مِنْ أَيْنَ هَذَا الرَّجُلُ؟ وَعَلَى مَنْ نَزَلَ؟ وَمَنْ يُجَالِسُ؟ قُلْتُ: هُوَ غَرِيبٌ، قَالَ: حَذِّرُوا عَنْهُ، لَيْسَ يُفْلِحُ أَصْحَابُ الْكَلَامِ.

-كتاب الإبانة الكبرى ابن بطة (٢٥٣٧)

جوان بڕوانـە ئەم ئەثەرە، ئەو کەسە وەك لـەفظییەکان تەفریقی کرد، وتی ئیمان وەك حەرەکە مـەخلوقە، واتا جوڵە و کردەوە ناو نوێژ، جوڵەی حەج کردن، وتی ئیمان بەم لایە مـەخلوقە، وتی: هەر کەسێك بڵێت: ئیمان وەك وتەی مەخلوقە؛ کافرە.

ئەمەش هاوشێوەی قسەی لەفظییەکانە کە دەڵێن: ئەوەی لە لەفظ مەبەستی قوڕئان بێت کافرە، بەڵام گەر مەبەستی جوڵە و لەفظ و خوێندنەوەی خۆی بێت ئەمە ڕاستە.

ئیمامی احمد فەرمووی: *ئەوەی ئەو قسەیە بکات وەك ئەوە وایە بڵێت: لا إله الا الله مـەخلوقە.*

ئەم کەسە تەفریقەکەی کرد، وە ئیمامی احمد زانی مەبەستی تەفریقە تەنها مەبەستی جوڵە و کردەوەیە، بەڵام قسەکەی گەڕایەوە سەر لا إله الا الله.

هاوشێوەی لـەفظییەکان دەڵێن: مـەبەستمان قوڕئان نییە، بەڵام کوفرەکەیان لە دەوری قوڕئاندایە خەلقەکەیان دەگەڕێتەوە سەر قـوڕئان.

کە باسی لـەفظ و خوێندنەوە دەکەن؛ لە بابەتی قوڕئانە.

کاتێك باسی نووسراو دەکەن؛ لە بابەتی قوڕئانە.

کاتێك باسی کاغەز دەکەن؛ لە بابەتی قوڕئانە.

کاتێك باسی حیبر دەکەن؛ لە بابەتی قوڕئانە.

لە هەر یەکێك لەمانە باسی مەخلوقیەت بکەن دەگەڕێتەوە بۆ قوڕئان.

ئیمامی عبدالله دەفەرمووێت: *گوێم لە باوکم بوو وتی: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قوڕئان بە لەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مەخلوق بێت: ئەوە جەهمییە.*

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.
-كتاب السنة لعبدالله

بۆیە بزانە وەفقك الله ئەمانە گشتی بابەتی ئەهلی فەلسەفە و لۆژیک و مەنتق و کەلامە بابەتی ئەهلی سوننە نییە، بەڵکو ئەصڵەکە ئەوەیە لەم بابەتە بێدەنگ دەبیت، وەك ئیمامی احمد دەڵێین رحمه الله، لە قسەی ئەو دەرناچین و زیاد و کەمی ناکەین.

٢٦. هەڵوەشاندنەوەی گومانی دەیەمی لەفظییەکان

لـەفظییەکان دەڵێن: إبن بطة وتویەتی لـەوح مـەخلوقە، وە وتویەتی: ئەوەی لە لەوح دایە خەت و کتابە مەخلوقن، ئەما کەلامی پەروەردگار کە تیایدایە مەخلوق نییە.

لـە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین: ئێوە درۆ و ئیفتیرایەکی زۆر گەورەتان بە دەمی ئیمامی ابن بطە کردوە رحمه الله، ئیمامی إبن بطە هەرگیز نەیوتووە: خەت و نووسینی ناو لـەوح مـەخلوقە، بەڵکو ئەو وشەی خـەلقە لە زیادکـراوی ئێوەیە.

شێخ دەفەرمووێت: *ئەوەی لە لەوحەکەدایە لە وتەی ئەو، وە ئەوەی کە لە قورئانە و لە لەوحەکەدایە بریتییە لە خەت و نووسینەوە، بەڵام وتەی خودای گەورە و مەزن دروستکراو نییە.*

قال: وما في اللوح كلامه، وإنما ما في اللوح من القرآن الخط والكتاب، فأما كلام الله عز وجل فليس بمخلوق.
-كتاب الإبانة الكبرى (٢٤٩٣)

کەوایە لە کوێدا شێخ خەت و نووسینەوەی بە مـەخلوق داناوە؟

بەڵکو لای ابن بطە ئەوەی لە لەوحدایە کە قورئانە خەت و نووسینە وەک فەرمووی: وإنما ما في اللوح من القرآن الخط والكتاب.

وە ئەو خەت و نووسینەش بەلای ئەوەوە کەلامی اللەیە، نەیوتوە مەخلوقە.

وەک لە وتەکانی تری هاتوە کە دەفەرموویت: ئەو قورئانەی خەڵکی دەیخوێننەوە هەمان ئەو قورئانەیە اللە قسەی پی کردووە و لە لەوح دایە.

ئیمامی ابن بطە دەفەرموویت: بێ گومان گێڕانەوەکان هاتوون لە پێشەوا ڕێنماییکراوەکان و زانا شەرعزانەکانی موسڵمانان، ئەوانەی کە خودا کردوونی بە ڕێپیشاندەر بۆ ئەوانەی داوای ڕێنمایی دەکەن، و ئارامییەک بۆ دڵی ژیرەکان لە باوەڕداران، لەوەی کە فەرمانیان پێکراوە بە بەگەورەدانان و ڕێزلێنانی قورئان، کە تێیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی خەڵکی دەیخوێننەوە و بە زمانیان دەیڵێنەوە هەر ئەو قورئانەیە کە خودا قسەی پێکردووە وە لە لەوحی مەحفوظ، لەسەر پێستی کراوەدا دایناوە.

هەر وەک خودای گەورە دەفەرموویت: «بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ» [البروج: ٢١]، و فەرموودەی خودای گەورە: «وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ»

قال شیخ: وَلَقَدْ جَاءَت الْآثَارُ عَنِ الْأَئِمَّةِ الرَّاشِدِينَ وَفُقَهَاءِ الْمُسْلِمِينَ الَّذِينَ جَعَلَهُمُ اللَّهُ هُدَاةً لِلْمُسْتَرْشِدِينَ، وَأُنْسًا لِقُلُوبِ الْعُقَلَاءِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، مِمَّا أُمِرُوا بِهِ مِنْ إِعْظَامِ الْقُرْآنِ وَإِكْرَامِهِ، مِمَّا فِيهِ دَلَالَةٌ عَلَى
أَنَّ مَا يَقْرَؤُهُ النَّاسُ وَيَتْلُونَهُ بِأَلْسِنَتِهِمْ
هُوَ الْقُرْآنُ الَّذِي تَكَلَّمَ اللَّهُ بِهِ،
وَاسْتَوْدَعَهُ اللَّوْحَ الْمَحْفُوظَ، وَالرَّقَّ الْمَنْشُورَ
، حَيْثُ يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: {بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ} [البروج: ٢١]، وَقَوْلُهُ تَعَالَى: {وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ}
-كتاب الإبانة الكبرى

وە هەروەها شێخ ابن بطه دەفەرموویێت: *موصحەف کەلامی اللەیە، یاخود هەر شتێك قورئانی لەسەر بنووسرێت جائیز نییە بێ دەستنوێژ دەستی لێ بدرێت، بێگومان هەموو نووسراوێکی قورئانیش لە خەت و نووسین پێک دێت.*

ئیمامی ابن بطه دەفەرموویێت: گەر اللە ڕێزی لە قورئان نەنایە، وە وتەی ئەو نەبوایە و لەو دەرنەچوبایە ئەوە جائیز بوو کەسێك بە دەستنوێژ و بەبێ دەستنوێژ دەستی لێ بدات، بەڵام وتەی ئەوە و دروست کراو نییە، بۆیە پاشان ڕێگری کرا؛ دەست بدرێت لە موصحەف یاخود هەر شتێك کە قورئانی تیا نووسرابێت ئیلا بە دەست نوێژەوە بێت، اللە تعالى فەرموویەتی: «**لا يمسه إلا المطهرون**».

قال الإمام ابن بطة رحمه الله: فَلَوْلَا مَا شَرَّفَ اللَّهُ بِهِ الْقُرْآنَ، وَأَنَّهُ كَلَامُهُ، وَخَرَجَ مِنْهُ، لَجَازَ أَنْ يَمَسَّهُ الطَّاهِرُ وَغَيْرُ الطَّاهِرِ، وَلَكِنَّهُ غَيْرُ مَخْلُوقٍ، فَمِنْ ثَمَّ حَظَرَ أَنْ يَمَسَّ الْمُصْحَفَ أَوْ مَا كَانَ فِيهِ مَكْتُوبٌ مِنَ الْقُرْآنِ إِلَّا طَاهِرٌ، فَقَالَ تَعَالَى: {لَا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ} [الواقعة: ٧٩]

-كتاب الإبانة الكبرى (٢١٨٣)

لە نافع ـەوە لە ابن عمر ـەوە: کەوا دەستی لە موصەحەف نەدەدا ئیلا بە دەستنوێژەوە.

ابن بطه دەفەرموویێت: لەبەر ئەوەی موصحەف کەلامی اللەیە، ڕێگریمان لێکرا ببەین بۆ خاکی دوژمن بۆ ئەوەی دوژمن دەستی لێ نەدات، وە لەوەدا تەنیا مەبەست لە موصەحەفە.

.

٤٤ ـ **حَدَّثَنَا** إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ الصَّفَّارِ، قَالَ: حَدَّثَنَا سَعْدَانُ بْنُ نَصْرٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ، عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، عَنْ نَافِعٍ، عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّهُ كَانَ لَا يَأْخُذُ الْمُصْحَفَ إِلَّا طَاهِرًا.

وَلِأَجْلِ أَنَّهُ كَلَامُ اللَّهِ نُهِينَا عَنِ السَّفَرِ بِهِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ لِئَلَّا يَمَسَّهُ الْعَدُوُّ، وَإِنَّمَا عَنَى بِذَلِكَ الْمُصْحَفَ خَاصَّةً

-كتاب الإبانة الكبرى (٢١٨٣)

کەواتە لای شێخ ئەوەی لە لەوح دایە کە خەت و نووسینە بریتییە لە قورئان، کە کەلامی اللەیە، وە کەلامی الله مەخلوق نییە، هاوشێوەی موصحەف کە خەت و نووسینەوەی تیایە ئیمامی ابن بطە موصحەفی بە کەلامی الله و قورئان وەصف کرد، وە شێخ نەیوتوە ئەم خەت و نووسینە مەخلوقە.

وەک چۆن لە موصحەفدا خەت و نووسین هەیە، کە ئیمامی ابن بطە دەفەرموویێت، موصحف قورئان و کەلامی اللەیە.

جا چەن موسڵمانێك لەو قسەیەی شێخ هەڵە حاڵی ببوون وایان دەزانی کە شێخ دەڵێت: ئەوەی لە لەوح دایە تەنیا خەت و نووسینە کەلامی الله نییە.

هۆکاری هەڵە حاڵی بوونەکە لێرەوە دەستی پێ کردووە کە شێخ ڕەحمەتی اللەی لێبێت ڕەدی گومانێکی کەلامییەکان دەداتەوە کە دەڵێن: چۆن دەبێت شتێك کە لە سەرەتا مەخلوق بێت غەیرە مەخلوقی تیابێت.

دەیان وت: لەوح مەخلوقە، وە ئەوەیشی لە لەوح دایە مەخلوقە.
وتیان: مادەم لەوح سەرەتا مەخلوق بووە ئەوەیشی تیای بێت مەخلوقە، جا شێخ ڕەدی ئەو قسەیەیان دەداتەوە.

کە دەکرێت شتێک سەرەتا مەخلوق بێت کەلامی اللەی تیای نووسرابێت کە غیر مەخلوقە.

وەک چۆن لـەوح سەرەتا مەخلوق بوو، دوای ئەوەی عیلمی الله تعالی یـ تێدا نووسرایەوە وەصف نەکرا بە مەخلوق، وەك ئیمامی کەعب فەرمووی: لـەوح علمی اللەیە.

جا بەهەمان شێوە لە هەمان نەصدا شێخ دەڵێت: *ئاسمانەکان مەخلوقن، وە الله تعالی فەرموویەتی کە لە ئاسمانەکانە.*

دەفەرمووێت: *الله تعالی ڕوونی کردەوە کە مەخلوقێك خالقی تیایە.*

گەر بەو لێکدانەوەی لـەفظییەکان بێت: دەبێت بڵێین: شێخ حلولی بووە، چونکە لە مەقامی لەوح و وتەی الله لە لەوحدا ئەو قسەیە دەکات.

دەڵێت: الله وتویەتی: «**وهو الله فی السموت وفی الارض**»

شێخ دەڵێت: وە ئاسمانەکان مەخلوقە، وە الله غەیر مەخلوقە، وە الله تعالی تیایاندایە، وە ڕوونی کردەوە کە مەخلوقێك غەیری مخلوقی تیایە.

قال: وَالسَّمَاوَاتُ مَخْلُوقَةٌ، وَاللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ غَيْرُ مَخْلُوقٍ، وَاللَّهُ تَعَالَى فِـيـهَا، فَقَدْ بَيَّنَ أَنَّ مَخْلُوقًا فِـيـهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ.

بەو لێکدانەوەیەی لـەفظییەکان بێت مولزەم دەبن بڵێن: شێخ حلولی بووە: چونکە وتویەتی الله تعالى لە ناو ئاسمانەکان دایە گەر بڵێن: مەبەستی لە(على) یە.

دەڵێین: بەشی دووەمی هەمان ڕستەکە دەلالەت لە (في) دەکات نەک (على) وەک فەرمووی: فَقَدْ بَيَّنَ أَنَّ مَخْلُوقًا فِـيــهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ.

وە لە باسی لەوحدا ئەم قسەی هێناوە کە دەلالەت لە (في) دەکات نەک (على) بۆیە مولزەم دەبن بەو لێکدانەوەیەتان بڵێن: حلولی بووە، وە ناتوانن لەو ئیلزامە خۆتان لابدەن.

لەوانەیە یەکێک بڵێت ئەی باشە مانای ئەو وتانە چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم وتانە موتەشابیهە، لە ڕەدی کەلامییەکان فەرموویەتی بۆیە هەر کەسەو بە جۆریك لێکی دەداتەوە بۆ ئەوەی لە مانا صەحیحەکەی تێبگەین دەبێت بگەڕێینەوە سەر وتە موحکەمەکانی هەر لە كِتاب الإبانه: بەشێکی داناوە بەناوی: (ئیمان بوون بەوەی الله لەسەر عەرشە تێکەڵ نییە بە دروست کراوەکانی، وە عیلمی تەواوی خەلقی گرتۆتەوە، وە موسڵمانان یەکدەنگن لە صەحابە و تابعین و تەواوی ئەهلی عیلم کە الله تعالى لەسەر عەرشیەتی لەسەرووی ئاسمانەکانەوە تێکەڵ نییە بە دروست کراوەکانی).

بَابُ الْإِيمَانِ بِأَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى عَرْشِهِ بَائِنٌ مِنْ خَلْقِهِ، وَعِلْمَهُ مُحِيطٌ بِجَمِيعِ خَلْقِهِ وَأَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ مِنَ الصَّحَابَةِ وَالتَّابِعِينَ، وَجَمِيعِ أَهْلِ الْعِلْمِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى عَرْشِهِ، فَوْقَ سَمَاوَاتِهِ بَائِنٌ مِنْ خَلْقِهِ، وَعِلْمُهُ مُحِيطٌ بِجَمِيعِ خَلْقِهِ.

-كتاب الإبانة الكبرى

لێرە ئیمامی ابن بطه رحمه الله اثباتی ئەوە دەکات الله لەسەر عەرشە و تێکەڵ نییە بە دروستکراوەکانی.

بەهەمان شێوە لە إبانة الكبرى هاتوە کە ئەو خەت و نووسینە لای ئەو قوڕئانە و کەلامی اللەیە نەیوتووە مەخلوقە لەڕاستیدا وشەی خەلقەکە لە خۆیانەوە هێناویانە.

وەک لە باسی موصحەف فەرمووی: قوڕئانە و کەلامی اللەیە، لە باسی نووسراوێك قوڕئانی لەسەر نووسرابێت فەرمووی جائیز نییە بێ دەستنوێژ دەستی لێ بدەیت.

وە هەروەها بە هەمان شێوە لای هاوەڵانی رسول الله ﷺ، هەر نووسراوێك کە قوڕئان بێت، لەسەر هەر شتێك نووسرابێت، بە قوڕئان وەصف کراوە وە خەت و نووسینەکەیان بە قوڕئان وەصف کردووە

له مکحولـەوه له ابن عباسەوە: *کەوا پیاوێکی بینی لەوحی بەپێی دەسڕییەوە، ابن عباس ڕێگری لێکرد، ابن عباس فەرمووی: قورئان مەسڕەوە بە پێت.*

ابن بطه فەرمووی: *گەر حیکایەتی قورئان بوایە ڕێگری لێ نەدەکرد، یاخود دەیوت ئەمە حیکایەتی قورئانە بەو شێوازە مەیسڕەوە.*

ـ **حَدَّثَنَا** أَبُو بَكْرٍ أَحْمَدُ بْنُ سَلْمَانَ قَالَ: حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو تَقِيٍّ هِشَامُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ قَالَ: حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ سَعِيدٍ، حَدَّثَنِي سَلْمُ بْنُ سَالِمٍ، عَنْ نُوحِ بْنِ أَبِي مَرْيَمَ، عَنْ أَبِي شَيْبَةَ، عَنْ مَكْحُولٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّهُ رَأَى رَجُلًا يَمْحُو لَوْحًا بِرِجْلِهِ، فَنَهَاهُ وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: «لَا تَمْحُ الْقُرْآنَ بِرِجْلِكَ» فَلَوْ كَانَ حِكَايَةَ الْقُرْآنِ لَمَا نَهَاهُ، أَوْ قَالَ: إِنَّ هَذَا حِكَايَةُ الْقُرْآنِ، فَلَا تَمْحُهُ.

[٣٢٢]

-كتاب الإبانة الكبرى (٢٢٢٩)

٢٧. هەڵوەشاندنەوەی گومانی یازدەیەمی لەفظییەکان

دەڵێن: ئیمام احمد وتویەتی لەوح مەخلوقە، لە چوارچێوەی شتە مەخلوقەکان باسی لوح المحفوظیش ئەکات.

ئەڵێت: ئیمام أحمد ئەڵێ: پاشان کەسی جەهمیی بانگەشەی شتێکی تری کرد، ووتی: الله ئەفەرمووێ: «**خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّام**» جا پێی وابوو قورئان لەوە دەرناچێت، لە ئاسمانەکان بێت یان لە زەوی بێت یان لە نێوانی ئاسمان و زەوی بێت، جا گومان و تێکەڵکردنی بۆ خەڵک دروستکرد.

ئێمەش پێمان ووتن: ئایا الله عز وجل خەلق و مەخلوقی نەخستۆتە سەر ئەو شتانەی کە لە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانی ئاسمان و زەوین ؟
وتیان: بەڵێ.
وتمان: ئایا لە سەرووی ئاسمانەکان شتی مەخلوق هەیە؟
ووتیان: بەڵێ.
ووتمان: الله ئەوانەی سەروو ئاسمانەکانی لە شتە مەخلوقەکان دانەناوە لە ئایەتەکەدا، وە ئەهلی عیلم زانیویانە کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەکە (کورسی و عەرش و لەوحی مەحفوظ و پەردەکان) و شتی زۆر هەیە کە الله ناوی نەبردووە لە ئایەتەکەدا و لەگەڵ شتە مەخلوقەکان داینەناوە،

بەڵکو هەواڵ پێدان لە لایەن الله عز وجل تەنها کەوتۆتە سەر ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانی ئاسمان و زەوی دایە.

-کتاب الرد على الزنادقة والجهمية

١: معارضي لـەفظي دەڵێت: بڕوانە جەهمییەکان ووتیان الله فەرموویەتی: ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە مەخلوقن، قورئانیش لە یەکێک لەم شوێنانەیە کەواتە قورئانیش مەخلوقە.

٢: معارضي لەفظي دەڵێت: ئیمام احمد سەرەتا پرسیاریان لێ ئەکات ئایا لە سەرووی حەوت ئاسمانەکە شتی مەخلوق بوونی هەیە ؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ
معارضي لەفظي دەڵێت: ئینجا ئیمام احمد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ووتەکەیان ئەڵێ: لە سەرووی حەوت ئاسمانەکە کورسی و عەرش و لەوحی مەحفوظ و پەردە نورینەکانی الله هەیە کە دایبڕیووە لە مەخلوقاتەکانی و زۆر شتی تر هەن کە الله ناوی نەبردوون لە ئایەتەکە.

٣: معارضي لەفظي دەڵێت: ئێمە سەرەتا ڕێککەوتین کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەکە شتانی مەخلوق هەن. و جێگای بەڵگە هێنانەوەیە وە باسکردنی لەوحی مەحفوظە لەپاڵ شتە مەخلوقەکانی تردا، هەروەک پێشتریش ئیمام احمد ئیقراری کرد لەسەر ووتەی جەهمییەکان کە شتانێکی مەخلوق هەن لە سەرووی حەوت ئاسمانەکە، ئینجا لە چوارچێوەیاندا باسی لەوحی مەحفوظی کرد.

لە وەڵامی خاڵی [1] دەڵێین: جەهمییەکان دەیان وت: مادەم قورئان لە ئاسمان و زەوی هەیە، کەواتە مەخلوقە، وە بەڵگەشیان بەو ئایەتە دەهێنایەوە کە الله ئاسمان و زەوی و هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە خەلقی کردووە بەڵام ئەهلی سوننە دەڵێن: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، لە هەر کوێ بێت، لە ئاسمان بێت، لە زەوی بێت، لە لەوح نووسرابێت، لە موصحەف بێت، لە لەوحی دەست خەڵکی نووسرابێت، قورئان کەلامی اللەیە و مەخلوق نییە بۆیە جەهمی بۆ ئەوەی بی سەلمێنێت قورئان مەخلوقە ئیستدلالی بەم ئایەتە کرد.

لە وەڵامی خاڵی [٢] دەڵێین: ئیمامی احمد ڕەحمەتی اللەی لێبێت، پێی وتن ئایە، مەخلوقیەت نەکەوتە سەر ئەوانەی لە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیان دایە؟

وتیان: بەڵێ.

ئیمامی احمد پێیان دەڵێیت: ئایە لەسەرووئاسمان شت هەیە؟

وتیان:بەڵێ.

ئینجا ئیمامی احمد ئیلزامیان دەکات دەڵێت: کەواتە گەر وابێت، ئەوەی لە سەرووی ئاسمانە مەخلوق نییە بەو بەڵگە هێنانەوەی ئێوە بۆ ئەو ئایەتە کەوا ئەهلی علم زانیویانە کە لەسەرووی حەوت ئاسمانەکان: کورسی هەیە، عەرش هەیە، لەوحی محفوظ هەیە، پەردە هەیە، وە زۆر شتی تر هەیە کە باسی نەکردووە، وە لەگەڵ شتە مەخلوقەکانی دانەناوە، بەڵکو مەخلوقەکە باسی ئەو شتانە دەکات کە لە ئاسمان و زەوی و نێوانیان دا هەیە.

واتا بە لێکدانەوەی جەهمییەکان بێت، مولزەمن هەرچی لەسەرووی ئاسمانەوە بێت بڵێن: غەیر مەخلوقە چونکە لە ئایەتەکە باسی سەرووی ئاسمانی نەکردووە.

لە وەڵامی خاڵی [٣] دەڵێین: ئیمامی احمد کە باسی عەرش و کورسی و لەوحی مەحفوظ و پەردەی کرد، باسی ئەوە ناکات کە بەلایەوە ئەمانە مەخلوقن یان نا، بەڵکو ڕەدی ئەو بەڵگە هێنانەوەیەی جەهمییەکان دەداتەوە، بەو بەڵگانە بێت کە دەڵێن: مادەم قورئان لە نێوان زەوی یان لەسەر زەوییە ئەوە مەخلوقە؛ بۆیە مولزەم دەبن بڵێن: ئەوەی لەسەرووی ئاسمانەوەیە غەیر مەخلوقە چونکە ئایەتەکە نایگرێتەوە.
وەک ئیمام احمد دەڵێت: فقلنا: فإنه لم يجعل ما فوق السموات من الأشياء المخلوقة، وقد عرف أهل العلم أن فوق السموات السبع: الكرسي، والعرش، واللوح المحفوظ، والحجب، وأشياء كثيرة ولم يسمها، ولم يجعلها مع الأشياء المخلوقة، وإنما وقع الخبر من الله على السموات والأرض وما بينهما.

واتا: وتمان: جا ئەوەی لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە لە شتە دروستکراوەکانی دانەناوە، وە زانایانیش دەزانن کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەکەوە: کورسی، و عەرش، و لەوحی مەحفوظ، و پەردەکان، و چەندین شتی دیکە هەن کە ناوی نەهێناون، وە ئەمانەی لەگەڵ شتە دروستکراوەکاندا دانەناوە. بەڵکو هەواڵدانەوەکەی خودا تەنها لەبارەی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە هاتووە.

لە کوێدا ئیمامی احمد وتویەتی لەوح مـەخلوقە؟
جـەهمییەکان مولزەم دەکات کە بەو قسەی ئەوان بێت ناچار دەبن بڵێن: هەرچی لەسەرووی ئاسمانەوەیە غەیر مەخلوقە.

جا معارضي لەفظي دەڵێت: مادەم لەوح لەگەڵ شتە مـەخلوقەکان باسکراوە، کەواتە مەخلوقە.

لە وەڵامدا دەڵێین: لەوح یەکێك بووە لەو شتانەی کە لای جەهمییەکان مەخلوق بووە، وە هەرچی لە لەوحدایە بەلایانەوە مەخلوقە،وە بەهەمان شێوە لـەوح یەکێکە لەو شتانەی کە لەسەرووی ئاسمانەوەیە ئیمامی احمد بە ڕەهایی باسی هەموو ئەو شتانە دەکات کە لەسەرووی ئاسمانەوەیە دەڵێت: مادەم بە قسەی ئێوە بێت هەرچی کە لەسەروو ئاسمانەکانەوەیە غەیر مـەخلوقە، یەکێك لەو شتانەی کە لەسەرووی ئاسمانە بەلای جەهمییەکان مەخلوقە بریتییە لە لەوح کە هەرچی تیایە لە قوڕئان لایان مەخلوقە، ئەوکاتە مولزەم دەبن بڵێن لەوح غیر مـخلوقە، وە قوڕئانی ناو لەوح غیر مەخلوقە، بەمەش عەقیدەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

جا گەر بێت بەو لێکدانەوە بێت: کاتێك ابن مسعود باسی نێوانی ئاسمانی دوونیا و ئاسمانی دواتر دەکات کە چەنێك لێک دوورن، وە باسی کورسی دەکات لەسەرووی ئاسمان، وە باسی ئاو دەکات لەسەر کورسی، و باسی عەرش دەکات لەسەر ئاو، کە ئەمانە هەموو مەخلوقن، وە ئینجا دەڵێت: الله لەسەر عەرشە.
بەو لێکدانەوەی لەفظیان بێت: ناچارن بڵێن مادەم، ابن مسعود اللەی لەگەڵ مەخلوقەکان باسکردووە کەواتە مەخلوقە والعیاذ باللە.

عبداللەی کوڕی مەسعود دەفەرمووێت: نێوانی ئاسمانی دونیا و ئەوەی لە دوای دێت ٥٠٠ ساڵە، وە نێوانی هەر ئاسمانێك بۆ ئەوەی تر ٥٠٠ ساڵە، وە نێوانی ئاسمانی حەوتەم و کورسی ٥٠٠ ساڵە، وە عەرش لەسەر ئاوە، وە الله لەسەر عەرشە، هیچ شتێك لە کردەوەکانی ئێوەی لێ ون نابێت.

ـ عن ابنِ مسعود قال: بين السماءِ الدنيا، والتي تليها خمسُمائةِ عام، وبين كلِّ سماءٍ وسماءٍ خمسُمائةِ عام، وبين السماءِ السابعةِ والكرسيِّ خمسُمائةِ عام، وبين الكرسيِّ والماءِ خمسُمائةِ عام، والعرشُ فوق الماءِ، واللهُ فوق العرشِ، لا يخفى عليه شيءٌ من أعمالِكم

-كتاب الرد على الجهمية_كتاب التوحيد لابن خزيمه [هذا الأثر مشهور ومتصل وصحيح]

بۆیە ئەم وتەیە دوور و نزیک باسی ئەوە ناکات کە لەوح لای ئیمامی احمد مەخلوق بێت، بەڵکو لە مەقامێك قسە دەکات جەهمییەکان مولزەم دەکات.
وەك ئاماژەکردن بڵێین: کە لەبەشی پێشوودا باسمان کردووە، لەوح سەرەتا مەخلوق بووە، بەڵام کە قورئانی تیا نووسرایەوە و علمی اللەی تیا نووسرایەوە پێی ناوترێت مەخلوقە.

وەك ئیمامی کەعب فەرمووی: لەوح علمی اللەیە.
جا ئەوەی بڵێت: لەوح مەخلوقە، وتویەتی: علمی الله مەخلوقە.
وە بەهەمان شێوە ناوترێت: غەیر مـەخلوقە.
بەڵکو بابەتەکە تەوقیفیە قسەی تیاناکرێت و بێدەنگ دەبین تیایدا.

٢٨. هەڵوەشاندنەوەی گومانی دوازدەی لەفظییەکان

معارضي لەفظي دەڵێت: محمد بن إسماعيل البخاري دەڵێت: عمر بن الخطاب گوێی لە معاذ القاري بوو لەکاتی قورئان خوێندندا دەنگی بەرز ئەکردەوە، (عمر بن الخطاب ـیش) ووتی: {إن أنكر الأصوات لصوت الحمير} {*بەڕاستی ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێدرێژە*}.

(مەبەستی دەنگی قاریئەکە بوو کە دەنگی مرۆڤە و مەخلوقە چونکە دەنگی بەرز ئەکردەوە و خەڵکی بێزار ئەکرد، نەک وتەکە کە قورئانـە و غەیر مەخلوقە).

-خلق أفعال العباد للبخاري (٣٠٤)

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەو بەڵگەیە هێناوتە هیچ ئەصڵی نییە، وە بوخاری خۆی بێ سەنەد هێناوییەتی، وە لە هیچ کتێبێکی ئەهلی سوننە ئەو وتەیە بە سەنەد نەهاتـووە بەڵکو درۆیە بەدەمی ئیمامی عومەر هەڵبەستراوە.

جا ئەم ئەثەرە کە دەیکەنە بەڵگە، باسی کەسێك دەکات قورئان دەخوێنێتەوە پێی دەوترێت ناخۆشترین دەنگ دەنگی کەرە، وەک سوکایەتی پێی وتراوە لە کاتی قورئان خوێندن، ئێوەش تەصحیحی دەکەن دەیکەنە بەڵگە جیاکاری پێ دەکەن دەڵێن: مەبەستی دەنگی کەسەکەیە کە مەخلوقە نـەک قورئانەکە کە مەخلوق نییە.

پێی دەوترێت: لـەسەر ئەو جیاکاریەی ئێوە کردتان.

کەسێك دێت موصحەف دێنێت! دەڵێت: ئەم موصحەفە کاغەز و حیبری مەخلوقە، کەلامی الله مخلوق نییە.

تف دەکات لە موصحەف، دەڵێت: سوێن بە الله مەبەستم مـەخلوقەکەیە، مەبەستم کەلامی الله نییە.

دەڵێت: ٣ بە ٣ تەڵاقم کەوتبێت گەر مەبەستم کەلامی الله بێت.

ئێستا ئەم کەسە وەك ئێوە جیاکاری دەکات؛ مولزەم دەبن بڵێن: مادەم مەبەستی مەخلوقەکەیە نەک کەلامی الله، کافر نابێت و تەڵاقی ناکەوێت، چونکە سوکایەتەییەکەی ناگەڕێتەوە بۆ کەلامی الله.

گەر بڵێن: کافر دەبێت و تەڵاقی دەکەوێت، ئەمەش مەزهەبەکەتان هەڵدەوەشێنێتەوە کە جیاکاری دەکەن
گەر بڵێن: ئەوە سوکایەتییە بۆیە کافرە.
پێتان دەوترێت: ئەو ئەثەرەی ئێوەش هێناوتانە سوکایەتییە بە کەسێك کە قورئان دەخوێنێتەوە و دەنگی بەکەر دەشوبهێنرێت!
گەر جیاکاری بۆ ئەوەی تر نەبێت، جیاکاری بۆ ئەوەش نابێت کە بە کەری شوبهاند لەم حاڵەتەدا مولزەم دەبن تەکفیری ئیمام عومەر بکەن والعیاذ بالله.

گەر بڵێن: ئاخر مەبەست لە دەنگەکەیە، پێیان دەوترێت: ئەوەی تریش سوێند و تەڵاقی خوارد مەبەستی کاغەز و حیبرەکەیە نەک کلام الله.

بۆیە کابرای لـەفظی کامەی هەڵبژێرێت لەوەی تر تاڵترە، جا توشی ئەم هەموو ئیلزامە لەبەر چی دەبن؟ لەسەر قسەیەك کە خۆشیان لە ناخیانەوە دەزانن بیدعەیە و هیچە و پوچە.

٢٩ . هەڵوەشاندنەوەی گومانی سێزدەی لەفظییەکان

معارضي لەفظی دەڵێت: هەی جەهمی چۆن ئەزانی ئەو ئیمامانە مەبەستیان قورئانەکە نەبووە بەڵکو مەبەستیان لە خوێندنەوەی حەمزە بووە بۆ قورئانەکە لای تۆ قراءة و مقروء یەک شتە چۆن لێرە جیای ئەکەیتەوە؟
قال حرب: سألت أحمد عن قراءة حمزة فقال لا يعجبني.
وقال أحمد بن سنان القطان: كان يزيد بن هارون يكره قراءة حمزة كراهية شديدة.

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەو ئەثەرەی هێناوتە لە ئیمامی احمدەوە کە گوایا قیرائەی حەمزەی بەلاوە مکروهـ بووە و دەیکەیتە بەڵگە بۆ جیاوازی کردن لە نێوان قراءة و المقروء.

کە ئەمە تێکەڵ کردنی دوو ئەصڵی جیایە، خۆتان پێ لە ئیمامی احمد زۆر شارەزاترە کە ئەصڵێکی ثابتمان هەیە لە ئیمامی احمد ئەوەی ئاماژە بۆ قورئان بکات لە هەر بابەتێک باسی مەخلوقیەت بکات جەهمییە.

ئیمامی عبدالله دەفەرموویێت: گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مخلوق بێت: ئەوە جەهمییە

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.
-كتاب السنة لعبدالله

وە هەروەها ئیمامی الدارمی دەفەرموویّت: جیاوازی کردن لە نیّوان قیرائە و مقروء مەذهەبی لەفظییەکانە.
فەرموو جەنابت شارەزاتری لە ئیمامی دارمی بەو ئاثارانە؟

قَالَ (الجهمي): وَالكَلَامُ غَيْرُ المُتَكَلِّم، وَالقَوْلُ غَيْرُ القَائِلِ وَالقُرْآنُ، وَالمَقْرُوءُ وَالقَارِئُ كُلٌّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا لَهُ مَعْنًى
قال الإمام الدارمي رحمەالله: وَأَمَّا قَوْلُكَ: فِي القِرَاءَةِ وَالقَارِئِ وَالمَقْرُوءِ: إِنَّ لِكُلِّ شَيْءٍ مِنْهُ مَعْنًى عَلَى حِدَةٍ؛ فَهَذَا أَمْرُ مَذَاهِبِ اللَّفْظِيَّةِ، لَا نَدْرِي مِنْ أَيْنَ وَقَعْتَ عَلَيْهِ، وَكَيْفَ تَقَلَّدْتَهُ؟ فَمَرَّةً أَنْتَ جَهْمِيٌّ، وَمَرَّةً وَاقِفِيٌّ، وَمَرَّةً لَفْظِيٌّ.
-كتاب نقض الإمام ابي سعيد

لەسەر ئەو قسەیە بە ئیّمە دەڵیّیت جەهمی، مولزەم دەبیت بە ئیمامی الدارمی بڵیّت: جەهمی چونکە؛ جیاوازی کردن لە نیّوان قیرائە و مقروء بە مەذهەبی لەفظییەکان دادەنیّت.

دواتر کام لە سەلەف ئەو بابەتەیان لە بابەتی لەفظ باس کردووە؟
لە کویّ باسی مەخلوقیەتیان کردووە؟
لە کویّ وتویانە قارء یان قراءة ـەکە مەخلوقە؟
کام لە سەلەف ئەم قیاسەیان کردووە؟

جگە لە کەسێکی لەفظی نەبێت، کە ابو زورعە و ابو حاتم ڕەحمەتی اللهیان لێبێت، هەجریان کردوو عامەی خەڵکی دەربەدەریان کرد، ئەچووە هەر شوێنێک لەسەر لەفظ دەردەکرا، تا مردیش ٥ کەس نوێژی لەسەر نەکرد.
گەرنا کام لە سەلەف ئەم شوبهانەیان هێناوە؟

دواتر کەڕاهەتی ئیمامی احمد لە قیرائەی حەمزە لەبەر کسرە و ئیدغامەکەی بووە، بەڵام ئێوە بۆ چەواشەکاری تەواوی ئەثەرەکان ناهێنن.

محەمەدی کوڕی هەیثەمی قوڕئانخوێن وتی: پرسیارم لە ئەحمەد کرد: چ شتێکت لە خوێندنەوەی حەمزەدا پێ ناخۆشە؟ ئەویش وتی: کەسر و ئیدغام.

منیش پێم وت: خەلەفی کوڕی تەمیم بۆی گێڕاینەوە کە وتبووی: من لەلای حەمزە قوڕئانم دەخوێند، سوفیانی ثەوری بەلایدا تێپەڕی و لەلای دانیشت، پاشان پرسیارێکی لێکرد و پێی وت: ئەی ئەبا عومارە (نازناوی حەمزە)، سەبارەت بە قوڕئان و زانستی میرات (الفرائض)، ئەوا ئێمە بۆ تۆمان جێهێشتووە.
ئەحمەدیش وتی: ئێوە خاوەنی قوڕئانن، و ئێوە زاناترن پێی

قال محمد بن الهيثم المقرئ: سألت أحمد: ما تكره من قراءة حمزة، قال: الكسر والإدغام.

فقلت له: حدثنا خلف بن تميم قال: كنت أقرأ على حمزة، فمر به سفيان الثوري فجلس إليه، وسأله عن مسألة، فقال له: يا أبا عمارة أما القرآن والفرائض فقد سلمناهما لك.
قال أحمد: أنتم أهل القرآن، وأنتم أعلم به.
-كتاب طبقات الحنابلة

معارضي لەفظي پێمان نالێن لە کوێدا قیرائەتی حەمزە بە مەخلوق دانراوە؟ لە کام ئەثەر تێکەڵ بە مەسئەلەی لەفظ کراوە.
پاشان الله تعالى دەفەرمووێت: «**أَن يُبَدِّلَ دِينَكُم أَو أَن يُظهِرَ فِي ٱلأَرضِ ٱلفَسَادَ**».

ابن ابي داود دەفەرمووێت: قراءة عبد الله: «**أن يبدل دينكم ويظهر في الأرض الفساد**».

لە قراءتی عبداللەی کوڕی مسعود: «**أو أن**» تيا نييە.

ئێستا ئەمە قیرائەتی ابن مسعودی پێ دەوترێت کە بەم شێوە دەیخوێنێتەوە: «**أن يبدل دينكم ويظهر في الأرض الفساد**»

ئەمە کەلامی اللەیە، یان کەلامی ابن مسعودە؟
گەر بڵێن: کەلامی ابن مسعودە کەلامی الله نییە ڕێک کافر دەبیت.

وە بشڵێیت: کەلامی اللەیە، دیسان بە مەخلوقت داناوە، چونکە بە قیرائەتی ابن مسعود وەصف کراوە کە بەلای تۆوە مەخلوقە، دیسان خەلقەکەت خستە سەر کەلامی الله.

بۆیە لەفظییەکان لەم بابەتەش کامەی هەڵبژێرن تاڵترە لەوەی تر.

٣٠. هەڵوەشاندنەوەی گومانی چواردەی لەفظییەکان

ئەڵێن: زانایانی سەلەف وتویانە: خەڵکی کتابی الله نافرۆشن، بەڵکو کاغەز و کاری دەستیان دەفرۆشن.
دەڵێن: ئەها زانایانی سەلەف جیاکارییان کردووە، کاری دەستی و کاغەزیان جیا کردەوە لە قورئان، بۆیە کاغەز و حیبر مەخلوقە، کەلامی الله مخلوق نییە.

لە وەڵامی ئەو گومانەدا دەڵێین: ئیمامی شافعی فەرموویەتی: ئەصڵ لەسەر ئەصڵی تر قیاس ناکرێت.
بابەتی مەسئەلەی کڕین و فرۆشتنی موصحف جیایە، لە بابەتی بە مەخلوق دانانی کاغەز و حیبرو خوێندنەوەی قورئان.

ئەویان بابەتێکی فیقهیە و ئاساییە بکرێت و بوترێت کە تێکەڵ نییە بە بابەتی تەجەهوم و مەخلوقیەتەوە، وەك بابەتی أفعال العباد کە مەخلوقە، تێکەڵ ناکرێت بە بابەتی قورئان وەك ابو زرعە ڕێگەی نەدا ئەو دوو ئەصڵە تێکەڵ بکرێت و قیاس بکرێتە سەر یەکتر.

ابن ابي حاتم دەفەرمووێت: پرسیار لە ابو زرعە کرا دەربارەی کردەوەی بەندەکان؟
فەرمووی: مەخلوقە.
پێیان وت: لەفظمان بە قورئان لە أفعالمانە؟
فەرمووی: ئەوە ناوترێت.

٥٩٧ ـ وقال عبد الرحمن سئل أبو زرعة عن أفعال العباد.
فقال: مخلوقة.
فقيل له: لفظنا بالقرآن من أفعالنا؟.
قال: لا يقال هذا.
-كتاب شرح اصول اعتقاد اللالكائي

بەهەمان شێوە ئەمەش بابەتێکی فیقهیە لەو بابەتانەی جائیزە قسەی تیا بکرێت، وەك ابن ابي داود لە بەشی (بيع المصاحف) هێناویەتی تەنانەت زانایانی سەلەف خیلافیان هەبووە کە ئایا جائیزە موصحەف بفرۆشرێت یان نا.

❶ بەشێکیان بە ڕەهایی دەڵێن کڕین و فرۆشتنی مصحف جائیز نییە.

وەك ئیمامی ابن عمر و ئیمامی ابراهیم، لە جابرەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: گوێم لە سالم بوو دەیگوت: *ابن عمر کاتێک بەلای کەسێکدا تێپەڕیبا کە قورئانەکانی دەفرۆشت، دەیفەرموو: بازرگانییەکی خراپە.*

عَنْ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ سَالِمًا يَقُولُ: " كَانَ ابْنُ عُمَرَ إِذَا أَتَى عَلَى الَّذِي يَبِيعُ الْمَصَاحِفَ قَالَ: بِئْسَ التِّجَارَةُ
-كتاب المصاحف

موسای کوڕی خەلەف، فەرمووی: پرسیارم لە حەمادی کوڕی ئەبی سولەیمان کرد دەربارەی فرۆشتنی قورئانەکان، ئەویش فەرمووی: «ئیبراهیم کڕین و فرۆشتنی پێ ناخۆش بوو».

قال مُوسَى وَهُوَ ابْنُ خَلَفٍ قَالَ: سَأَلْتُ حَمَّادَ بْنَ أَبِي سُلَيْمَانَ عَنْ بَيْعِ الْمَصَاحِفِ، فَقَالَ: «كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَكْرَهُ بَيْعَهَا وَشِرَاءَهَا»

-كتاب المصاحف

2 بەشێکی تریان پێیان جائیز بووە بکڕدرێت بەڵام نەفرۆشرێت، وەك ئیمامی حسن و سعیدی کوڕی مسیب و ڕیوایەتێك لە ابن عباس لە قتادەوە فەرمووی: سەعیدی کوڕی مسیب و حسن: ڕقیان لە فرۆشتنی موصحەف بووە.

عَنْ قَتَادَةَ، عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، وَالْحَسَنِ، «أَنَّهُمَا كَرِهَا بَيْعَ الْمُصْحَفِ»

-كتاب المصاحف

لە عطائەوە لە ابن عباسەوە، دەربارەی موصحەف فەرموویەتی: بیکڕە بەڵام مەیفرۆشە.

عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ " فِي الْمُصْحَفِ: قَالَ اشْتَرِهَا وَلَا تَبِعْهَا

-كتاب المصاحف

3 هەندێکیان گۆڕینەوەیان پێ جائز بوە وەك ئیمامی ابراهیم

لە موغیرەوە، لە ئیبراهیمەوە: کە ئەو کڕین و فرۆشتنی قورئانەکانی پێ ناخۆش بوو، هەروەها وەرگرتنی کرێ لە بەرامبەر نووسینەوەی، و هیچ کێشەیەکی لە ئاڵوگۆڕکردنیدا نەدەبینی».
عَنْ مُغِيرَةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، «أَنَّهُ كَانَ يَكْرَهُ بَيْعَ الْمَصَاحِفِ وَشِرَاءَهَا، وَأَنْ يُعْطَى عَلَيْهَا لِكَتْبِهَا، وَلَمْ يَرَ بِالْبَدَلِ بَأْسًا»

لە موغیرەوە، لە ئیبراهیمەوە: کە ئەو فرۆشتنی قورئانەکانی پێ ناخۆش بوو، هەروەها وەرگرتنی کرێ لەسەری، و هیچ کێشەیەکی لە ئاڵوگۆڕکردنیدا نەدەبینی».
عَنْ مُغِيرَةَ، عَنْ إِبْرَاهِيمَ، «أَنَّهُ كَانَ يَكْرَهُ بَيْعَ الْمَصَاحِفِ، وَأَنْ يُعْطَى عَلَيْهَا الْأَجْرُ، وَلَا يَرَى بَأْسًا بِالْبَدَلِ»
-كتاب المصاحف

4 بەشێکی تریان کڕین و فرۆشتنیان پێ جائیز بووە وەك ئیمامی حسن، وە ئیمانی شعبی و چەندین زانای تر.

لە حەسەنەوە: هیچی نەدەبینی لە کڕین و فرۆشتنی مصحف (واتا جائز بوو بەلایەوە).
عَنِ الْحَسَنِ، «لَمْ يَرَ بِشِرَائِهَا وَبَيْعِهَا بَأْسًا»
-كتاب المصاحف

لە شعبیەوە فەرموویەتی: سوێند بە خودا ئەوان کتێبی خودا نافرۆشن، بەڵکو تەنها کاغەز و کاری دەستی خۆیان دەفرۆشن.

عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: «إِنَّهُمْ وَاللَّهِ مَا يَبِيعُونَ كِتَابَ اللَّهِ، إِنَّمَا يَبِيعُونَ الْوَرَقَ وَعَمَلَ أَيْدِيهِمْ»

-كتاب المصاحف

لە عیسای کوڕی ابی عزە فەرمووی: شعبی فەرمانی پێ کردم موصحەفێك بفرۆشم.

عَنْ عِيسَى بْنِ أَبِي عَزَّةَ قَالَ: «أَمَرَنِي الشَّعْبِيُّ أَنْ أَبِيعَ مُصْحَفًا»

-كتاب المصاحف

لە جەعفەرەوە، لە باوکییەوە کە فەرموویەتی: کێشە نییە لە کڕینی *قورئانەکاندا، لەوەی کە کرێ لەسەر نووسینەوەیان بدرێت.*

عَنْ جَعْفَرٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: «لَا بَأْسَ بِشِرَاءِ الْمَصَاحِفِ، وَأَنْ يُعْطَى الْأَجْرَ عَلَى كِتَابَتِهَا»

-كتاب المصاحف

جا ابن ابي داود لە ژێر ئەم ناونیشانە دەیان هێنێت:

1 بَيْعُ الْمَصَاحِفِ وَشِرَاؤُهَا.

- [فرۆشتنی موصحەف و کڕینی]

2 استبدال المصحف بالمصحف.

- [گۆڕینەوەی موصحەف بە موصحەف]

3 وَقَدْ رَخَّصَ فِي شِرَاءِ الْمَصَاحِفِ دُونَ بَيْعِهَا.

- [ڕوخسەتیان داوە لە کڕینی موصحەف بێ فرۆشتنی]

4 وَقَدْ رَخَّصَ أَيْضًا فِي بَيْعِ الْمَصَاحِفِ.

- [بەهەمان شێوە ڕوخسەت دراوە لە فرۆشتنی موصحەف]

کە ابن ابي داود لە بابەتە فیقهییەکان باسی دەکات کە ئایە جائیزە بفرۆشرێت یان نا، یاخود کرێی پارەی چی دەدەیت جا بێگومان موصحەف پێک دێت لە کاغەز بێگومان کاغەزیش قیمەتی هەیە.

وە بێگومان بە دەست دەنووسرێتەوە، جا ئەو کەسەی دەینووسێتەوە هەیە داوای کرێی ئیشەکە دەکات.

جا کە ئیمامێکی وەک شعبی دەفەرمووێت: کاغەز و کاری دەستی دەفرۆشرێت، ئەمە قسەیەکی ئاساییە و بابەتێکی فیقهییە، ئیمامی شعبی تێکەڵی نەکردووە بە بابەتی لـەفظ و جیایە لەو بابەتـە و دوو ئەصڵی جیان، هەتا ابن ابی داود لە بابی فیقهی هێناویەتی وەك افعال العباد کە ابو زورعە فەرمووی: مەخلوقە، دواتر ڕێگەی نەدا تێکەڵ بـە قورئان بکرێت.

وە هەروەها کەسێك هاتبێت باسی مەخلوقیەتی کاغەز و حیبری کردبێت بە زندیق دانراوە لای سەلەف.

عفان کوڕی مسلم دەفەرمووێت: گوێم لە سەلام ابا المنذر بوو، کەوا پیاوێك مـوصحەفێکی بۆ هێنا و پێی وت: ئەی ابا منذر چی دەڵێیت: دەربارەی ئـەم ڕەشایەتییە لەو سپیایەتییە، سەلام پێی وت: ئەمە کەلامی اللەیە مەخلوق نییە ئەی زندیق.

عن عفان بن مسلم قال: سمعت سلاما أبا المنذر قارىء أهل البصرة وأتاه رجل بمصحف فقال له: يا أبا المنذر ما تقول في هذا السواد في البياض؟ فقال له سلام: هذا كلام الله غير مخلوق يا زنديق!!

-كتاب مشيخة الكبرى

ئیمامی عبدالله دەفەرموویێت: گوێم له باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لـەفظ، یان جیا له لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مەخلوق بێت: ئـەوە جـەهمییە.

١٦٧ ـ سمعت أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.

-كتاب السنة لعبدالله (١٦٧)

جا ئەمە ئەصڵێکی گرنگە له ئیمامی احمد کەوا کاتێك باسی قورئان کرا تێکەڵ بە مەخلوقیەت کرا ئەوە تەجەهومە.

جائیزە کابرا بڵێت: ئەم موصحەفە جوانە، یان بەرگەکەی جوانە، یان خەتەکەی جوانە، یان ڕەنگی خەتەکەی وایە، یان فڵان کەس نووسیویەتی، یان ئەوەندە لاپەڕەیە، یان بەرگەکەی فڵان ڕەنگە.

ئەمانە هەمووی جائیزە کێشەی نییە تاوەکوو ئەو کاتەی تێکەڵ بە مەخلوقیەت دەکرێت، کاتێك باسی مەخلوقیەت کرا توشی کوفر دەبیت جا إِنْ شَاءَ اللّٰه چەندین بابەتی تر هەیە جائیزە قسەی تیا بکەیت إِنْ شَاءَ اللّٰه باسی دەکەین

٣١. ئەو قسانەی جائزە دەربارەی قورئان بوترێت

❶ جائیزە بڵێیت: فڵان کەس دەنگی خۆشە، فڵان کەس قورئان بە دەنگێکی خۆش دەخوێنێتەوە.

لە بەڕائەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: قورئان بە دەنگەکانتان بڕازێننەوە.

ـ عَنِ الْبَرَاءِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ

-سنن النسائي (١٠١٥)

لە ابو موساوە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ، کە فەرموویەتی: ئەی ابو موسا، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە دەنگە خۆشەکانی بنەماڵەی داودت پێ بەخشراوە.

ـ عَنْ أَبِي مُوسَى، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَنَّهُ قَالَ: " يَا أَبَا مُوسَى، لَقَدْ أُعْطِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ.

-سنن الترمذي (٣٨٥٥)

2 جائیزە بڵێیت: فڵان کەس نووسەری قورئانەکەیە وەک ئیمامی معاویة کە پێی وتراوە: «نووسەری وەحی».

ئیمامی الاجری دەفەرمووێت: معاویە ڕەحمەتی خودای لێبێت نووسەری پێغەمبەری خودا بووە ﷺ بۆ وەحی خودای گەورە کە قورئانە، بە فەرمانی خودای گەورە.

ـ قال الاجري: مُعَاوِيَةُ رَحِمَهُ اللَّهُ كَاتَبُ رَسُول اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى وَحْيِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ الْقُرْآنُ بِأَمْرِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلّ.
-كتاب الشريعة

3 جائیزە بڵێیت: کەسێك الله قورئانی پێ بەخشیوە، واتا حفظی کردووە.

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: "ئیرەیی بردن دروست نییە مەگەر لە دوو کەسدا نەبێت: پیاوێک کە خودا ماڵ و سامانی پێ بەخشیوە و بە درێژایی شەو و ڕۆژ لێی دەبەخشێت، و پیاوێک کە خودا قورئانی پێ بەخشیوە و بە درێژایی شەو و ڕۆژ پێی هەڵدەستێت".

ـ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " لَا حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَهُوَ يُنْفِقُ مِنْهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ الْقُرْآنَ فَهُوَ يَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ.
-سنن الترمذي (١٩٣٦)

4 قورئان لە سینە و دڵ دایە.

الله دەفەرمووێت: «بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ»
واتا: «بەڵکو ئەو قورئانە چەند ئایەتێکی ڕوون و ئاشکراو پارێزراوە لە سینە و دڵی ئەوکەسانەدا زانیارییان پێدراوە لە وەرگرتنی) زۆر بابەت و قسەی تر هەیە کە جائیزە بکرێت تا ئەوکاتەی تێکەڵ بە بابەتی جەهمییەکان نەکرێت و تەفریقە بیدعییەکە نەکرێت و تێکەڵ بە بابەتی مەخلوقیەت نەکرێت.

وەک ئیمامی عبدالله دەفەرمووێت: *گوێم لە باوکم بوو دەیفەرموو: هەر کەسێك ئاماژە بکات بۆ قورئان بە لەفظ، یان جیا لە لەفظ؛ لەو ئاماژەیە مەبەستی مەخلوق بێت: ئەوە جەهمییە.*

١٦٧ ـ **سمعت** أبي يقول: كل من يقصد إلى القرآن بلفظ، أو غير ذلك؛ يريد به مخلوق فهو جهمي.
-كتاب السنة لعبدالله (١٦٧)

ابو حمدان المقري فەرمووی: *کاتێک خەڵک دەستیان کرد بە مشتومڕ لەسەر ئەوەی لەفظ بە قورئان مەخلوقە، و حوسەینی کەرابیسیش فەرمانی بەوە دەرکردبوو، من لە ناوچەی کەرخ قورئانم دەخوێند. پیاوێک هاتە لام و دەستی کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵمدا و دەیوت: "من دەمەوێت بڵێم: لەفظی من بە قورئان دروستکراوە، بەڵام قورئان خۆی دروستکراو نییە*

وتی: منی تووشی گومانەکە کرد، بۆیە لە خودای گەورە پاڕامەوە کە لەمە ڕزگارم بکات. کاتێک شەو داهات، نووستم و لە خەونمدا وام بینی کە لە بیابانێکی فراواندام، خەتەیەکی ڕازاوە دانرابوو و لەسەری شێخێک دانیشتبوو کە هەرگیز کەسێکم نەبینیبوو ڕوخساری لەو جوانتر بێت، یان پۆشاکی لەو پاکتر بێت، یان بۆنی لەو خۆشتر بێت، خەڵکیش لە لای ڕاست و چەپییەوە وەستابوون، لەو کاتەدا ئەو پیاوەی کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردم هێنرا و لەبەردەمیدا ڕاگیرا.

وێنەیەک لە شاری سوسنگردەوە هێنرا و وترا: ئەمە وێنەی مانییە کە خەڵکی گومڕا کرد جا وێنەکە لەسەر پشتە ملی پیاوەکە دانرا.
شێخەکە فەرمووی: "لە ڕووی مانی بدەن مەبەستمان تۆ نییە کە دەمانەوێت لێی دەین.

پیاوەکە وتی: وێنەکە لەسەر ملم لابە و چۆنت پێ خۆشە لێی بدە.

ئینجا شێخەکە فەرمووی: تۆش لەفظي خۆت لە قورئان دووربخەرەوە، و لەبارەی لەفظي خۆتەوە هەرچییەک دەتەوێت بیڵێ.

وتی: ئینجا لە خەو هەستام و ئەو خەم و دڵەڕاوکێیەم نەمابوو.

٦١٤ ـ أخبرنا عبيد الله بن أحمد قال: وجدت في كتاب عبيد الله النحوي قال: حدثني أبو بكر محمد بن علوان المقري قال: ثنا وكيع يعني محمد بن خلف قال: ثنا أبو حمدون المقري قال: لما هاج الناس في اللفظ بالقرآن مخلوق، وأمر حسين الكرابيسي في ذلك، كنت أقرأ بالكرخ، فأتاني رجل فجعل يناظرني ويقول: أنا أريد لفظي مخلوق، والقرآن غير مخلوق

قال: فشككني، فدعوت الله عز وجل الفرج، فلما كان الليل نمت فرأيت كأني في صحراء واسعة فيها سرير عليه نضد فوقه شيخ ما رأيت أحسن وجها منه ولا أنقى ثوبا منه ولا أطيب رائحة، وإذا الناس قيام عن يمينه وعن يساره، إذ جيء بالرجل الذي كان يناظرني فأوقف بين يديه وجيء بصورة في سوسنجرد، فقيل: هذه صورة ماني الذي أضل الناس، فوضعت على قفا الرجل، فقال الشيخ: اضربوا وجه ماني ليس نريدك.

قال: فنح عن قفاي واضرب به كيف شئت. فقال: وأنت فنح لفظك عن القرآن وقل في لفظك ما شئت. قال: فانتبهت وقد سرى عني.

-كتاب شرح اصول اعتقاد (٦١٤)

بۆیە تۆش خوێنەری بەڕێز هەرچی دەڵێی دەربارەی خوێندنەوەی خۆت، نووسینەوەی خۆت، بیستنی خۆت، بینینی خۆت، حفظي خۆت، چی دەڵێی بیڵێ و تێکەڵی قورئانی مەکە. کە وتت خوێندنەوەم لە کاتی قورئان مەخلوقە؛ توشی کوفر دەبیت و خەلقەکەت دەگەڕێتەوە سەر قورئان. بۆیە لە کوێ سەلەف وەستان لەوێ بوەستە و زیاد و کەم مەکە و هانا بۆ کەلام مەبە.

کۆتایی | خاتیمة

لە ڕەواندنەوەی ئاشوبی لەفظییەکان بە فەزڵ و منەتی خودای بەرز و دلۆڤان، کە یارمەتیدەری بەندە بوو لەم کارەدا، توانیمان پەردە لەسەر ڕێبازی لەفظییەکان لابدەین، وە ڕێچکەی سەلەفی صاڵحمان، ڕوونکردەوە و ڕووناکیمان خستە سەر مەنهەجی صەحیحیان دەربارەی ئەم بابەتە.

بە پشتیوانیی بەڵگە قورئانیی و فەرموودەییە صەحیحەکان، هەروەها بە کۆدەنگیی (ئیجماع) زانایانی سەلەفی صاڵح، بنەما درووستەکانمان ڕوونکردەوە لە بەرامبەریشدا، بۆ پووچەڵکردنەوەی گومرایی و تاریکیی گومانەکانی "لەفظییەکان"، هیچ گوتە و بنەمایەکمان لە گوتەکانیان فەرامۆش نەکرد، بەڵکو یەکە یەکە خستمانە بەر شیکردنەوە. وە هەرچی شوبهە و گومانێکیشیان کە خەڵکی گومڕا کردبوو کە بە گوێمان گەیشتبێت، یان بە خەیاڵماندا هاتبێت، بێ ئەوەی لە هیچ ورد و درشتێکیان خۆ ببوێرین، وەڵامی تێر و تەسەل و بنەبڕکەرمان بۆ دانان.

لە پەروەرێن و میهرەبەخش دەپاڕێینەوە کە ئەم کارە تەنها و تەنها لە پێناو ڕەزامەندیی زاتی پیرۆزی خۆیدا لێ وەربگرێت و نییەتمانی بۆ خالص بکات. ان شاء الله ئێمە ئامۆژگارێکی سەلامەتین. داواکارین لەسەر ئەم ڕێبازە پیرۆزەی ئیسلام و سوننەت، دامەزراو و نەگۆڕمان بکات تا ئەو ڕۆژەی پێی دەگەینەوە.

ئومێدەوارین ئەم نامیلکەیە ببێتە مایەی چەسپاندنی دڵی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، وە خودای بێپایان بیکاتە چرایەکی ڕووناککەرەوەش بۆ گەڕانەوەی ئەوانەی ڕێیان لێ وون بووە و لە ڕێبازی دروست لایانداوە، تا بە یارمەتیی خودا بگەڕێنەوە باوەشی ئیسلام و سوننەتی ڕاستەقینە.

الحمد لله

ئێمە لە پلاتفۆڕمی تەلەگرام

@tawhed1232

پێڕست

پێشەکی ٢
ئەصڵی یەکەم: دین بریتیە لە ئاثار ٩
ئەصڵی دووەم: قسە نەکردن لەوەی سەلەف قسەیان نەکردووە ١٤
ئەصڵی سێیەم: دوو ئەصڵی جیا قیاس ناکرێنە سەر یەکتر ١٦
پوختەی ئەم سێ ئەصڵە ١٩
ئەصڵێکی دیکە: باسکردنی مەخلوقیەت لە قورئان جەهمیەتە ٢٠
بیروباوەڕی ئەهلی سونە و کۆدەنگی زانایانی سەلەف لە بارەی قورئان و لەفظ ٢٣
لەفظییەکان کێن؟ ٢٦
ئیثبات کردنی جیهەت بۆ قورئان ٢٧
داهێنانی بیدعەی لەفظ ٣١
ئاثار و ئیجماعی سەلەف بۆ ئەو کەسەی بڵێت: لەفظم بە قورئان مەخلوقە جەهمییە ٣٥
حوکمی ئەو کەسەی دەڵێت: قورئان کەلامی اللەیە مەخلوق نییە، بەڵام خوێندنەوەی ئێمە مەخلوقە ٤٠
بیدعەی وتەی (اللفظ غیر ملفوظ) یان (القراءة غیر المقروء) ٤٨
أفعال العباد و بابەتی لەفظ ٥٢
شێواندن و خیانەتی لەفظییەکان بۆ بەڵگەکان ٥٨
هەڵوەشاندنەوەی گومانی یەکەم: ئیستیدالل کردن بە ئەثەری مونکەر ٦٦
هەڵوەشاندنەوەی گومانی دووەمی لەفظییەکان: ئەثەرەکەی سوننەی خلال ٧٩
هەڵوەشاندنەوەی گومانی سێیەمی لەفظییەکان ٨٣
هەڵوەشاندنەوەی گومانی چوارەمی لەفظییەکان ٨٦
هەڵوەشاندنەوەی گومانی پێنجەمی لەفظییەکان ٩٥
هەڵوەشاندنەوەی گومانی شەشەمی لەفظییەکان ٩٨
هەڵوەشاندنەوەی گومانی حەوتەمی لەفظییەکان ١٠٤
هەڵوەشاندنەوەی گومانی هەشتەمی لەفظییەکان ١١٠
هەڵوەشاندنەوەی گومانی نۆیەمی لەفظییەکان ١١٥
کەسێک بڵێ لەفظم بە قورئان مەخلوقە بەڵام مەبەستم قورئان نییە ١٢٨
ناوتریت: نوێژ مەخلوقە، زەکات مەخلوقە، حەج مەخلوق ١٣٣
ئەو کەسانەی دەڵێن جوڵەی ئێمە لە کاتی خوێندنەوەی قورئان مەخلوقە، یان دەڵێن لە کاتی نوێژ مەخلوقە .. ١٣٥
هەڵوەشاندنەوەی گومانی دەیەمی لەفظییەکان ١٤١
هەڵوەشاندنەوەی گومانی یازدەیەمی لەفظییەکان ١٥٠
هەڵوەشاندنەوەی گومانی دوازدەی لەفظییەکان ١٥٦
هەڵوەشاندنەوەی گومانی سێزدەی لەفظییەکان ١٥٩
هەڵوەشاندنەوەی گومانی چواردەی لەفظییەکان ١٦٤
ئەو قسانەی جائزە دەربارەی قورئان بوترێت ١٧٢
کۆتایی | خاتیمة ١٧٧